وەزارەتی پەروەردە

کۆنگرەی پەروەردەیی

المؤتمر التربوي

Educational Conference

# راسپاردەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی

## ستراتیژی وەزارەتی پەروەردە بۆ داهاتوو

هەولێر ٢٠١٥/٥/١١ - ٩

Ministry of Education

کۆنگرەی پەروەردەیی

المؤتمر التربوي

Educational Conference

# Recommendation of Educational Conference

## Ministry of Education Strategy for the Future

Erbil - 2015/ 5 / 11 for 9

وەزارەتی پەروەردە

کۆنگرەی پەروەردەیی
المؤتمر التربوي
Educational Conference

# ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی

## ستراتیژی وەزارەتی پەروەردە بۆ داهاتوو

٩ - ٢٠١٥/٥/١١ هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن.وەزارەتی پەروەردە
هەولێر - ٢٠١٥

**ئامادەکاران:**
سەرپەرشتیاری تەوەرەکان ئامانج خزر حەسەن
.شێرزاد سابر محەمەد     شۆڕش غەفووری
ڕێکان کەمال جەرجیس
دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك: ئەبوبەکر مەلا عەبدوڵڵا

| بـــابـــەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| فەلسەفەو و ستراتیژی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان | ٥ |
| ڕاسپاردەکانی کۆنگرە | ١١ |
| تەوەری یەکەم: توێژینەوەی پەروەردەیی | ١٣ |
| تەوەری دووەم: ڕاهێنان | ٢٧ |
| تەوەری سێیەم: سەرپەشتیاری | ٣٥ |
| تەوەری چوارەم: بەڕێوەبردن | ٥١ |
| تەوەری پێنجەم: قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان | ٦٣ |
| تەوەری شەشەم: تاقیکردنەوەکان و سیستەمی پەروەردە و پرۆگرام | ٧٣ |
| پرۆژەی بە ئینگلیزیکردنی بابەتەکانی بیرکاری و زانستە گشتییەکان | ٨١ |
| پرۆژە و پلان و باری ئێستای کۆلێژەکانی بەهرەداران | ٨٥ |
| پرۆسەی پەرەپێدانی منداڵیی پێشوەختە | ٨٧ |
| هەڵمەتی نیشتمانی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان | ٨٩ |
| موڵکی گشتی وەزارەتی پەروەردە | ٩١ |
| دابینکردن و دامەزراندنی چاپخانە بۆ وەزارەتی پەروەردە | ٩٢ |
| پرۆژە و پلانی وەزارەت بۆ ڕاگەیاندن | ٩٣ |
| پەروەردەی تایبەت لە وەزارەتی پەروەردە | ٩٧ |
| پلانی وەزارەتی پەروەردە بۆ خوێندنی ئایینی | ١٠٠ |
| الفلسفة و استراتيجية التربية في اقليم كوردستان | ١٠٢ |
| Education philosophy and strategy in Kurdistan region of Iraq | ١١٢ |

# فەلسەفە و ستراتیژی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان

## گۆڕانکاری لە ژیان لە ڕێگەی پەروەردەوە دەکرێت و پەروەردە ئایندەیە

وەزارەتی پەروەردە وەک گەورەترین وەزارەت لە هەرێمی کوردستان  کە پەیوەندی بە تاک بە تاکی هەرێمەکەمانەوە هەیە، ڕوئیا و دونیابینی و فەلسەفە و ستراتیژی تایبەتی خۆی هەیە بۆ پەروەردە و فێرکردن و سەرەڕای ئەوەی کە هەنگاوەکانمان تەواوکارن بۆ ڕابردوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا فەلسەفە و بەرنامەی ئێمە بۆ ئایندە بریتی دەبێت لە:

- خوێندن لە گشت قۆناغەکاندا، فێربوون و پەرەپێدانی زانست و بەهاکانە و قوتابخانە گەشەی قوتابیانی مەبەستە تا ئارەزوو و بەهرەی فێرخواز گەشە بکات.
- ئامانجی سیستەمی فێرکاری و بنەما فەلسەفییەکەی، بریتییە لە هاوکاری منداڵان و قوتابی بۆ بەدەستهێنانی زانست و بەهابنەماییە مرۆڤایەتییەکان وەك بەهاگەلی دیموکراتی و ئاشتیخوازی و پیرۆزی ژیان و یەکسانی نێوان ڕەگەزەکان و جۆرەکانی سەربەستی تاکایەتی و یارمەتی ئەوانەی یارمەتیان پێویستە، پێکەوەژیان و مافی مرۆڤ و ژینگەپارێزی و دژایەتیکردنی فیکرەی توندڕەوی.
- قوتابخانە دەبێت کار بکات بۆ پاڵپشتی و پەرەپێدانی بەرهەمەکانی قوتابی بۆ بەهێزکردنی کەسایەتییەکانیان تا ببینە هاووڵاتییەکی داهێنەر و بە توانا و چالاك و مرۆڤێکی خاوەن دەنگ ورەنگی خۆی.
- وەزارەتی پەروەردە هەوڵی خۆی دەدات بۆ بەستنەوەی خوێندن و بازاڕ و ئەمەش لە ڕێگەی پێگەیاندنی کەسی بەتوانا دەبێت تا بەشدار بین لە بازاڕی کارو پێشخستنی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەیش وەزارەت ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیرانی وەرگرتووە بۆ دروستکردنی زیاتر لە (٣) کۆمەڵگەی پیشەیی هاوچەرخ کە هەریەکەیان ساڵانە دەتوانن نزیکەی (٥٠٠٠) قوتابی لە خۆ بگرن و سیستەمی خوێندنی پیشەیی کە لە لایەن یونیسێفەوە سەرپەرشتی کراوە و ژمارەیەك وەزارەت بەشدار بوون، ئەم

هەوڵەیش خراوەتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ ڕەزامەندی دەربڕین لە سەری.
. پرۆسەی خوێندن بۆ پێگەیاندنی قوتابییە و لای ئێمە تەوەری سەرەکی هەر قوتابییە و دواتر پرۆسەی فێرکاری دێت لەگەڵ ئەو بنەماییە کە لە یاسای نوێی خوێندنی وەزارەتی پەروەردەدا خوێندن هاتووە.
. گرنگیدان بە مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایان بە گرنگییەوە لێی دەڕوانین و ڕێکخستنی میلاك و بوونی یەکسانی لە بەشەوانەی مامۆستایان، پلانی بەردەوامی ئێمەیە و لەمساڵدا هەوڵی جێبەجێکردنیمان دا و بەردەوامیش دەبین تا یەکسانی و دادپەروەری لەم بوارەدا تەواو جێگیر بێت.
. لە سیستەمی ئێمەدا، کچ و کوڕ یەکسانن لە هەموو ماف و ئەرکێکدا و هیچ جۆرە سەرکوتکردن و سزایەکی فیزیکی و دەروونی لە ناو سیستەمی وەزارەتی پەروەردە لە کوردستاندا ڕێگەی پێ نادرێت و لە کاتی شتی وەهادا قوتابخانە بەرپرسیارە. پێویستە کار بۆ کۆمەڵگەیەکی یەکسان و مەدەنی تەندروست و فرەڕەهەند بکرێت تا لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهانگیری و سەردەم بگونجێت. خەڵکی کوردستان مێژووییەکی پڕ لە سەروەریی هەیە و زوڵم و زۆرداری زۆریان بینیوە، سەرەڕای کارەساتە مەزنەکانی وەک کیمیاباران و ئەنفال و جینۆساید، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتووەتە سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسین . وەك مافێکی یاسایی نێودەوڵەتی و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ، کە بێگومان زۆر بنەمای یاسایی و مێژوویی و سیاسیی ڕێگە بە هەرێمی کوردستان دەدات بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و ئەم پرۆسە مەزنەیش پێویستی بە ڕۆحیەتێکی نیشتمانپەروەری و دڵسۆزی بۆ خاک و کوردستان هەیە، بۆیە سیستەمی ئێمە هەوڵی پەروەردەکردنی نەوەیەکی بڕوابەخۆ و دیموکرات و دڵسۆز بۆ گەل و نیشتمانەکەی دەدات.

خوێندن بۆ هەمووانە بێ جیاوازی. وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی خوێندن بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دابین دەکات و لێشی بەرپرسە. هەموو منداڵێک لە تەمەنی (٦)ساڵییەوە بێ ڕەچاوکردنی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری وسیاسی و ڕەگەز و ئایین و توانا، ڕێگەی بۆ خۆش دەکرێت تا بخوێنێت و ئەم خوێندنەیش بێ بەرانبەرە لە قوتابخانەو پەیمانگا حکومییەکان و هەر لەم چوارچێوەیەیشدا بووە کە وەزارەتی پەروەردە هاوکاری ئاوارە و ئەو کەسانەی کردووە کە ڕوویان کردووەتە هەرێمی کوردستان و بە هاوڕا لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانی و ناوخۆییەکان ڕێگەی بۆ ئەوە

خۆش کردووە ئەوانیش بێبەش نەبن لە خوێندن. ئەمە لە ڕاستای ئەو فەلسەفەدایە کە حکومەتی هەرێم گرتوویەتییە بەر بۆ نەبوونی جیاوازی تاکایەتی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان. خوێندن و ڕێگاکانی وانەگوتنەوە دەبێت بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە بێت کە ببێتە مایەی شادی و سوود بۆ قوتابیان و ئەرکی قوتابخانەیش بە تایبەت بەڕێوەبەر و دەستەی کارگێڕییە کە وەك یەکەیەك ئەرکی زانستی و کارگێڕی و هونەرییەکان باش هەڵبسوڕێنن و بەرپرسانە بۆ هاوکاریکردنی قوتابی و دەستکەوتنی زانست و ئامادەکردنی بۆ ژیانی گەورەساڵی تا هەست بە بەرپرسیارێتی بکات و ڕۆڵی کاریگەریی لە کۆمەڵگەدا هەبێت، چونکە قوتابخانە دەزگایەکی گرنگی بیرکردنەوەو داهێنان و دەستپێشخەرییە بۆ قوتابی.

لەبەر ئەوەی زۆربەی قوتابیانی نێو پرۆسەی فێرکردن لە هەرێمی کوردستان بە منداڵ دادەنرێت، و لە خوار تەمەنی هەژدە ساڵیدان، بۆیە ڕێگەپێدان بە بیرکردنەوەی سەربەست و ژیرانە و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی لەم تەمەنەدا بۆ ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە زۆر گرنگە، و دەبێت قوتابخانەو کۆمەڵگە (بەتایبەتی دایک و باوکان) پەیوەندی بەهێز و بەردەوامیان لەگەڵ یەکتری هەبێت، بۆ لایەنی پەروەردەیی و زانستی قوتابخانە و ماڵ، ناتوانن بە بێ یەکتر بەرەو بە پرۆسەکە بدەن. بەڕێوەبەر و مامۆستا ئەکتەری چالاک و کاریگەر دەبن بۆ سەرکەوتنی ئەم ئامانجانە، سەرەڕای ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی و کارمەندی تەندروستی بۆ ئاسانکاری و چارەسەری گرفتەکان. ئەمانە هەمووی وامان لێ دەکەن ئەوەی هەیە بەهێزتری بکەین و گۆڕانکاری و چاکسازی تێدا بکەین.

. ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەک (بە پێی یاسا نوێیەکانی وەزارەتی پەروەردە) بە سوودوەرگرتن لە پرۆژە یاساکانی پێشوو بۆ ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٥ لە پەرلەمانی کوردستان بە هاوکاری لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا کە هاوکارمانن، تەواو بکەین.

. تەرشیقکردنی بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەکانی سنووری وەزارەتی پەروەردە و ڕێکخستنی میلاک و کاتەکانی دەوام بە ڕاهێنانی مامۆستا بە سیستەم بکرێت، دەزگا و کارەکانی سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی چالاکتر و سەربەخۆتر بکرێت، سیستەمی ئەزموونەکان لە هەڵسەنگاندن بە گشتی (شێوازی تاقیکردنەوە و نمرەدانان) بە تایبەتی برەوی پێ بدرێت و ڕێک بخرێت کە ئاستی زانستی و ئاستی قوتابی بە دەر کەوێت و دوودڵی لای قوتابی دروست نەبێت.

. هەروەها پرۆگرامەکان وەك بنەما و ڕەگەزێکی سەرەکی پەروەردە و فێرکردن گرنگی و

تایبەتمەندی خۆی هەیە، گفتوگۆی زۆر لەسەر دەکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پرۆگرام ڕەنگدانەوەی دید و فەلسەفە و کلتوور و خواست و پێداویستییەکانی ئەو کۆمەڵگایەیە بە(بیر و مەعریفە)، بۆیە دەبێت چوارچێوەیەکی نیشتیمانی بۆ دابنرێت و ڕێك بخرێت بە باشترین شێوە و وەزارەت نەخشەڕێگای داناوە تا لە کوردستان کتێبەکانی چاپ بکات و سەرجەم پرۆگرامەکانی خوێندن بە ئەلیکترۆنی دەکرێت و لە ماڵپەڕی فەرمی وەزارەت دادەبەزرێنرێت تا بە ئاسانی بکەوێتە بەردەستی قوتابیانی کوردستان.

. ئێمە لە ڕێگەی پرۆسەی یاساییەوە لە داهاتوویەکی نێزیکدا ڕایدەگەیەنین کە لەگەڵ کەرتی تایبەت چاپخانەیەکی پێشکەوتوو بهێنرێتە کوردستان، ئەمەیش لەو سۆنگەیەوە دەبێت کە ئێمە بە وردی کارمان لەسەر چاپ و کەمکردنەوەی بەهاکان کردووە، وەک چۆن پێشتر تێچووی چاپی کتێب نزیکەی (٥٠) ملیۆن دۆلار بوو، بەڵام ئێستا (٩ بۆ ١١) ملیۆن دۆلارە.

. کەرتی تایبەت گرنگی پێ دەدرێت، بەڵام بەشێوەیەك کە ڕێنمایی و مەرجی نوێ بۆ ئەم مەبەستە لە ڕووی باڵەخانەو کواڵیتی خوێندن و ئاستی مامۆستایان و.. لەبەرچاو بگیردرێت، نابێت تەنها مەبەست قازانج بێت.

. توێژینەوەی زانستی و دروستکردنی ئەم کەلتورە و بە یاساکردن و داهێنانی پەروەردە و پێکەوە بەستانەوەیان، گرنگیدان بە کتێبخانە وەك سەرچاوەی دێرینی زانیاری و دامەزراندنی کەناڵی پەروەردەیی تا بتوانین پەیامی زانستی و کارگێڕی بگەیێنینە کۆمەڵگەکەمان بە گشتی و مامۆستایان و قوتابیان بەتایبەتی.

. زمانی شیرینی کوردی دەبێت وەك ناسنامەی نەتەوەیی کوردستان بێت، بە شێوەیەکی زانستیانە گرنگی و برەوی پێ بدرێت لە خوێندندا. بۆ ئەم مەبەستەیش لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی لیژنەیەك لە خەڵکی شارەزا پێك دەهێنین تا پێداچوونەوە بە نووسینی کوردی و ڕێنووسەکەی بکەین و بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دروست دەکەین و ئەمەیش بەرپرسیارێتی مێژوویی گەورەیە لەسەر شانمان بەرامبەر بە نەتەوەکانمان و لە ماوەیەکی کەمدا پێداچوونەوە و دارشتنەوە بە پرۆگرامەکانی کۆمەڵایەتی بەتایبەت (مێژوو) دەکەین تا قوتابیانی کوردستان لە مێژووی کۆن و هاوچەرخ و شارستانیەتی کورد و نەتەوە و ناوچەکانی تری گەلان وەک بەشێکی زیندوو ئاسنا بن.

. سەرەڕای ئەوەی ئێمە گرنگیمان بە هەموو زمانەکانی تری پێکهاتە هەمەڕەنگە جوانەکەی کوردستان داوە کە وڵاتی هەمووانە، ئەم پێکەوەژیانەی ئەمڕۆ لە هەرێم

هەیە وەك (پەناگەیەکی ئارام) بۆ هەمووان بۆتە جێگای سەرنجی هەموو وڵاتانی دونیا، یەکێك لە هۆکارەکانی پاڵپشتی و هاوپەیمانی بۆ کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆرستان، ئەم پێکەوەژیانە و لێبوردەیەی هەرێمی کوردستان بوو. هەر بۆیەیش ئێمە گرنگیمان بە خوێندنی سریانی و تورکمانی و عەرەبی داوە، پڕۆگرامەکانی ئێمە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکمانی، سریانی، چاپ دەکرێت، سەرەڕای بوونی چەندین قوتابخانەی (هاوبەشی ئینتەرناشناڵ ـ ppp).

ـ لەبەر ئەوەی زمانی ئینگلیزی زمانێکی جیهانیی و زانستی و (IT)یە، هەر بۆیە وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەم ساڵی خوێندن (٩٠) مامۆستای بۆ ماوەی (٦) مانگ لە زانکۆی سابیس و ژمارەیەکی تری مامۆستا لە ڕێگەی زانکۆ و پەیمانگەکانی ڕاهێنانەوە ڕاهێناوە تا بۆ ساڵی خوێندن ٢٠١٥ ـ ٢٠١٦ (٢٥٪ بۆ ٣٠٪) پۆلە یەکەمە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەکانی هەرێم هەردوو پرۆگرامی زانستەکان و بیرکارییان بکرێتە زمانی ئینگلیزی و لە ساڵی (٢٠١٦ ـ ٢٠١٧) هەوڵ دەدەین ئەم ڕێژەیە بەرزتر بکەینەوە بۆ (٥٠٪ بۆ ٧٠٪) و بەم پلانەیش لە چەندین ساڵی داهاتوودا ئەم پرۆژە ستراتیژییە دەچێتە ئاستێکی بەرز و بەرفراوان، سەرەڕای ئەوەی کە بۆ ئەمساڵی خوێندن هەوڵ دەدەین سەرجەم باخچەکانی منداڵان لە هەرێمی کوردستان ئەم دوو بابەتە تیایاندا ببێتە ئینگلیزی.

ـ بڕیاری حکومەتی هەرێم بە گواستنەوەی قوتابخانە ئاینییەکان بۆ سەر وەزارەتی پەروەردە، بڕیارێکی دروستە. بڕیار وایە پێکهێنانی بۆردێکی ڕاوێژکاری لە (یەکێتی زانایان، کۆلێژی شریعە، کۆڕبەندی هزری ئیسلامی، وەزارەتی ئەوقاف)، تا پێداچوونەوە بە پڕۆگرامەکان بکرێت و سەرەڕای گرنگیدان بە زانستی شەرعی و ئاینی و زانستەکانی تر گرنگی پێ بدرێت، تا قوتابیانی قوتابخانە ئاینییەکان چەکدار بکرێن بە زانستی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و شارەزاییان لە ئاینەکانی تر و زانستەکانی تر هەبێت.

ـ هەوڵ دەدەین یاسای تایبەت بە خاوەن بڕوانامەکانی (دکتۆرا) لە سنووری وەزارەتی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان جێبەجێ و پەسەند بکرێت و لە ڕووی زانستی و کارگێڕی و داراییەوە هەمان ئیمتیازیان لەگەڵ هاوبڕوانامەکانیان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا هەبێت.

ـ بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی یونیسێف و یونیسکۆ سەنتەری پەرەپێدانی پەروەردەیی دروست دەکرێت بۆ توێژینەوە و پەرەپێدان و پێشخستنی بوارە جیاجیاکانی پەروەردەی و لە یاسای نوێی وەزارەت جێگیری دەکەین.

. وەزارەت بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت کە لە ڕووی شوێنی خوێندن و لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە هاوکاری تەواوی منداڵانی شەهیدە قارەمانەکانی شەڕی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرستانی داعش بکات.

هەموو ئەم بەرنامە و کارو پرۆژانە، پێویستیان بە کات هەیە، بەڵام دەستپێکردنی گرنگە و ئەوەی وامان لێ دەکات کە هەندێ جار کۆسپ دروست بکرێت بۆ جێبەجێکردنی بەشێك لەمانە، ژێرخانی پەروەردەیی و پێداویستی فێرکارییە، بەتایبەت ئەوەی کە خۆمان دەزگاییانەی جەختی لەسەر دەکەینەوە کە ژینگەی قوتابخانەکان بە تایبەتی لە ڕووی، تاقیگە، هۆڵ، گۆڕەپانی وەرزش، هونەر، کەمکوڕی زۆری تێدایە، ئەگەر چی حکومەتی هەرێم دریغی نەکردووە لە دروستکردنی باڵەخانە، بەڵام بۆ (١٠) ساڵی تر لە ئێستاوە پێویستمان بە زیاتر لە (٢٠٠٠) باڵەخانەی نوێ هەیە.

. هەڵمەتی نیشتیمانی دروستکردنی باڵەخانە لە لایەن خەڵکی خێرخواز دەستی پێ کردووە ئەگەر چی لاوازیشە، بەڵام ڕێکخستن و بەیاساییکردنی لە بواری جێبەجێکردندایە، بە تایبەتی لە کۆبوونەوەی بۆردی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە نیسانی ٢٠١٥ پێشنیارەکانی وەزارەتی پەروەردە لەم بوارەدا لە لایەن بەرێز سەرۆکی حکومەت و ئەندامانی ئەم بۆردە پەسند کران. هەروەها هەمان کۆبوونەوە پەسندی ژمارەیەك پێشنیاری وەزارەتەکەمانی کرد وەک بەهێزکردن و کردنەوەی پەیمانگەکانی ڕاهێنان و گەشەپێدان، هەروەها بەم نێزیکانە دەست بە هەڵمەتی نیشتمانی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان دەکەین و دڵنیاین خەڵکێکی زۆر هەیە کە ئامادەیە هاوکاری کەرتی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان بکات بۆ نۆژەنکردنەوە و بۆ ئەم مەبەستەیش ڕێنمایی تایبەت دەردەچێت.

د. پشتیوان سادق

وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# ڕاسپاردەکانی
# کۆنگرەی پەروەردەیی

یەکەم:

# تەوەری توێژینەوەی پەروەردەیی

## پێشەکی:

توێژینەوە لە بواری پەروەردەدا بە بەردی بناغەی پێشخستنی سیستمی پەروەردە دادەنرێت. بۆ هەر گۆڕانکارییەک لەم بوارەدا، پێویستە پشت بە کۆمەڵێک توێژینەوەی چڕوپڕ ببەسترێت، کە گشت لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی تێدا ڕوون کرابێتەوە. توێژینەوە بەرچاوڕوونییەک دەدەن بە کارمەندان و بەرپرسانی پەروەردە بۆ بڕیاردانی ڕاست و دروست، تاکو لە ئاییندەدا سیستەمێکی پەروەردەیی گونجاو دابمەزرێنرێت بۆ خستنەڕووی ئەو کێشانەی لەبواری پەروەردەدا هەن بۆ ئەوەی تەواوی زانیاری و داتاکانی تایبەت بەو کێشانە کۆبکرێنەوە، هەروەها لەلایەن توێژەرانەوە شیکردنەوەو لێکدانەوەی تیۆری ومەیدانییان بۆدەکرێت و ڕەهەندەکانیان دەخرێنەڕوو وکۆمەڵێک یاساو ڕێسا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێشنیاز دەکرێن، کە دواتر دەبنە بناغەیەک بۆ ئەوەی سیستەمی پەروەردەیی لە کەشێکی زانستی و ئەکادیمی بەڕێوە بچێت. ئەم ئەزمونە دەبێتە بنەمایەکی زانستی کە وەزارەتی پەروەردە پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنە ئەکادیمی و زانستییەکانی دیکە دابڕێژێت، بەتایبەتی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمیای کوردی و وەزارەتی ڕۆشنبیری. بۆ ئەم مەبەستەش وا پێویست دەکات کە سەنتەرێکی تایبەت بە توێژینەوە لە بواری پەروەردە لە دیوانی وەزارەت دابمەزرێنرێت.

## پێناسەی سەنتەر:

سەنتەرێکی تایبەتمەندە بە توێژینەوەکردن لە بواری پەروەردە و زانست و دەستنیشانکردنی کێشەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆیان، هەروەها بەشداری دەکات لە دارشتنی فەلسەفە و پلانی پەروەردەی گونجاو و پێشکەوتوو.

## ئامانجەکان:

- پەرەپێدانی توانا زانستییەکانی مامۆستا و سەرپەرشتیاران و کارمەندانی سەرجەم دەزگەکانی پەروەردە.
- پەرەپێدانی توانستی قوتابی و خوێندکار و سەرجەم سەرچاوە مرۆییەکان لە وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەوەی لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەم بگونجێت.
- دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی سیستەمی پەروەردە و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان و برەودان بە لایەنە ئەرێنییەکانیان.
- پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی، هونەری، کارگێڕی و وەرزشی بۆ هەموو ئەو بابەتانەی پشت بە توێژینەوەی زانستی دەبەستن لە یەکە کارگێڕی و زانستییەکانی ناو وەزارەت و دەرەوەی وەزارەت.
- دانان و وەرگێڕانی کتێبی زانستی و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی لە بوارە جیاجیاکاندا لە پێناو پەرەپێدان و پێشخستنی زیاتری زانست.

# پێکهاتەی سەنتەری توێژینەوەی پەروەردەیی

## بەڕێوەبەر

بەڕێوەبەر: دەبێت بڕوانامەی باڵا،(ماستەر یا دکتۆرا)ی لە بواری پەروەردە هەبێت و زیاتر لە ١٠ ساڵ ئەزمونی لەو بوارەدا هەبێت.

١. **دەستەی ڕاوێژکاران**: پێکدێت لە(٧ -٩) کەس، کە بڕوانامەیان لە بەکالۆریۆس بەسەرەوە بێت و ئەزمونیان لە بواری پەروەردەدا لە (٢٠) ساڵ کەمتر نەبێت، ئەرکیان هەڵسەنگاندنی کارەکانی سەنتەری توێژینەوە و پێشکەشکردنی ڕاوێژ دەبێت.

٢. **بەشی کارگێڕی و دارایی**: ئەم بەشە بەرپرسێکی دەبێت کە خاوەن ئەزمون بێت

لـە بـواری کارگێـڕی و دارایی، لەگەڵ چەند فەرمانبەرێـک کە کار و ئەرکەکانیان بە پێی ڕێنمایی ڕێک دەخرێت.

**٣. بەشی توێژینەوە:** پێک دێت لە:

**هۆبەی توێژینەوە:** توێژینەوە لە بواری پەروەردەدا دەکات.

**هۆبەی وەرگێڕان:** لە لایەن دەسـتەیەکی شـارەزاوە بەڕێوە دەبردرێت، کە پسـپۆڕ بن لە وەرگێڕان.

**هۆبەی گۆڤار:** لە لایەن دەستەیەکی شارەزا بەڕێوە دەبرێت و دوو گۆڤار دەردەکات:

* **گۆڤـاری ئەکادیمی:**(دواتـر ناوەکـەی دەسـت نیشـان دەکرێـت)، گۆڤارێکـی زانسـتی ئەکادیمییـە، بـە پێـی ڕێنمایـی وەزارەتـی خوێندنی باڵا، کـە تایبەتە بـە دەرکرنی گۆڤارە زانسـتییە باوەڕپێکراوەکان لە زانکۆکاندا مۆڵەتی پێ دەدرێت و دەسـتە و کاروبارەکانی ڕێک دەخرێت.

* **گۆڤاری پەروەرد و فێرکردن:** گۆڤارێکی گشتیی وەزارەتی پەروەردەییە.

**٤. بانکی زانیاری:** ئەم بانکە لە سێ هۆبە پێک دێت:

* **ماڵپەڕ:** کەسێکی شارەزا بەڕێوەی دەبات.

* **کتێبخانە:** کتێبی ئەلیکترۆنی و کاغەز لەخۆ دەگرێت، سەرجەم زانیاری و بەڵگەنامەکان دەپارێزێت و لە کاتی پێویستدا دەخرێتە بەر دەستی لێکۆڵەران.

* **سیستمی زانیاری**

## ڕاسپاردە و پێشنیازەکان:

١. لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و یەکەکانی پلاندانان لە بەڕێوەبەرایەتی گشـتی پـەروەردەی پارێزگەکانـدا بـە نووسـراوی فەرمـی هەر سـاڵێک دووجـار داوا لە مامۆستایان و بەڕێوەبەران و سەرپەرشتیاران دەکرێت، ئەو کێشەو گرفتانەی لە پرۆسەی پەروەردەدا کە لەو ساڵەی خوێندندا ڕووبەڕوویان دەبنەوە بنووسرێنەوە و ڕا و سەرنج و پێشنیازەکانی خۆیان لەم بارەوە بخەنەڕوو، بە نووسراوی فەرمی بۆ یەکەکانی پلاندانان بەرز بکرێنەوە و لەوێشەوە بۆ(سەنتەری توێژینەوەی پەروەردەیی) بنێردرێن.

٢. لە کۆتایی هەر سـاڵێکی خوێندندا سـەنتەری توێژینەوەی پەروەردەیی وۆرکشـۆپێک

ساز دەکات و تێیدا تەواوی کێشە و گرفتەکان، کە لە پەروەردەکانەوە بۆیان بەرز کراونەتەوە دەخرێنەڕوو و پۆلێن دەکرێن و گفتوگۆی پێویستیان لەسەر دەکرێت و بەپێی گرنگی و پێویستی هەنوکەیی بابەتەکان ڕیزبەند دەکرێن و کاریان لەسەر دەکرێت.

٣. سودوەرگرتن لە تواناو لێهاتوویی ئەو مامۆستایانەی لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردەن، توێژینەوە لە بواری پەروەردەدا دەکەن، چونکە ئەوانە لەناو چەقی پرۆسەی پەروەردەدان و لە نزیکەوە بە کێشەو گرفتەکانی ئاشنان. دەبێت لە ڕووی ماددی و واتایی(مەعنەوی) هان بدرێن و ڕێنمایی تایبەت لەم بارەیەوە دەربکرێت. هەروەها پێویستە خاوەن بڕوانامەی باڵا بەردەوام توێژینەوەی وەرزی بکەن.

٤. ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەی توێژینەوە پەروەردەییەکان لە لایەن وەزارەتی پەروەردە کاری لەسەر دەکرێت و ئەوانەی ڕەزامەندیان لەسەر درا بە نووسراوی فەرمی ئاراستەی دامودەزگەکان دەکرێن بە مەبەستی جێبەجێکردنیان.

٥. گۆڕانکاری و چاکسازی لە بواری پەروەردەو کارگێڕیدا پشت بە توێژینەوەکان دەبەستێت.

٦. ئەم فەرمانگەیە دەکرێتە سەنتەرێکی سەربەخۆ بە ناوی (سەنتەری توێژینەوەی پەروەردەیی) کە ڕاستەوخۆ سەر بە وەزیر دەبێت.

٧. ڕەخساندنی دەرفەت و هاندان بۆ خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دبلۆم بۆ ئەوەی توێژینەوە بکەن و لە گۆڤاری پەروەردە و فێرکردندا بڵاو بکرێنەوە، دواتر ڕێنمایی تایبەت لەبارەی سەرموچەو بەرزکردنەوەی دەردەکرێت.

٨. لە دانانی پلەی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزاکان و سەرپەرشتیارانی یەکەم و سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری قوتابخانە و خوێندنگە بنەڕەتی و ئامادەییەکان هەلی ئەو مامۆستایانەی توێژینەوە لە پەروەردەدا دەکەن، لەبەرچاو بگیردرێت.

٩. بێجگە لەو فەرمانگەیە لە دیوانی وەزارەت، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان بەشێک بۆ ئەم مەبەستە و لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان هۆبەیەکی تایبەت بە هەمان ناونیشان هەبێت.

١٠. دانانی دەستەیەکی تایبەت بە وەرگێڕان لە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی... هتد) لە بەشی توێژینەوەی پەروەردەییدا.

١١. ئەنجامی توێژینەوەکان بکرێتە ڕاپۆرت و لە کاتی دەرکردنی بڕیارەکان، وەزارەتی پەروەردە پشتیان پێ ببەستێت.

١٢. هاندانی توێژەران و گرنگیدان بە توێژینەوە زانستییەکان، لە ڕێگەی کەناڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندنی وەزارەت و میدیاکان بە گشتی و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکانیان.
١٣. دەرکردنی سیستەم و ڕێنمایی تایبەت بەسەنتەری توێژینەوەی پەروەردەیی.
١٤. دووساڵ جارێک کۆنفرانسی تایبەت بە توێژینەوە لە بواری پەروەردەدا ئەنجام بدرێت.

## ڕاسپاردە دەربارەی چەندین لایەنی دیکەی پەروەردە

### یەکەم: پەروەردەی تایبەت

• دانانی سیستەم و کارنامەیەک بۆ بەڕێوەبردنی ئەرک و کارەکانی بواری پەروەردەی تایبەت و هەموو جومگەکانی ئەم پرۆسەیە لەڕووی پیشەیی، هونەری، کارگێڕی، بەدواداچوون، سەرپەرشتیکردن، ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری وداڕشتنی ئامانج و پلانەکان، بۆ ئەوەی بتوانێت خزمەت بە منداڵان و قوتابییانی خاوەن پێداویستی تایبەت بکات لە سەنتەرەکانی پێشوەخت و باخچەکانی منداڵان و قوتابخانەکاندا.
• بەهەماهەنگی ڕێکخراوەکان و هەردوو وەزارەتی تەندروستی و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی رووپێوی پەروەردەیی بکرێت، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتا و ئامار و ژمارەی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا.
• کردنەوەی ژمارەیەکی زیاتری سەنتەری پێشوەخت، بۆ پەروەردەی تایبەت لە شارو شارۆچکەکان بۆ ڕاهێنان و ئامادەکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و زەمینەخۆشکردن بۆ سەرخستنی پرۆسەی تێکەڵکردنەوەیان لە باخچەکانی منداڵان و قوتابخانەکاندا.
• ئامادەکردنی پلانێکی ستراتیژی جێبەجێکردن کە پلانەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان و ئەوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن لەخۆ بگرێت، هەروەها دانان و بەڕێوەبردنی ژووری سەرچاوەکان لە قوتابخانەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانیان.
• ڕێکخستنەوەی پەیکەری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی تایبەت لە ناو پەیکەری ڕێکخستنی وەزارەتی پەروەردەدا. هەروەها دانانی هۆبەو بەشەکانی لە بەڕێوەبەرایەتییە

گشتییەکانی پەروەردەو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان، بە هەمان شێوە پەیکەری سەنتەرەکانی پێشوەخت کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی تایبەتن ڕێک بخرێنەوە.

• پێداچوونەوە بە وەسفی فەرمانبەری (وصف الوظائف)، بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو ناونیشانانەی لە بواری پەروەردەی تایبەت کار دەکەن.

• تەرخانکردنی بودجەی پێویست لە وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان، بۆ بەڕێوەبردنی سەنتەرەکانی پێشوەخت و ژووری سەرچاوەکان لە قوتابخانەکان.

• گەڵاڵەکردنی پرۆژەیەک بۆ تەرخانکردنی دەرماڵەیەکی تایبەت بۆ مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت، لە سەنتەرەکانی پێشوەخت و قوتابخانەکان، وەک هاندان بە هۆی ئەرکی زۆریان و تایبەتمەندی خزمەتکردنی منداڵان و قوتابییانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

• ئامادەکردن و دەرکردنی ڕێنمایی بۆ ئەزمونەکانی پەروەردەی تایبەت، لە وەزارەتی پەروەردە، بۆ ئەوەی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئەزمونەکان بخرێتە ناو ڕێنماییەکانیان بۆ کارپێکردنی.

• دروستکردنی باڵاخانەی تایبەت بە سەنتەرەکانی پێشوەخت لە شار و شارۆچکەکاندا و بخرێتە ناو پلانی وەزارەتی پەروەردە، هەروەها دروستکردنی ژمارەیەک سەنتەریش جێگەی بۆ بکرێتەوە لە نێو پلانەکەدا.

• دروستکردن و ئامادەکردنی هۆیەکانی ڕوونکردنەوەو فێرکردن بۆ پەروەردەی تایبەت و سەنتەرەکانی پێشوەخت و باخچەکانی منداڵان و ژووری سەرچاوە و قوتابخانەکان.

• ئامادەکردنی پرۆژە و بەرنامە و پرۆگرامی تایبەت بە خوێندنی پیشەیی، بۆ قوتابییانی خاوەن پێداویستی تایبەت و درێژەپێدانی خوێندنیان، هەروەها کردنەوەی پەیمانگەو سەنتەری ڕاهێنانی پیشەیی بۆ فێربوونی کارامەییەکانی ژیان (المهارات الحياتية).

• ئامادەکردنی پرۆژەو بەرنامە وپرۆگرامی تایبەت بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە قۆناغی باخچەی منداڵان و جێبەجێکردنی بەرنامەی تێکەڵکردنەوەیان، هەروەها زیادکردنی هەندێک بابەت بە پەروەردەی تایبەت لە سیستەمی باخچەی منداڵان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.

• ئامادەکردنی پرۆژەیەک بۆ کردنەوەی سەنتەری پێشوەخت و قوتابخانە و پەیمانگەی ناحکومی تایبەت بە پەروەردەی تایبەت، یاخود جێکردنەوەی لەناو ماددەکانی یاسای

قوتابخانە ناحکومییەکان.

• پێداچوونەوە بە بڕگەو مادەکانی یاسای وەزارەتی پەروەردە کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستانەو پەیوەندییان بە پەیکەری ڕێکخستن و بەرنامەو کردنەوەی سەنتەرەکانی پێشوەخت و پەروەردەی تایبەت و تێکەڵکردنەوەی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە.

• چاپکردنی سەرجەم دۆکیۆمێنتەکانی بواری پەروەردەی تایبەت، لە کارنامە و سیستەم و ڕێنمایی و نامیلکە و پۆستەر. هەروەها گرنگیدانی زیاتر بە بەرنامەکانی هۆشیاری لە بواری پەروەردە و کۆمەڵگەدا. ئامادەکردنی کارنامەیەکی کار لە لایەن وەزارەتەوە بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت و دامەزراوە و کەسانی خێرخواز لە بواری پەروەردەی تایبەتدا.

• هێنانی شارەزایانی بیانی لە بواری پەروەردەی تایبەتدا و هەوڵدان بۆ بینینی ئەزمونی وڵاتانی پێشکەوتوو، کە زیاتر ئەم پرۆسەیە پێشدەخات، هەروەها بەشداریکردن لە سیمینار و وۆرکشۆپ و کۆنفرانس وکۆنگرەی تایبەت بەو بوارە لە دەرەوەی وڵات.

• دانانی سندوقێکی پاڵپشت بۆ هاوکاری منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە وەزارەتی پەروەردە کە کۆمەکی دارایی وەزارەتەکان و خێرخوازان و کۆمپانیا و ڕێکخراوەکانی تێدا کۆ بکرێتەوە بۆ خزمەتکردنی بواری پەروەردەی تایبەت.

## دووەم: پەروەردەی وەرزش و هونەر

* ئامادەکردنی پرۆژە و بەرنامەیەکی تایبەت بە پەروەردەی وەرزشی، کە مەشق و ڕاهێنانی وەرزشی لە قوتابخانەکان بە قوتابییانی خاوەن پێداویستی تایبەت بکات کە یەکێکە لە چالاکییە گرنگەکانی ئەم بوارە.

* ئامادەکردنی پرۆژەو بەرنامەیەکی پەروەردەی هونەری، کە مۆسیقا و گۆرانی و نواندن و شانۆ و وێنەکێشان بۆ منداڵان و قوتابییانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەخۆ بگرێت، کە یەکێکە لەچالاکییە گرنگەکانی ئەم بوارە.

* گرێدانی کۆنفرانسێکی تایبەت بە بواری وەرزش، هونەر و ژینگە، لە داهاتوودا، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی ژینگە و بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشی و هونەری.

* لەکۆنگرەکانی داهاتوودا، وەزارەتی پەروەردە تەوەری تایبەت بۆ بواری وەرزش و هونەرو ژینگە تەرخان بکات.

## سێیەم: فێرکردنی نائاسایی

• دانانی سیستەمێک بۆ بەڕێوەبردنی ئەرک و کارەکانی بواری فێرکردنی نائاسایی و جومگەکانی لە ڕووی پیشەیی، هونەری، کارگێڕی، بەدواداچوون، سەرپەرشتیکردن، ڕاگەیاندن، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری، دارشتنی ئامانج و پلانەکان، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵێکی کاراتر بگێڕێت لە بوارەکانی:

١. بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری زیاد بکرێن، تا ڕێژەی نەخوێندەواری کەم بکرێتەوە، کە ئێستا ڕێژەکەی (١٥٪)یە.

٢. کردنەوەی قوتابخانەی زیاتر بۆ فێرکردنی گەوران و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ درێژەدان بە خوێندنەکەیان.

٣. کردنەوەی قوتابخانەی زیاتر بۆ خوێندنی فێرکردنی خێرا، بۆ گەڕاندنەوەی منداڵانی دابڕاو لە خوێندن، کە تا ئێستا زیاتر لە(٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار منداڵ گەڕاونەتەوە بەر خوێندن.

• وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو ڕێکخراوی (یۆنیسکۆ) و (یۆنیسێف) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتا و ئامار و ژمارەی کەسانی نەخوێندەوار و منداڵی دابڕاو لە خوێندن ڕووپێوێک بکات.

• ئامادەکردنی کارنامەیەکی کاری هاوبەشی وەزارەت لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت لە بواری فێرکردنی نائاسایی و کردنەوەی سەنتەری نەهێشتنی نەخوێندەواری و کارامەییەکانی ژیان.

## چوارەم: فێرکردنی بنەڕەتی

• ئەو مامۆستایانەی مۆڵەتی درێژخایەن (٦) مانگ جارێک یاخود ساڵانە وەردەگرن، لەسەر میلاکی قوتابخانەکان نەمێنن، بەڵکو هۆبەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان بکرێتەوە و (موچە و دۆسییەکانیان) لەو هۆبەیە بێت، بۆ ئەوەی ساڵانە ژمارەیان دیار بکرێت و لەگەڵ هێزی کاری وەزارەت هەژمار نەکرێن.

• مامۆستایان بە گرێبەست بە شێوەیەکی کاتی دابمەزرێن و لە دوای سێ ساڵ بەپێی هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری قوتابخانە و سەرکەوتن لە کارەکانیاندا، ئینجا بکرێنە هەمیشەیی.

• وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان،

ڕێنمایی تایبەت بە دابینکردنی کورسی خوێندن بۆ منداڵ و کەسوکاری شەهیدان دەربکات.

•بابەتەکانی بیرکاری و زانستەکان بە زمانی ئینگلیزی بخوێندرێن. بۆ ئەم مەبەستەش ڕاهێنان بە مامۆستایان بکرێت و لەساڵی خوێندنی ئایندە لە چەندین قوتابخانە لە هەر چوار بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەکاندا جێبەجێ بکرێت.

• دانانی بەرنامەیەکی گشتگیر بۆ کردنەوەی خولی ڕاهێنان لە پشووی هاویندا بۆ قوتابییان بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە کات و گەشەپێدانی بەهرەکانیان.

• لەماوەی کەمتر لە شەش مانگدا کۆنفرانسێک بۆ خوێندنی بەهرەداران ساز بدرێت، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ ئەو گرفتانەی کە ئێستا لەنێو ئەم پرۆسەیەدا سەریان هەڵداوە.

## پێنجەم: پاراستنی ژینگە

• لە سەرجەم پرۆگرامەکانی قۆناغەکانی خوێندندا گرنگییەکی تایبەت بە ژینگە بدرێت.

• وەزارەتی پەروەردە گرنگییەکی زۆر بە ڕۆژی ژینگە (٤/١٦) بدات، هەموو ساڵێک چالاکی جۆراوجۆر لە ناوەندەکانی خوێندن ساز بکات بۆ ئەوەی گرنگی و بایەخی زیاتر بە ژینگەی کوردستان بدرێت.

• لە کتێبی پەروەردەی مەدەنیدا بەشێک بۆ پەروەردەی ژینگەیی تەرخان بکرێت و هەموو هەفتەیەک وانەیەکی تایبەت بە ژینگە پێشکەش بکرێت، ڕاهێنانی مامۆستایانیش بکرێت لە بابەتی ژینگەدا.

• لە قوتابخانەکانی کوردستان یانەی ژینگەیی بۆ قوتابیان بکرێتەوە و ئەو مامۆستایەی سەرپەرشتی دەکات لە هەفتەیەکدا (٣) بەشەوانەی کەمتر بێت لە مامۆستاکانی تری قوتابخانە تا زیاتر گرنگی بە یانەی ژینگەیی بدرێت.

• لە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکاندا لە (٢٠٪) بۆ سەوزایی و باخچە تەرخان بکرێت، لە پێناو دروستبوونی ژینگەیەکی تەندروست و سروشتی بۆ قوتابییان.

• لە هەموو بۆنە ناوخۆیی و جیهانییەکانی تایبەت بە ژینگە، لە قوتابخانەکان ئەو یادە بکرێتەوە بە ئامانجی ئاشناکردن و پەروەردەکردنی ژینگەیی.

• لەوانەی هونەری گرنگی زیاتر بە هۆنراوەی ژینگەیی بدرێت.

• قوتابییان گەشتی ژینگەییان پێ بکرێت بۆ ئەو شوێنانەی گرنگی ژینگەییان هەیە و دەبێتە هۆکاری پەروەردەی ژینگەیی وەک فرێدانی خۆڵ و خاشاک و کارگەکان و

سەرچاوە سروشتییەکان و سەیرانگەکان.

- چالاکی و پێشبڕکێی ژینگەیی لە نێوان قوتابخانەکان ساز بکرێت، بە ئامانجی دەرخستنی بایەخ و گرنگی ژینگە بۆ قوتابییان.
- فەراهەمکردنی ژینگەیەکی تەندروست لە ناوەندەکانی خوێندن.

## شەشەم: باخچەی منداڵان

* ئامادەکردنی سیستەم و کارنامەیەکی تایبەت بە باخچەی منداڵانی حکومی و ناحکومی.

* لە قۆناغی باخچەی منداڵان بڕە پارەیەک لە خانەوادەی منداڵان وەربگیردرێت و لە یاسای وەزارەتی پەروەردە پەسەند بکرێت و بە ڕێنمایی بڕەکەی دیاری بکرێت.

* گرنگیدان بە بڕوانامەی دەرچوون لە باخچەی منداڵان لە کاتی وەرگرتنیان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان، ئەمەش دەبێتە هاندەرێک بۆ ناردنی زۆربەی منداڵان بۆ باخچەکان.

* گرنگیدان بە دامەزراندنی مامۆستایانی پسپۆر لە بواری باخچەی منداڵان، بەپێی تایبەتمەندی ئەم قۆناغە بە کواڵیتی و خاڵوسات (مواصفات)ی شیاو بە مامۆستای باخچەی منداڵان.

* زیادکردنی باڵاخانەی باخچەکانی منداڵان .

* لەگەڵ کردنەوەی هەر قوتابخانەیەکی بنەڕەتی، باخچەیەکی منداڵانیش دروست بکرێت.

* دانانی فەرمانبەری تەندروستی و توێژەری کۆمەڵایەتی لە پەیکەری میلاکی باخچەی منداڵانی حکومی، هاوشێوەی باخچەی منداڵانی ناحکومی.

* لە باخچەکانی منداڵانی حکومی هاوشێوەی باخچەی ناحکومی و بەپێی فۆڕمی هەڵسەنگاندنی باخچەی منداڵان هەڵبسەنگێنرێت.

* دانانی ستاندارد بۆ باڵاخانەو کەلوپەلی باخچەی منداڵان.

* دانانی پەیکەری بەڕێوەبەرایەتی باخچەی منداڵان لە ناو پەیکەری وەزارەت و دانانی وەسفی فەرمانبەری بەم شێوەیە:

- بەشی باخچەی منداڵان لە ب.گ.پ. پارێزگاکان:
- هۆبەی باخچەی منداڵان لە ب.پ. قەزاکان.

* چاپکردنی بەڵگەنامەی پڕۆگرامی باخچەی منداڵان و دانانی پڕۆگرام بە گوێرەی ئەم بەڵگەنامەیە.

## حەوتەم: خوێندنی پیشەیی

• دامەزراندنی(دەستەی فێرکردنی پیشەیی) یاخود کارکردن بە پەیکەری پێشنیازکراوی ئەنجومەنی وەزارەت، تایبەت بە فێرکردنی پیشەیی یان کارگێڕی لە پەیکەری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی لە دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پارێزگەکان.

• کارکردن بە ڕەشنووسی سیستەمی فێرکردنی پیشەیی کە بە هاوکاری ڕێکخراوی (یۆنیسکۆ) ئامادەکراوە.

• دابینکردنی بودجەی ساڵانەی تایبەت بە فێرکردنی پیشەیی بە جیا لە خوێندنی ئامادەیی، بۆ: (باڵاخانە، پرۆگرام، توێژینەوە، هۆکاری فێرکردن، مەشق و ڕاهێنان، ئامێر و کەرەستەی پێویست، مامۆستای پسپۆر).

• بەدواداچوون بۆ تەواوکردنی پرۆژەی بیناکردنی(٣) کۆمەڵگەی پیشەیی.

• دابینکردنی باڵەخانەی تایبەت و یەک دەوامی بۆ ئامادەییە پیشەییەکان، بە تایبەتی لە قەزاکان.

• دانان و نوێکردنەوەی پرۆگرامی خوێندنی پیشەیی بەپێی پێویستی بازار، بەم جۆرە:

* دیاریکردنی لیژنەی تایبەت بە پرۆگرامەکان.

* هەماهەنگی بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆگرامەکان لە ئاستی بنەڕەت بۆ خوێندنی باڵای TVET.

* گرنگیدان بە بابەتی توانا مرۆییەکان

* ئەزمونی پراکتیکی لە کارکردن

* شارەزایی تەکنیکی

* شارەزایی نەرم

* دروستکردنی پەیوەندی، بە ئاخاوتن و بە نووسین

* شارەزایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک، وەک مامەڵەکردن لەگەڵ کڕیاردا.

* پێکەوە کارکردن (تیم ۆرک)

* گرنگیدان بە زمانەکان و شارەزایی لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان.

* دابینکردنی ئامێر و پێداویستی هۆکاری فێرکردنی مەشق و ڕاهێنانی سەردەمییانە.

* کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ سەرپەرشتیار و دەستەی کارگێڕی، مامۆستای پسپۆری پیشەیی، بە پێی پسپۆری لە ناوخۆ و دەرەوە، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی.

*** گرنگیدان بە پەروەردەی پیشەیی لە قۆناغی بنەڕەتی، بە:**

١. دابینکردنی هۆڵی مەشقی کرداری بۆ قوتابییان و خوێندکاران لە پەروەردەی پیشەیی.

٢. دانانی پڕۆگرامی تایبەت بە پەروەردەی پیشەیی لە پۆلی چوارەمی بنەڕەتی.

٣. کردنەوەی پێشانگەی ساڵانە بۆ پەروەردە پیشەییەکان.

٤.کردنەوەی پێشانگەیەکی هەمیشەیی لە پارێزگەکان بۆ خوێندنی پیشەیی و ئامادەییە پیشەییەکان.

## گرنگیدان بە:

- پڕۆژەی تایبەتی مامۆستایان و قوتابیانی بەهرەدار.
- سیستەمی فێرکردنی دووانەیی (التعليم المزدوج).
- لە هەندێک پسپۆری بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکانی پۆلی تەکنیک، خوێندن بکرێت بە (٥) ساڵ.
- هەموارکردنەوەی یاسای زانکۆ ناحکومییەکان بە جۆرێک دەرفەتی خوێندنی زیاتر بۆ دەرچووانی پیشەیی بڕەخسێنێت.
- دابینکردنی کورسیی خوێندن بۆ مامۆستایانی پیشەیی بەپێی پسپۆرییەکانیان لە پەیمانگە و کۆلێژەکان بەم شێوەیە:

  * مامۆستایانی دەرچووی ئامادەیی لە پەیمانگەکان.

  * مامۆستایانی دەرچووی پەیمانگەکان لە کۆلێژەکان.
- کردنەوەی بەشی مامۆستای پیشەیی لە زانکۆکانی پۆلی تەکنیک، بۆ ئامادەکردنی مامۆستای پسپۆری پیشەیی.
- دەرکردنی یاسایەک لە پەرلەمان بە پابەندکردنی کۆمپانیاکان بۆ دامەزراندنی ڕێژەیەک لە دەرچووانی پیشەیی.
- هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی خوێندنی پیشەیی لە وەزارەتەکان، ڕێکخراوەکانی ناوخۆیی و بیانی، کۆمپانیاکانی کەرتی گشتیی و تایبەت.
- پێکهێنانی لیژنەی تایبەت لە پارێزگەکان بە بەشداری نوێنەری:(بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردە، پارێزگا، قایمقام، ژووری بازرگانی، شارەوانی، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، کشتوکاڵ، دەستەی وەبەرهێنان، سەندیکاکان، لایەنی دیکەی پەیوەندیدار) بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی خوێندنی پیشەیی و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچووانی پیشەیی بەپێی پسپۆرییەکانیان.

## ڕێکخستنەوەی ئەرکە پیشەیەکان، لە:

• دانانی پرۆگرام، کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی پسپۆری پیشەیی، ئەزمونەکان، سەرپەرشتیکردنی مامۆستایان، بەشی سەرپەرشتیاری، ژمێریاری پیشەیی، بە مەبەستی بە ئەنجامگەیاندنی پرۆژەکان بەشێوەیەکی دروست.

• بەشداریپێکردنی کەرتی تایبەت لە دانانی پرۆگرام، مەشق و ڕاهێنانی پراکتیکی و فێرکردنی دوانەیی (التعليم المزدوج)

• هاندان و بانگەشەکردن بۆ خوێندنی پیشەیی، وەک ستراتیژێکی گشتیی بۆچاکترکردنی کوالێتی و پەیوەندارێتی.

• گرنگیدان بە بەهاکان وەک:

* کلتوری ئاشتی

* پەروەردەی لێبوردەیی

* گفتوگۆی پەروەردە

* هاونیشتیمانیبوون

* سازدانی سیمینار و کۆڕ ووۆرکشۆپ بۆ(سەرپەرشتیاران، مامۆستایان، قوتابییان) لە باخچەی مندالان تا کۆتایی قۆناغی ئامادەیی.

• گرنگیدان بە کێشەو گرفتەکانی(توێژەرانی پەروەردەیی، توێژەرانی دەروونی) لە قوتابخانە و خوێندنگەکان و ڕێکخستنی کار و ئەرکەکانیان بەپێی ڕێنمایی تایبەت.

• کار بکرێت کەناڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لە کەناڵێکی لۆکاڵییەوە بکرێتە کەناڵێکی ئاسمانی.

دووەم:

# تەوەری ڕاهێنان

## ڕاسپاردەکان:

١. دامەزراندنی فەرمانگەی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردە، کە بەڕێوەبەرێک بەڕێوەی دەبات و باشتر وایە بڕوانامەیەکی باڵای لە بواری ڕاهێنان و گەشەپێدانی پیشەییدا هەبێت.

٢. فەرمانگەی ڕاهێنان خاوەن کەسایەتییەکی ماددی واتایی سەربەخۆ دەبێ و بەپێی ڕاسپاردەکانی وەزیر، کارەکانی خۆی جێبەجێ دەکات.

٣. دەبێت سەرۆک بەشەکانی فەرمانگەکە پسپۆڕ بن، لە بواری کارەکەیان و بڕوانامەی بەکالۆریۆس و سەروتریان هەبێت.

٤. پێویستە کارمەند و فەرمانبەرانی فەرمانگەکە بەپێی پێویستی بەشەکان شارەزا و پسپۆڕ بن.

٥. ئەنجومەنی فەرمانگەکە کە ئەندامەکانی لە پەیکەری فەرمانگەکە دیاریکراوە، سیستەمی فەرمانگەی ڕاهێنان دادەنێت، کە کار و پسپۆڕیی هەموو بەشەکان و وەسفی فەرمانبەری کارمەندانی تێدا روون کرابێتەوە.

٦. ئەنجومەنی فەرمانگەی ڕاهێنان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەری ڕاهێنان و بەڕێوەبەری پەیمانگەی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەی پارێزگاکان هەوڵ دەدات کە پێکەوە پلانی ساڵانەی ڕاهێنان دابنێن، بەپێی ستراتیژێکی پێشنیازکراو بۆ راهێنراوان، بۆ ئەوەی بتوانن بە دوو گەڕ(شەفت) بەشداری لە خولەکانی راهێنان بکەن، تا ماوە بدرێتە گشت ئەو بەڕێزانەی، کە پێویستە بەشداری لە خولی راهێنان بکەن، بەرچاوکردنی دەوامی قوتابخانەو باری کەسی.

٧. بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنان و پەیمانگەکانی ڕاهێنان و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردە لە پارێزگاکان، بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیاری پەروەردەو دەزگا پەیوەندارەکان پلانی ساڵانەی ڕاهێنان جێبەجێ دەکەن، هەروەها ساڵانە پێویستییەکانیان بۆ سەرۆکایەتی فەرمانگەی ڕاهێنان بەرز دەکەنەوە بە مەبەستی ئامادەکردنی پلانی گشتیی لەسەر ئاستی وەزارەت.

٨. ڕێنماییەکانی بەشداریکردنی مامۆستایان لە خولی ڕاهێنان.

ئـ. ئەگەر هەر مامۆستایەک بە بێ هیچ پاساوێکی بەرزیر(معقول)، لە خولی ڕاهێنان بەشداری نەکرد، لەو ماوەیەی کە بۆی دانراوە لە ساڵێکدا، ئەوا (لە چوارچێوەی یاسا):

- سەرموچەی بۆ ماوەی شەش مانگ دوا دەخرێت.
- ئەگەر بۆ ساڵی دووەم لەسەر یەک بەشداری نەکرد، سەرموچەی بۆ ماوەی ساڵێک دوا ئەخرێت.
- ئەگەر مامۆستا سێ ساڵ لەسەر یەک بەشداری لە ڕاهێنان نەکرد، ئەوا بەرزکردنەوە(ترفیعی ڕادەگیردرێت.

ب. ئەگەر هەر مامۆستایەک(٣) ساڵ لەسەر یەک بەشداری لە ڕاهێنان کرد، یەک ساڵ پێشخستن(قدم)ی پێ بدرێت.

٩. فەرمانگەی ڕاهێنان، دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت لە کاتی پێویستدا شارەزا و کەسانی پسپۆڕ لە ناوە و دەرەوەی هەرێم، بە مەبەستی ڕاهێنان بە شێوەی گرێبەست دابمەزرێنێت، بۆ ئەوەی ماوەیەکی دیاریکراو، سود لە تواناکانیان وەربگرێت، ئەمەش لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر و بە پێی ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی.

١٠. بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پارێزگاکان و پەیمانگەکانی ڕاهێنان دەسەڵاتی ئەوەیان هەبێت، سود لە شارەزایانی ناوخۆ لە بواری ڕاهێنان وەربگرن و بەشێوەی گرێبەست لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکی فەرمانگەی ڕاهێنان، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و لە کاتی پێویستدا دایانبمەزرێنن.

١١. فەرمانگەی ڕاهێنانی پارێزگاکان مافی ئەوەیان هەبێت بەرامبەر بە بڕێک پارە ڕاهێنان بە کارمەندان و مامۆستایانی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان بکەن، بەپێی ڕێنمایی، ئەم برە پارەیەش بە کار بهێنرێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی فەرمانگەکە، بە مەرجێک ئەمە لەگەڵ یاسای وەزارەتی پەروەردە بگونجێت.

١٢. ئـ . ئامادەکردنی ڕاهێنەر بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ڕاهێنانی پارێزگاکان بە شێوەی ناناوەندی بێت. بۆ هەر بابەتێک لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە وەزارەت و میلاکیان بەم شێوەی خوارەوە بێت.

## هەولێر + سلێمانی

ب . پ . ناو شار ٨

ب . پ . قەزاکان ٢

## دهۆك

ب . پ . ناو شار ٤

ب . پ . قەزاكان ٢

## گەرمیان

ب . پ . ناو شار ٢

ب . پ . قەزاكان ١

## كەركوك

ب . خوێندنی كوردی ٢

## هەڵەبجە

ب . پ. هەڵەبجە ٢

با . هەموو راهێنەرەكان لە بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پارێزگاكان دەبن، تەنها ڕاهێنەری پەروەردەی قەزاكان نەبێت، بە هەماهەنگی و پەیوەندیكردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پارێزگاكان كاری خۆیان ئەنجام دەدەن.

١٣. پێویستە لە ئامادەكردنی راهێنەردا پشت بە دەزگەكانی تایبەت بە ڕاهێنان ببەسترێت، كە خاوەنی ئەزمونێكی دەوڵەمەندن لە بواری ئامادەكردنی ڕاهێنەر، دەبێت ماوەی خولی ڕاهێنان لە (١٨٠) رۆژ كەمتر نەبێت و ماوەی خوێندن (٧٥٠) كاتژمێر بێت و بەسەركەوتویی بڕوانامەكە دوای هەڵسەنگاندن و تاقیكردنەوە بە دەست بهێنێت.

١٤. وەزارەت ژینگەیەكی لەبار بۆ كاری راهێنان دەرەخسێنێت و باڵەخانەو هۆڵی خوێندنی تیۆری و پراكتیكی و پێداویستییەكانی راهێنان، لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاكان و بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاكان دابین دەكات.

١٥. تەرخانكردنی بودجەی ساڵانە، بەپێی پێویستی پلانی ساڵانەی ڕاهێنان.

١٦. پێوەری مامۆستا لەگەڵ پێوەری بەڕێوەبەری قوتابخانە و خوێندنگە و سەرپەرشتیارانی پەروەردە و پسپۆڕی بكرێنە ئامانج و پێوەری كۆتایی، كە لە ناوەرۆكی تەوەرەكەدا هاتووە.

١٧. پلانی ساڵانەی جێبەجێکردنی ستراتیژی ڕاهێنان و بەدواداچوون، لەلایەن ئەنجومەنی فەرمانگەی ڕاهێنان دابنرێت، ئەمەشیان بەپێی پێویستییەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەبواری راهێناندا روو دەدەن، بە مەبەستی زیاتر سوودوەرگرتن و و بەردەوامبوون و گەیاندنی ئاستی راهێنانەکە، بە ئاستی راهێنانی جیهانی.

١٨.ستراتیژی پێشنیازکراو بکرێتە ستراتیژێک بۆ راهێنان لە سەرجەم دامودەزگەکانی راهێنان و پابەندبوون بە پیادەکردنی پلانەکە بە کردەوە.

١٩. دەبێت دەرچووانی کۆلێژی پەروەردە و کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی و کۆلێژەکانی تر بەشداری خولەکانی راهێنان بکەن بەپێی ئەوەی لەخشتەی ژمارە (٦) و (٨) هاتووە، هەروەها بەشداركردنیان مەرج بێت بۆ مۆڵەتپێدانی پیشەی مامۆستایەتی لە ناوەندەکانی وەزارەتی پەروەردە و کەرتی تایبەت.

٢٠. ڕاهێنان بە سەرپەرشتیارانی پەروەردە و پسپۆری و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بکرێت. بەهەمان شێوەی ئەو ڕاهێنانەی بۆ مامۆستایان پێشنیاز کراوە.

٢١. داوا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بکرێت هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا بکات، بۆ ئەوەی کورسی خوێندن بۆ خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس تەرخان بکات، تاکو بتوانن بڕوانامەی دبلۆمی باڵا لە پسپۆرییەکانیاندا بە دەست بێنن.

٢٢. پێشنیازی هێشتنەوەی بەڕوەبەرایەتی گشتیی مەشق و ڕاهێنان و پەیمانگەکانی ڕاهێنان دەکەین لە پارێزگاکاندا وەک دوو دامەزراوەی سەربەخۆ، بەهۆی جیاوازی ئەرک و ئامانجەکانیان.

٢٣. سوودوەرگرتن لە داهاتی فرۆشگەی خوێندنگەو قوتابخانەکانی رسوماتی خوێندنگە ناحكومییەکان لە بواری ڕاهێناندا. (بە پێی یاسا و ڕێنمایی)

٢٤. لەگەڵ یەکێک لە دامەزراوەکانی ڕاهێنان لەپێناو بەردەوامیدان و دانانی پرۆگرامی راهێنان بەپێی ئاستی بەشداربووان لە خولەکاندا هەماهەنگی بکرێت.

٢٥. پەیمانگەی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەی دیکە، لە کاتی پێویستدا لەشارەکانی دیکەی هەرێم بکرێنەوە.

٢٦. پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا لە هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا بۆ دانانی پلانێکی ستراتیژی بۆ ئامادەکردنی مامۆستا جێبەجێکردنی پلانەکە.

٢٧. داوا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بکرێت بەمەبەستی چاککردن پەرەپێدان، پێداچوونەوە بە ڕێگەکانی وانەگوتنەوە و بە پراکتیككردنیان بکرێت، لەو کۆلێژانەی مامۆستا پێ

دەگەیەنن.

٢٨. کردنەوەی بانکی زانیاریی نیشتیمانی، بۆ ڕاهێنان و دروستکردنی کارتی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان.

٢٩. پلانێک بۆ ڕاهێنان و ئامادەکردنی کادیری باڵای کارگێڕی لە وەزارەتی پەروەردە دابڕێژرێت.

٣٠. ڕاسپاردەکانی کۆنگرە بە یاسایەک دەردەکرێن و لە فەرمانگەی ڕاهێنان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە فەرمانگەی ڕاهێنان جێبەجێ دەکرێن.

٣١. سود لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان وەربگیرێت، لە ئامادەکردنی کارنامەی تەوەرەکانی ڕاهێنان.

٣٢. هەر خولێکی ڕاهێنان کە لە ٦٠ سەعات زیاتر بێت دەبێت لە کۆتایی خولەکە هەڵسەنگاندن بۆ بەشداربووان بکرێت و هەر بەشداربووێک لە هەڵسەنگاندن دەرنەچێت دەبێت خولەکە دووبارە بکاتەوە.

٣٣. وەرەقەی تەوەری ڕاهێنان کە لە کۆنگرە بڕیاری لەسەر درا، ببێتە کارنامەی ڕاهێنان لە دامودەزگاکانی ڕاهێنان لە وەزارەتی پەروەردە.

٣٤. وەرەقەی تەوەری ڕاهێنان کە لە کۆنگرە بڕیاری لەسەر درا، چاپ بکرێت و بەسەر دەزگاکانی ڕاهێنان لە وەزارەت دابەش بکرێت تا کاری لەسەر بکرێت.

سێیەم:

# تەوەری سەرپەشتیاری

### لە ژێر دروشمی

## (سەربەخۆکردنی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی، بە مەبەستی کاراکردنی زیاتری ڕۆڵی سەرپەرشتیار)

لەگەڵ سەرهەڵدانی بیرۆکەی سازدانی کۆنگرەی پەروەردە، کۆمەڵێک ڕێکاری کردارییمان گرتەبەر، بۆ ئامادەکردنی تەوەری سەرپەرشتیاری، بە پێکهێنانی لێژنەیەکی باڵا، کە نوێنەری پارێزگاکانی تێدا بوو، دوای ئامادەکردنی ڕەشنووسەکە ڕاپۆرتێکمان ئامادەکرد و بۆ یەکەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەی قەزاکانمان نارد. سەرنج و تێبینییەکان بەهەند وەرگیران و کاریان لەسەر کرا، لە دوای ئەوەی لە ماڵپەڕی وەزارەت بڵاوکرایەوە، وێنەیەکی لێدرا بە مەکتەبی سکرتایەتی ی.م.ک و چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی، دواتر لەلایەن لیژنەی تەوەرەوە، لە وەزارەت کاری لەسەر کرا و پوختەی ڕەشنووسەکە جارێکی تر ڕەوانەی پارێزگاکان کرایەوە، بە هەمان شێوە لە کۆنفرانسی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی پاریزگاکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆک) گفتوگۆی لەبارەوە کرا، دواتر لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە سەرجەم سەرنج و تێبینییەکان پوختکرانەوە و ئامادەکرا بۆ ئەوەی بخرێتە بەر دیدی ئەندامانی کۆنگرە لە تەوەری سەرپەرشتیاری، کە بریتییە لە نۆ بەش:

١. ئامانجە گشتییەکانی پەروەردە
٢. بۆچوونە بنەڕەتییەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی
٣. پەیکەری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی
٤. ئەرک و دەسەڵاتەکان
٥. شێوازەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی
٦. هەڵسەنگاندن
٧. مەرج و پێوەرەکان
٨. لیژنەکان
٩. کۆمەڵێک فۆرمی پێویست بۆ کاری سەرپەرشتیاری.

بەڕێزان:

ئاشکرایە کە پرۆسەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی چالاکییەکی ئاراستە کراوە، بایەخ بە بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی ئێستای قوتابخانە و خوێندنگەکان دەدات لە بواری فێرکاری و دەرخستنی تواناکان بە مەبەستی نیشاندانی ئاستی کەسایەتی و پیشەیی، کە دەبنە هۆکاری بەرزکردنەوەی کردەی فێرکردن و بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکان.

بۆچی ئاراستەمان بەرەو کاراکردنی سەرپەرشتیارە وەک دۆستی رەخنەگر؟

| ز | رۆڵی تەقلیدی سەرپەرشتیاران | رۆڵی تازەی سەرپەرشتیاران |
|---|---|---|
| ١ | چاودێریکردن و دڵنیابوون لە پابەندبوون بەرێکارەکان | هەڵسەنگاندن و چاککردنی ئەدا |
| ٢ | تیشکخستنەسەر ئەدای تاکەکان (مامۆستایان و بەرێوەبەران) | تیشکخستنەسەر ئەدای قوتابخانە وەك دامەزرا و ئەدای تاکەکان (مامۆستایان و بەرێوەبەران) |
| ٣ | پێدانی رێنماییەکانی و پشتگیری | پێدانی پشتگیری و بەرپرسیارێتی |
| ٤ | چارەسەرکردنی گیروگرفتی قوتابخانەکان | یارمەتیدانی قوتابخانەکان بۆ بەرەوپێشبردنی توانای قوتابخانەکان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفت لەلایەن خۆیانەوە |
| ٥ | هەڵە دۆزینەوە، راستکەرەوەی هەڵەکان | دۆستی رەخنەگر، هاندەر و پشتگیریکار بۆ خۆبەرەوپێشبردن. |

# ئامانجە پەروەردەییەکان

لە ئامانجی مرۆیی و زانستی و ئایینی و نیشتمانی و نەتەوەیی و دیموکراسی و کار و پەروەردەی بەردەوام چڕ کراونەتەوە. ئامانجەکان بەشێوەیەکی گشتیی بۆ هەر قۆناغێکی خوێندن بە جیا و بە پێی تایبەتمەندی قۆناغەکە ڕوون کراونەتەوە.

## بۆچوونە بنەڕەتییەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی

ئاماژە بە بۆچوونە بنەڕەتییەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی کراوە، بە تایبەتی چەمکی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی و گرنگییەکەی و ئامانجەکانی سەرپەرشتیکردن ڕوون کراوەتەوە.

## پەیکەری سەرپەرشتیکردنی پەروەردە

بەمەبەستی زیاتر کاراکردن و سەربەخۆکردنی پرۆسەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی لە چوارچێوەی وەزارەتی پەروەردەدا و بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان بە پێی ڕێنمایی و بە دواداچوون و هەڵسەنگاندن، دوور لەو کاریگەرییانەی کە دەبنە هۆکاری دروستکردنی ئاستەنگ. لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە جێگیر کراوە کە پێویستە پرۆسەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی سەربەخۆ بێت، بەتایبەتی لە ڕووی دارایی و کارگێرییەوە، هاوشێوەی پرۆسەی سەرپەرشتیکردن لە زۆربەی وڵاتانی دەرەوە، هەر لەو ڕوانگەیەوە گۆڕانکاری لە پەیکەری سەرپەشتیاری نوێدا کراوە بە زیادکردنی بەڕێوەبەرایەتی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی س.پ و دانانی یاریدەدەر و بەشی ژمێریاری و سەرجەم بەشەکانی تر، کە پێویستن لە بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پارێزگاکان. هەروەها بۆ گونجاندنی لەگەڵ قۆناغەکانی خوێندن بە پێی سیستەمی پەیڕەوکراوی ئێستا وا بەباش دەزانین، کە پرۆسەی سەرپەرشتیکردن بۆ هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی لێک جیا بکرێتەوە بەم شێوەیە:

ئـ. بەهۆی زۆری ژمارەی قوتابخانەکانی بنەڕەتی، پێویستە لە هەر قەزایەک یەکەی سەرپەرشتیکردنی بنەڕەتی هەبێت.

ب. لە هەر پارێزگایەک بە پێی پێویستی و هەڵکەوتەی جوگرافی، یەکەکانی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی بەم شێوەیە:

**یەکەم:** هەولێر (٢)یەکەی سەرپەشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی دەبێت:

ئـ. یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی سەنتەری هەولێر

(هەولێر ناوەند + هەولێر دەورووبەر + دەشتی هەولێر + شەقلاوە + مەخمور + کۆیە + خەبات)

ب. یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی قەزای سۆران

(سۆران + ڕواندوز + چۆمان + مێرگەسۆر)

دووەم: لە سلێمانی (٣) یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی دەبێت بەم شێوەیە:

**ئـ. یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی سلێمانی رۆژهەڵات:**

(سلێمانی ڕۆژهەڵات + پێنجوێن + سەید سادق + شارەزوور + دەربەندیخان)

**ب. یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی سلێمانی رۆژئاوا:**

(سلێمانی ڕۆژئاوا + دوکان + چەمچەماڵ + قەرەداغ + شارباژێر)

**پ. یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی قەزای ڕانیە**

(ڕانیە + پشدەر)

**سێیەم.** یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی پاریزگای هەڵەبجە

(هەڵەبجەی شەهید)

**چوارەم:** لە دهۆک (٢)یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی دەبێت بەم شێوەیە:

**ئـ. یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی سەنتەری دهۆک**

(دهۆک ڕۆژهەڵات + دهۆک ڕۆژئاڤا + سێمێل + زاخۆ + شنگال + ئامێدی + تلکێف)

**ب. یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی قەزای ئاکرێ**

(ئاکرێ + بەردەڕەش + شێخان)

**پێنجەم:** یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی گەرمیان

(کەلار + کفری + خانەقین)

**شەشەم:** یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی کەرکوک

**بەشی سێیەم:** **پەیکەری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی**




# پەیکەری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی

تێبینی:

١. بە پێی پەیکەری سەرەوە و دوای پەسەندکردنی ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی پەروەردەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە،دەزگای سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی لە ڕووی کارگێری و دارایی سەربەخۆ دەبێت و لە یەکە کارگێڕییەکانی پەروەردە جیا دەکرێتەوە، بە شێوەیەکی ستوونی پەیوەندییەکان لە نێو ئەڵقەکانی پەیکەری سەرەوە ڕێك دەخرێن، بەڵام لە ڕووی تەکنیکیی پەیوەندی سەرپەرشتیاران توندوتۆڵ دەبێت لەگەڵ سەرجەم لایەنەکانی پەروەردەیی و یەکە کارگێرییەکانی تری قەزا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی،هەریەکەو لە ئاستی خۆیدا ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە ڕووی هەڵسەنگاندن و پێشخستنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن. ساڵانە هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی سەرپەرشتیکردن لە پارێزگا بودجەی خۆی دەخەمڵێنێت.

٢. سەرپەرشتیارێك بەرپرسە لە هۆبەی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون .

## ئەرك و دەسەڵاتەكان

ئەرك و دەسەڵاتەکان بۆ پۆستەکانی ئاماژە پێکراو لە پەیکەری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بە شێوەیەك دیاری کراوە کە گونجاوە لەگەڵ پرۆسەکە لە داهاتوودا.

١. ئەرك و دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری گشتیی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بەمەرجێك كۆك بێت لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانەی کە لەلایەن وەزیر دەدرێت بە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دیوانی وەزارەت.

٢. ئەرك و دەسەڵاتەکانی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی.

٣. ئەرك و دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پارێزگا.

٤. ئەرك و دەسەڵاتەکانی سەرپەرشتیاری یەکەم لە قەزاکاندا.

٥. ئەرك و دەسەڵاتەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

٦. ئەرك و دەسەڵاتەکانی سەرپەرشتیاری باخچەی ساوایان.

## شێوازەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی

لە کارە سەرەکییەکانی پرۆسەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی چەند شێوازێکی گرنگ دیاریکراوە کە خۆی لە شێوازی تاکی و شێوازی بە کۆمەڵدا دەبینێتەوە و هەروەها ئاماژە بە گرینگترین ئەرکەکانی سەرپەرشتیار کراوە لەڕووی ڕێنمایی و بەدواداچوون و پرۆسەی هەڵسەنگاندن لەم شێوازانەدا.




## هەڵسەنگاندن

لە بەشی هەڵسەنگاندندا، کە بە ئەرکی سەرەکیی سەرپەرشتیار دادەنرێت و ئامانجەکەی دیاریکراوە بە ڕاستکردنەوە یان چاکسازی، بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و شێوازی سەردانیکردنی سەرپەرشتیاران لە شێوازە نەریتییەکەی گۆڕدراوە بۆ شێوازێکی سەردەمییانە و بەپێی پێداویستیی مامۆستایان بۆ سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندنیان، کە پۆلینکراوە بەپێی ساڵانی خزمەت:

**گروپی یەکەم:** ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە کە خزمەتیان لە نێوان (١ – ١٠) ساڵە، کە ساڵانە (٢) سیمینار و (٢) سەردانیکردن دەیانگرێتەوە و ساڵانەش هەڵدەسەنگێندرێن.

**گروپی دووەم:** ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە کە خزمەتیان لە نێوان (١١ – ٢٥) ساڵە، کە لە دوو ساڵدا جارێک هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت و کە ئەمانیش ساڵی یەکەم سیمینارێک و یەک سەردان، بەڵام لە ساڵی دووەم سیمینارێک و دوو جار سەردانیان دەکرێت.

**گرووپی سێیەم:** ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە کە خزمەتیان لە (٢٥) ساڵ زیاترە، ساڵانە بەمەبەستی ڕێنماییکردن سەردانیان دەکرێت، بەڵام هەڵسەنگاندنیان بۆ ناکرێت. ئەو مامۆستایانەی لە قوتابخانە ناحکومییەکاندا دەوام دەکەن و خزمەتیان لە (١ – ٥) ساڵە، ساڵانە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت، بەڵام ئەو مامۆستایانەی کە خزمەتیان لە (٦ ـ ٢٥) ساڵە و لە (٢٥) ساڵ زیاترە هەمان سیستەمی سەردانیکردن لە قوتابخانە حکومییەکان دەیانگرێتەوە.

- سەرەڕای ئەم هەڵسەنگاندنەی سەرەوە، پێویستە قوتابخانەکان وەک دەزگایەکی فێرکاری بە پێی پلانێک هەڵسەنگاندنی دەرەکی و هەڵسەنگاندنی خۆیی بە پێی ستانداردەکان و نیشاندەرەکان بۆ بکرێت.

| گرووپ | ساڵانی خزمەت | هەڵسەنگاندن | سەردان | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | سیمینار | ڕێنمایی | بەدواداچوون | هەڵسەنگاندن |
| ١ | ١٠.١ | هەموو ساڵێك | ٢ | ١ | . | ١ |
| ٢ | ٢٥.١١ | دووساڵ جارێك | ١ | 2 بەدووساڵ | . | ١ ساڵی دووەم |
| ٣ | لە ٢٥ زیاتر | ناکرێت | ١ | ١ | . | ناکرێت |

# ئاستەکانی هەڵسەنگاندن و کارکردن بە دەرئەنجامی هەڵسەنگاندن :

| ژ | نمرە | ئاست | سەرپەرشتیار | بەڕێوەبەرو یاریدەدەر | مامۆستا |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 0 – 49 | بە پێی پێوەرەکان نیە | بخرێتە خولی بەهێزکردن بۆماوەی (45)ڕۆژ،ئەگەر بۆساڵی دووەم هەمان ئاست بوو بگەڕێتەوە بۆ مامۆستایی | بخرێتە خولی بەهێزکردن بۆماوەی( 45)ڕۆژ،ئەگەر بۆساڵی دووەم هەمان ئاست بوو بگەڕێتەوە بۆ مامۆستایی | بخرێتە خولی بەهێزکردن بۆماوەی(45)ڕۆژ،ئەگەر بۆساڵی دووەم هەمان ئاست لادەبرێت لەکاری مامۆستایی |
| 2 | 50- 59 | پەسەند | بخرێتە خولی بەهێزکردن بۆماوەی (15)ڕۆژ | بخرێتە خولی بەهێزکردن بۆماوەی (15)ڕۆژ | بەشداری خولی دوو هەفتەیی بکات |
| 3 | 60 – 69 | ناوەند | بەئاسایی دادەنرێت | بەئاسایی دادەنرێت | بەئاسایی دادەنرێت |
| 4 | 70 – 79 | باشە | بەئاسایی دادەنرێت | بەئاسایی دادەنرێت | بەئاسایی دادەنرێت |
| 5 | 80 – 89 | زۆر باشە | بەئاسایی دادەنرێت | بەئاسایی دادەنرێت | بەئاسایی دادەنرێت |
| 6 | 90 – 100 | نایاب | لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە ڕێزو سوپاسی ئاراستە دەکرێت | لەلایەن (ب،گ،پەروەردەوە) ڕێزو سوپاسی ئاراستە دەکرێت | لەلایەن(ب،گ،پەروەردەوە) ڕێزو سوپاسی ئاراستە دەکرێت |

# مەرج و پێوەرەكان

لـەم تـەوەردا مـەرج و پێوەرەكانـی تایبـەت بـە دانانـی بەڕێوەبـەری سـەرپەرشـتیكردنی پەروەردەیی پارێزگا و قەزاكان.

| مەرجەكان | بەڕێوەبەری سەرپەرشتیكردن | سەرپەرشتیاری یەكەم | سەرپەرشتیار |
|---|---|---|---|
| بڕوانامە | بەكالۆریۆس یان بەرزتر | بەكالۆریۆس یان بەرزتر | بەكالۆریۆس یان بەرزتر |
| سالآنی خزمەت | 5سالآ لەبواری سەرپەرشتیكردن كەمتر نەبێت | 3سالآ لەبواری سەرپەرشتیكردن كەمتر نەبێت | دبلۆم / 13 بكالۆریۆس- 12 / دبلۆمی بالآ-11/ ماستەر-10 / دكتۆرا-9 |
| نمرەی تاقیكردنەوە | بە C.V دەبێت | بە C.V دەبێت | 60 و بەرەوژوور |
| تەمەن | (58)سالآ زیاتر نەبێت | 58سالآ زیاتر نەبێت | 50 سالآ زیاتر نەبێت |
| كەسایەتی | خاوەن ئەزموون و سەركەوتوو | خاوەن ئەزموون و سەركەوتوو | خاوەن ئەزموون و سەركەوتوو |
| سزا | نابێت هیچ سزایەكی لیژنەی لێكۆڵینەوەی هەبێت | نابێت هیچ سزایەكی لیژنەی لێكۆڵینەوەی هەبێت | نابێت هیچ سزایەكی لیژنەی لێكۆڵینەوەی هەبێت |
| نمرەی هەڵسەنگاندن | دووساڵی كۆتایی لە (باشە) كەمتر نەبێت | دووساڵی كۆتایی لە (باشە) كەمتر نەبێت | دووساڵی كۆتایی لە (باشە) كەمتر نەبێت |

## سەرنج:

دانانـی یاریدەدەرانـی سـەرپەرشـتیاری یەكـەم و بەڕێوەبـەری سـەرپەرشـتیكردنی پەروەردەیی پارێزگا بە ( C.V ) دەبێت.

## پێوەرەکان :

| پێوەرەکان | نمرە بۆ | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بۆ هەر ڕێزوسوپاسێکی | | بڕوانامە | | | سزا(بەمەرجێك بە لیژنەی لێکۆڵینەوە نەبێت) | هەڵسەنگاندن بۆ دووساڵی کۆتایی | | چاوپێکەوتن | ساڵانی خزمەت |
| | وەزیر | بەڕێوەبەری گشتی | دبلۆمی باڵا | ماستەر | دکتۆرا | | نایاب | زۆرباشە | | |
| بەڕێوەبەری سەرپەرشتیکردن | 4 | 2 | 3 | 5 | 9 | 6 | 10 | 7 | 25 | 4 نمرە بۆ هەرساڵێك دوای پێنج ساڵی خزمەتی سەرپەرشتیاریی |
| | کۆ=20 نمرە | | کۆ = 9 نمرە | | | | کۆ = 20 نمرە | | | کۆ = 20 نمرە |
| سەرپەرشتیاری یەکەم | 4 | 2 | 3 | 5 | 9 | 5 | 10 | 7 | 30 | 2نمرە بۆ هەرساڵێك دوای سێ ساڵی خزمەتی سەرپەرشتیاریی |
| | کۆ = 20 نمرە | | کۆ = 9 نمرە | | | | کۆ = 20 نمرە | | | کۆ = 16 نمرە |
| سەرپەرشتیار | 0.5 | | A | B | C | 2 (هەر سزایەك یەك نمرە کەم دەکاتەوە | 2 | 1 | 10 | |
| | کۆ = 4 نمرە | | 60 | 10 | 10 | | کۆ = 4 نمرە | | | |

## سەرنج:

A / تاقیکردنەوەی پسپۆڕی

B / تاقیکردنەوەی زانیاری گشتیی و بواری پەروەردە.

C / تاقیکردنەوەی بواری زانستی کۆمپیوتەر.

## چەند فۆرمێکی پێویست بۆ کاری سەرپەرشتیاری

ئەو فۆرمانەی پێویستن بۆ کاری سەرپەرشتیار پوختکراون و لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە لە تەوەری سەرپەرشتیکرن گفتوگۆی لە سەر کراوەو پەسەند کراوە.

لیژنەکان

هەموو ئەو میکانیزم و ڕێکاریانەی پێویستن بۆ کاری سەرپەرشتیاران و لە ناوەرۆکی تەوەری سەرپەرشتیکردندا، کە بۆ کۆنگرە ئامادە کرابوون وەک:

١. ئامانجە پەروەردەییەکان لە باخچەی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی و قۆناغی ئامادەیی بە هەردوو بەشی ئەکادیمی و پیشەیی.

٢. لیژنەکان، بە تایبەتی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کیشە پەروەردەییەکان.

پێشنیار کرا لە لایەن ئەندامانی تەوەرەوە تا ڕەزامەندی لەسەر بدرێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بخرێنە دووتوێی ڕێبەری سەرپەرشتیاری.

## ڕاسپاردەکان

١. بەڕێوەبەرایەتی گشتیی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی لە ڕووی کارگێڕی و داراییەوە سەربەخۆبێت بە مەبەستی زیاتر کاراکردنی ڕۆڵی سەرپەرشتیاران.

٢. کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەک بە ناوونیشانی (ب. هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون).

٣. پێشنیاز دەکەین پرۆسەی سەرپەرشتیکردن بۆ هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی لێکجیابکرێتەوە، تەنها لەسەر ئاستی یەکەی سەرپەرشتیکردن بێت و بەم شێوەیە:

ئـ. لە هەر قەزایەکدا یەکەی سەرپەرشتیکردنی بنەڕەتی و باخچەی منداڵان هەبێت.

ب. لە هەر پارێزگایەکدا بەپێی پێویستی و هەڵکەوتەی جوگرافی، یەکەکانی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی بەم شێوەیە بێت:

- پارێزگای هەولێر / دوو یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی
- پارێزگای سلێمانی / سێ یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی
- پارێزگای دهۆک / دوو یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی
- ئیدارەی گەرمیان / یەک یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی
- پارێزگای هەڵەبجە/ یەک یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی
- پارێزگای کەرکوک / یەک یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی

٤. کردنەوەی یەکەی ژمێریاری و سەرجەم بەشەکانی تری پێویست لە ڕووی کارگێڕی و دارایی لە بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پارێزگاکان.

٥. شێوازی سەردانیکردنی سەرپەرشتیاران لە شێوازی نەریتی، بگۆڕدرێت بۆ شێوازێکی سەردەمی و بەپێی پێویستی مامۆستایان، بۆ سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندن بێت، کە پۆلینکراون بەپێی ساڵانی خزمەتکراون بۆ سێ گروپ:

**گروپی یەکەم:** ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە، کە خزمەتیان لە نێوان (١ – ١٠)ساڵە، کە ساڵانە (٢)سیمینار و (٢)سەردانیکردن دەیانگرێتەوە و ساڵانەش هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت.

**گرووپی دووەم:** ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە کە خزمەتیان لە نێوان (١١ ـ ٢٥) ساڵە، کە لە دوو ساڵدا جارێک هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت و کە ئەمانیش ساڵی یەکەم یەک سیمینار و یەک سەردانیکردن بەڵام لە ساڵی دووەم سیمینارێک و دوو جار سەردانیان دەکرێت.

**گرووپی سێیەم:** ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە کە خزمەتیان لە (٢٥)ساڵ زیاترە، ساڵانە سەردانی ڕێنمایی دەکرێن، بەڵام هەڵسەنگاندنیان بۆ ناکرێت.

## تێبینی:

ئەو مامۆستایانەی لە قوتابخانە ناحکومییەکاندا دەوام دەکەن و خزمەتیان لە (١— ٥) ساڵە، ساڵانە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت، بەڵام ئەو مامۆستایانەی کە خزمەتیان لە (٦-٢٥)ساڵە و لە (٢٥) ساڵ زیاترە، هەمان سیستمی سەردانیکردن لە قوتابخانە حکومییەکان دەیانگرێتەوە.

٥. سەرجەم قوتابخانەو خوێندگاکان ساڵانە دەبێت هەردوو هەڵسەنگاندنی خۆیی و دەرەکیان بۆ بکرێت.

٦. سەرپەرشتیاران جگە لە ئەرکی سەردانیکردن و بە هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون، هیچ ئەرکیکی تریان پێ نەسپێردرێت.

٧. کارکردن بە دەرەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان و کە سەرپەرشتیاران دەیکەن و جێبەجێکردنی سزا و پاداشت لەسەر ئەو بنەمایە.

* ئەم پلەو پۆستانەی خوارەوە بە (سی ڤی) و بە پێی مەرج و پێوەر وەردەگیرێن.
* بەڕێوەبەری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پارێزگا.
* یاریدەدەری بەڕێوەبەری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پارێزگا.
* سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردەیی
* پلەی سەرپەرشتیاری

٨. دەستنیشانکردنی ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەم پۆستانەی خوارەوە:

- بەڕێوەبەری گشتیی سەپەرشتیکردنی پەروەردەیی
- یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی سەپەرشتیکردنی پەروەردەیی

- بەڕێوەبەری سەپەرشتیکردنی پەروەردەیی پارێزگا
- سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردەیی
- سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆری
- سەرپەرشتیارانی باخچەی منداڵان

چوارەم:

# تەوەری بەڕێوەبردن

## پێناسە و گرنگی بەڕێوەبردن:

پرۆسەی بەڕێوەبردن بریتییە: لە پلاندانان، بڕیاردان، ڕێکخستن، سەرکردایەتیکردن، هاندان و چاودێریکردن، کە بەرجەستە دەکرێت بە مەبەستی دابینکردنی سەرچاوەی مرۆیی و ماددی، دارایی و زانیاری ڕێکخراو، ئەمەش بە مەبەستی یەکخستن و گۆڕینی بۆ وەبەرهێنان، یان بۆ بەدەستهێنانی بەرهەم بەشێوەیەکی کارا و کارامە بۆ هێنانەدی ئامانجە تاک و گشتییەکانی پەروەردە بە باشترین کوالێتی و کەمترین(تێچوون، کات)،کە توانای خۆگونجاندنی بەردەوامی لەگەڵ خواستەکانی ژینگە هەبێت.

## بڕگەی یەکەم: گرفت و ئاستەنگەکانی بەڕێوەبردنی کەرتی پەروەردە

## یەکەم: گرفتەکانی بەڕێوەبردن

١. چڕبوونەوەی دەسەڵاتی بڕیاردان و فەرمانەکان بە گشتی و کارە هەنوکەییەکان بەتایبەتی لە دەست سەرکردایەتی پەروەردە واتە نەبوونی ناناوەندی لە بەڕێوەبردندا.

٢. نەبوونی پلانێکی ستراتیژی زانستی تۆکمە.

٣. پابەندنەبوون بە سیستەم و ڕێنماییەکانی پێناسەی فەرمانبەری (الوصف الوظيفي).

٤. ڕەچاونەکردنی زنجیرەی بەدواداچوونی کارەکان و بازدان بەسەر هەنگاوە پێویستەکاندا.

٥. پشتنەبەستن بە زانیاریی و داتای کۆکراوە، هەروەها نەبوونی مەرجە پێویستەکان لە داتاو زانیارییەکان.

٦. بڕیاردان و ڕێنماییدەرکردن بەبێ پشتبەستن بە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە ڕووی (چۆنایەتی و چەندایەتی).

٧. خۆئامادەنەکردن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندن، بۆ نمونە میلاکی مامۆستایان، ساڵنامەی خوێندن و نەگەیشتنی کتێب لە کاتی خۆیدا.

٨. نەبوونی پەیکەرێکی ڕێکخستنی گشتیی و هاوچەرخ لە سەرجەم ئاستەکانی بەڕێوەبردندا (وەزارەت، بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی قەزاکان، قوتابخانەکان).

٩. نەبوونی میکانیزمێکی ئەکادیمی زانستی و کارگێڕی بۆ ئامادەکردن و دانانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان.

## دووەم: گرفتی رامیاری و کۆمەڵایەتی و هونەری

١. نەبوونی ئامانجێکی هاوبەش بۆ سیستەم و ئایندەی پەروەردە.

٢. دابونەریتە بەجێماوەکان و باوەڕنەبوون بە گۆرانکارییەکانی سەردەم، کە دەبنە کۆسپ لە بەردەم پێشکەوتن وەک(جیاکردنەوەی نێر و مێ لە قوتابخانە لە سەر ئاستی قوتابی و مامۆستا ) و بایەخنەدان بە بابەتی هونەر و وەرزش.

٣. سودوەرنەگرتن لە تەکنەلۆژیای سەردەم.

٤. پشتگوێخستنی کەسانی لێهاتوو لە بواری پەروەردەدا بە گشتی و پشتبەستن بە کەسانی شارەزا کە لە دەرەوەی وڵات ژیاون و ئەزمونی کوردستانیان نییە.

٥. کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دانانرێت.

٦. پەیوەندی لە نێوان قوتابخانە و کۆمەڵگە لاوازە.

٧. گرفتەکانی پەیوەست بە ژینگەی پۆل و قوتابخانە

## سێیەم: گرفتە گشتییەکان :

١. نەبوونی فەلسەفەیەکی پەروەردەی رون و ئاشکرا لەلایەن حکومەتی هەرێم.

٢. نەبوونی پێوەری رون و دیاریکراو بۆ دیاریکردنی رێژەی پێکانی ئامانجەکان.

٣. لاوازی لە پلاندانانی مەشقپێکردن و راهێنانی کارمەندان و مامۆستایانی پەروەردە بەر لە دامەزراندن و لە دوای دامەزراندیان.

٤. نەبوونی هاندەر یان خراپی ئامرازەکانی هاندانی سەرکردەکانی پەروەردە و قوتابخانەکان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و گوزەرانیان بۆ پاراستنی پیشەکەیان و هانا نەبردن بۆ کارێکی تر.

٥. لاوازی بەرێوەبەرایەتی پەروەردە لە پاراستنی شکۆی مامۆستا.

٦. کەمی ژمارەی توێژەرانی پەروەردە، کۆمەڵایەتی، دەروونی و لاوازی لە بەجێهێنان.

٧. پەیڕەونەکردنی دیسپلین و لێپێچینەوە لە مامۆستای لاواز و دیارینەکردنی چارەنووسی.

٨. کارانەبوونی ئەنجومەنی دایبابان لە قوتابخانەکان.

## برگەی دووەم: پێشنیاز و راسپاردن:

١. دانان و پەسندکردنی سیستەمی ناوخۆی دامودەزگەکانی وەزارەتی پەروەردە.

٢. دروستکردنی ئەنجومەنێکی پەروەردەی فراوان لە پەروەردەی قەزاکان و پەیمانگەکان

و قوتابخانەکان، بە بەشداریکردنی ئەندامانی کومەڵگەی مەدەنی و دایبابان و فەرمانگە پەیوەندارەکان و ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت، بە ناوی (دەستەی بیروڕا) بۆ سود وەرگرتن لە لێهاتوی و شارزاییان.

٣. جەختکردنەوە لە ڕێگرتن و دەستوەردانی دەرەکی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە دانانی بەڕێوەبەر.

٤. جەختکردنەوە لەسەر پەیڕەوکردنی پێوەری دانانی بەڕێوەبەر.

٥. بەگەڕخستنی مانا و پەیوەستییەکانی وەسفی فەرمانبەری بۆ پۆستی بەڕێوەبردن.

٦. جەختکردنەوە لەسەر وەرگرتنی ڕەزامەندی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی پەروەردە و فێرکردن.

٧. جێگیرکردنی میلاکی ساڵانە پێش دەستپێکردنی ساڵی خوێندن و پێدانی دەسەڵاتی پێویست بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، لە ڕوی کارگێڕی و دارایی و پیشەیی بە تایبەتی لە بوارە بەپەلە و هەنوکەییەکانی فەرمانگەکان و پێدانی دەسەڵاتی دامەزراندن بە گرێبەست بۆ یەکەم جار.

٨. گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی پەروەردە لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوەکان، بە تایبەتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک(یونسیف و یونسکۆ).

٩. ڕێکخستنی کارتی قوتابخانە بەپێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم.

١٠. کاراکردنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی سەرپەرشتیاریی پەروەردە و دڵنیایی جۆری و پێدانی ڕۆڵی زیاتر بە سەرجەم سەرپەرشتیاران بە پێی بنەمای پیشەیی.

١١. دامەزراندن و کاراکردنی ڕۆڵی توێژەرانی (بواری پەروەردە، کۆمەڵناسی و دەروونزانی) لە هەموو قوتابخانەکان.

١٢. بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی مامۆستایان (لە پێدانی دەرماڵە و جیاوکەکانی تر) بۆ ئەوەی مامۆستا بەتەواوی خۆی بۆ ئەرکی پەروەردە تەرخانبکات، هەروەها یاسایەکی تایبەت بە ڕاژەی پەروەردە هاوشێوەی (خزمەتی زانکۆیی) لە ڕێگای کۆمەڵێک پێوەری زانستی دابنرێت. (هەروەها دانانی یاسای پاراستنی قوتابی و مامۆستا).

١٣. دانانی پێوەرێکی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە، بۆ ئەوانەی لە کۆلێژەکانی پەروەردە و پەروەردەی بنیات وەردەگیرێن.

١٤. گرنگی و بایەخدان بە ژینگەی خوێندن.

١٥. کاراکردنی ئەنجومەنی دایبابان و دروستکردنی پەیوەندی بەردەوام لەنێوان هەر سێ

کۆڵەگەی پەورەردە (دایباب، مامۆستا، قوتابی)، لەپێناو چاودێریکردنی پرۆسەی خوێندن و پـەروەردە بەشـێوازێکی تەندروسـتانە و دروسـتکردن و پتەوکردنـی پەیوەنـدی نێـوان بەڕێوەبەر و کەسـوکاری قوتابییان/خوێندکاران، لە ڕێگەی دابینکردنی پێداویسـتییەکانی تەکنەلۆژیـای زانیاریـی لـە قوتابخاندا، بۆ ئەوەی پرۆسـەی خوێندن و پەروەردە تۆکمەتر بێت.

١٦. بەردەوامـی و پابەندبوونـی بەڕێوەبـەر و یاریدەدەر بە گوتنەوەی ئەو بەشـەوانانەی بۆیـان دیاریکـراوە، تاکـو دانەبڕێـن لە پسـپۆڕییەکەیان بەمەرجێک بـۆ بەڕێوەبەر لە (٥) بەشـە وانـە و یاریـدەدەر لـە (١٠) بەشـە وانـە کەمتـر نەبێـت و چاوپێخشـاندنەوە بەو قوتابخانانەش بکرێت کە ژمارەی قوتابی و مامۆستایانیان کەمە بەمەبەستی زیادکردنی بەشەوانەی بەڕێوەبەر و یاریدەدەر کە ئەویش بە ڕێنمایی ڕیکبخرێت.

١٧. جێبەجێکـردن و پەیڕەوکردنـی پێوەرەکانـی قوتابخانـەی هاوڕێ لـە سـەرجەم قوتابخانەکاندا، بەتایبەتی ئاڵوگۆڕی دیداری ئەزمونی لە نێوان قوتابخانەکان لە سنوری یەک پەروەردەدا.

١٨. پێویستە لە قوتابخانەکان چاودێری تەندروستی، یان کارمەندی تەندروستی دابنرێت.

١٩. پێداچوونەوە بە رینمایی تایبەت بە ژمارەی یاریدەدەران لە قوتابخانەکان بەمەرجێک ئـەو قوتابخانانـەی کـە ژمارەی قوتابییانیان لە (١٠٠) کەمترە هیچ یاریدەدەرێکی نەبێت و پاشـان بـۆ هـەر (٢٠٠) قوتابـی یاریدەدەرێکـی بـۆ دابنرێت و لە (٤) یـاردەدەر زیاتر نەبێـت و بـەم شـێوەیەی خـوارەوە، بەپێـی ڕێنمایـی تایبـەت ڕێکبخرێـت و ئەرکـی هـەر یاریدەدەرێکیش دیاری بکرێت:

- لە (١٠١ - ٢٠٠) قوتابی یەک یاریدەدەری هەبێت.
- لە (٢٠١ - ٤٠٠) قوتابی دوو یاریدەدەری هەبێت.
- لە (٤٠١ - ٦٠٠) قوتابی سێ یاریدەدەری هەبێت.
- لە (٦٠١ - بە سەرەوە) قوتابی چوار یاریدەدەری هەبێت.

٢٠. دانانـی یاریـدەدەر بـۆ بەڕێوەبـەری پەروەردەی قەزاکان بـە هەمان ماف و جیاوکی بەڕێوەبەر.

٢١. دیاریکردنی ماوەی کارکردنی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزاکان بۆ دوو خولی چوار ساڵی، کە بۆ چوار ساڵی خولی دووەم مافی کێبڕکێی لە هەمان پەروەردەدا هەبێت.

٢٢. هـەر بەڕێوەبەرێـک ڕێـژەی دەرچوونی بە بەراورد لەگەڵ سـاڵی پێشـوو کەمی کرد،

دەکرێت لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت و لابدرێت، بەڵام ئەگەر ڕێژەی دەرچوونی زیادیکرد، پاداشت بکرێت و پاداشتەکەیشی بەپێی ڕێنمایی ڕێکبخرێت.

**بڕگەی سێیەم:** سەرپەرشتیکردن و خستنەڕووی پێشنیازەکان بۆ چارەسەرکردنی

## گیروگرفتەکان:

گیروگرفتەکان لەڕێگەی سەرکردەی پەروەردەکاری لێهاتوو چارەسەر بکرێت، کە دەبێت خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەتی زانستی و هونەری بێت و چەند مەرجێکی تێدا بەدی بکرێت، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە.

**یەکەم: خەسڵەت و پێوەرەکانی سەرکردەی پەروەردە (بەڕێوەبەر):**

بەڕێوەبەر، پەروەردەکارێکی لێهاتوو و زرنگ و مەیدانییە و بڕوا و متمانەی بەخۆی هەیە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، پشت بە ئەزموون و هۆیەکانی فێرکاریی و پەروەردەیی دەبەستێت.

- شارەزای فەلسەفە و سیاسەت و ئامانجەکانی پەروەردە و پرەنسیپەکانی کارگێڕیی بێت
- ئاگاداری ڕێگەکانی وانە گوتنەوەی هاوچەرخ بێت.
- زانیاریی لە بابەت ئەو پێداویستییانەی، کە پەیوەستن بە باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگەکان هەبێت.
- ڕابەر و بەڕێوەبەرێکی گونجاو بێت بە پێی زانستی دەروونزانی و کۆمەڵناسی.
- هونەرمەند بێت لە چۆنیەتی دروستکردنی ژینگەی لەبار بۆ ژیان و گوزەرانی قوتابییان لە ناوەوە و دەرەوەی قوتابخانە (ماڵ).

**تواناو لێهاتوویی :**

- متمانەی بەخۆی بێت لە ڕابەرایەتیکردندا و هاندەر بێت لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا.
- پێشنیازکردن و ڕێنمایدان لە شێوازی کارکردن.
- ڕاوێژ و گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوکارانی و بەهەند وەرگرتنی بیروبۆچوونەکانیان.

• بەگەڕخستنی گشت ئامراز و سەرچاوەکانی قوتابخانە بە شێوەیەکی کاریگەر و گونجاو.

• دروستکردنی لینک و پەیوەندی هەمەجۆر لە ناوەوە و دەرەوەی قوتابخانەدا.

**بەها و ڕەفتارەکان:**

• لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی لە بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە و فێرکردن و فێربوونی هەمیشەیی و رابەرایەتیکردن لە قوتابخانەدا.

• چاندنی گیانی تەبایی و هەماهەنگی و بەشداریپێکردنی مامۆستا و دایبابان لە سەر بنەمای بەها مرۆڤییەکان.

• بەشداریپێکردنی مامۆستایان و کەسوکاری فێرخوازان و ئەندامانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سنورەکە لە دروستکردنی بڕیار، کە مایەی چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسین.

• پەیڕەوکردنی دادپەروەری و یەکسانی لە ئەرک و بەرپرسیاریەتی و بەدواداچووندا.

• هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ بەجێهێنانی خۆی بە مەبەستی چارەسەرکردنی خاڵە لاوەزەکان.

• چاندنی گیانی پێشبرکێی دادپەروەرانە لە نێوان مامۆستایان و قوتابییان بە هەمیشەیی بە پێوەری کرداری و تیۆری.

• چاندنی گیانی هاوڵاتیبوون و بەها نیشتیمانییەکان، پەروەردەکردنی قوتابی بە گیانی ئەوەی بەرژەوەندی گشتی بخاتە سەرووی بەرژەوەندی کەسی.

**دووەم: مەرجەکانی دانانی بەڕێوەبەر**

پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە لە دانانی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان، قوتابخانە. خوێندنگە و پەیمانگەکان هەبێت:

١. دەبێت بۆ پۆلەکانی (١ ـ ٦) بەلایەنی کەمەوە خاوەنی بڕوانامەی دبلۆم بێت، یان بەکالۆریۆسی هەبێت. بۆ پۆلی (٧ ـ ١٢)یش بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بێت.

٢. پێویستە بەشداری خولی شیاندنی مامۆستایانی کردبێت، جگە لە دەرچووانی کۆلێژی پەروەردە و کۆلێژی بنەڕەتی.

٣. ماوەی ڕاژەکردنی کرداری وەکو مامۆستا لە (٥ ـ ٧) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت لەناو پارێزگا و بۆ شارەدێ و شارەکان (ناحیە و قەزا) لە (٣ ـ ٥) ساڵ کەمتر نەبێت، لەشوێنە

دووره دەستەکانیش بەشێوەی کاتی دابنرێت. بەبێ ڕەچاوکردنی ماوەی ڕاژەکەی.
٤. شارەزایی لە تەکنۆلۆژیای زانیاری هەبێت.
٥. دەبێت بەشداری لە خولی تایبەت بە کارگێڕی و بەڕێوەبردن کردبێت، کە ساڵانە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی پارێزگاکانەوە دەکرێتەوە .
٦. ناوبانگێکی کۆمەڵایەتی باشی هەبێت و پەروەردەکارێکی لێوەشاوە بێت.
٧. باوەڕی بە بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی و دادپەروەری و ژینگەپارێزی هەبێت.
٨. هیچ سزایەکی لیژنەی لێکۆڵینەوەی ئابڕووبەر و گەندەڵکاری نەدرابێت.
٩. چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکرێت و زمانێکی پاراو کەسایەتییەکی گونجاوی هەبێت.
١٠. نهێنییەکانی کار بپارێزێت.

## بڕگەی چوارەم: ڕاسپاردەکان

١. وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە پەسەندکردنی سیستەمی قوتابخانەو پەیمانگەکان و دام و دەزگەکانی پەروەردە (النظام الداخلي)، کە تەنا دەسەڵاتی ئەوانە، یان دەسەڵاتدان بە ئەنجومەنی وەزارەت .
٢. دەرکردنی پڕۆژە یاسایەک دەربارەی چاککردنی بژێوی مامۆستایان و پاراستنی شکۆ و کەسایەتی و پیشەکەیان و جیاکردنەوەی لە یاسای خزمەتی شارستانی وەک یاسای خزمەتی (سەربازی - زانکۆکان...هتد ).
٣. وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابوری بۆ پەسەندکردنی میلاکی وەزارەتی پەروەردە لە فەرمانبەر و مامۆستا لە کاتی دانانی بودجەی ساڵانە، بەپێی پلەی بەتاڵ و بەشەوانەی مامۆستایان، کە ئەمە گرەنتی دەداتە چارەسەری کێشەو گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی خوێندن لە سەرجەم قوتابخانەو خوێندنگەکان بە کردەوە .
٤. سیستەمی تایبەت بە کۆمەڵگەی خوێندن (لە باخچە تا پەیمانگە) لەگەڵ پێوەری پێویست بۆ دیاریکردنی شوێن بۆ کردنەوەی ئەو کۆمەڵگەیە و دیاریکردنی ئەرک و دەسەڵات و بەرپرسیاریەتی دابنرێت.
٥. پەلەکردن لە جێبەجێکردنی پرۆسەی بەستنەوەی سەرجەم قوتابخانەو پەیمانگەکان بە تۆڕی ئینتەرنێتی وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و دابینکردنی کۆمپیوتەر و هێڵی هاوبەش بۆ ناوچەکان و دابینکردنی کارمەندی پسپۆر لەم بوارە.

٦. کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو داهاتانەی بۆ قوتابخانە دێن لە هەرلایەک بێ، بەپێی یاسا و داهاتی فرۆشگەی قوتابخانە و ڕێکخستنی بە سیستەمێکی ڕوون و دانانی لە حیسابی ڕەوەن (جاری)ی قوتابخانە و پەیمانگەکان و دەسەڵات بدرێتە دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان بۆ خەرجکردنی پێویست، دەبێت چاودێریب کرێ لەلایەن دەستەی چاودێری دارایی . ئەویش لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی.

ب. بەکرێدانی فرۆشگەی قوتابخانە و پەیمانگەکان بە کۆمپانیاکان بدرێت لە جیاتی تاکە کەس و بەپێی یاسای زیادکردنی ئاشکرای پەیڕەوکراو بێت، هەروەها ڕەچاوی باری گوزەران و ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و باری ئابوری قوتابی و خوێندکاران و بەرژەوەندییە گشتییەکان لە بەڕێوەبردن و نرخدانان و پاکوخاوێنی و لێپرسینەوە بکرێت.

٧. پێشنیاز دەکەین لە دوای ئەوەی بەڕێوەبەر دوو خولی چوارساڵی بەسەرکەوتوویی تەواوکرد، ئەگەر ڕێژەی ٣/٢ ی دەنگەکان بەدەست هێنا، بۆ خولی سێیەم لە قوتابخانە و پەیمانگەیەکی تر بمێنێتەوە.

٨.پاڵپشتیکردن و کاراکردنی دەسەڵات و بڕیارەکانی دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابخانە و پەیمانگەکان و چەسپاندنی بڕیارەکانیان بە فەرمانی وەزاری بە مەبەستی هاندانیان و بەگەڕ خستنی تواناکانیان.

٩. پۆشینی بەرسینە لەسەر بەرگی فەرمیی، لە لایەن مامۆستایان (بە ڕەچاوکردنی جلی سادەو سروشتی بێ ڕیش و قژی درێژ بۆ مامۆستای پیاو) و یەکپۆشیی بۆ فێرخوازان، کە دیاردەیەکی شارستانییەو ڕێگرە لە دەرخستنی جیاوازی کۆمەڵایەتی و چینایەتی، سەرەڕای بەرقەرارکردنی جۆرێک لە دادپەروەری لە قوتابخانە کە ئێستا ئارەزوومەندانەیە.

١٠. ئامادەکردنی فەرمانبەر و کارمەند و مامۆستا لە پسپۆڕانی توێژەری پەروەردە و کۆمەڵناسی و دەروونناسی بۆ یەکەم هەنگاو، دواتر ئەگەر میلاکەکان پڕ نەبوونەوە، هانا ببرێت بۆ ڕابەرانی پەروەردەیی لە قوتابخانە، بە ڕاهێنان و خولی تایبەت میلاکی توێژەران لە قوتابخانەکان و پەیمانگاکان پڕ بکرێتەوە.

١١. بەمەبەستی کاراکردنی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری، ڕاسپاردەمان ئەوەیە توێژی سەرپەرشتیاران بە باڵاترین دەسەڵات بلکێنرێن، جا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان پەرلەمان بێت، بەهۆی گرنگی ڕۆڵی ئەم توێژە لە هەڵسەنگاندنی بەجێهێنانی مامۆستا

و قوتابخانە و پەیمانگەکان.

١٢. دانان و دامەزراندنی پلەی سەرپەرشتیاری پسپۆری تایبەت بە پەیمانگەکان.

١٣. پێشنیاز دەکەین چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە نۆژەن بکرێتەوە، یان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان و کەرتی تایبەت، چاپخانەیەکی تری پێشکەوتوو دابمەزرێت.

١٤. داڕشتنی سیستەمێکی هاوبەش لە نێوان هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بۆ پێدانی نازناوی زانستی بۆ ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانەی، کە بڕوانامەی باڵا بە دەستدێنن، بەپێی مۆڵەتی خوێندنی فەرمی، لە وەزارەتی پەروەردە و پێدانی هەموو ماف و جیاوگ (امتیاز)ەکان هاوشانی خاوەن بڕوانامەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا.

١٥. ئاگادارکردنەوەی دەستەی وەبەرهێنان، بۆ چەسپاندنی مەرجی دروستکردنی قوتابخانە و خوێندنگەی پێویست و گونجاو لەسەرجەم ئەو یەکە نیشتەجێیانەی کە رەزامەندی دەدرێت و ڕەزامەندی لەسەر دراوە، بۆ کەرتی تایبەت، کە وەک مەرجێکی سەرەکی ببێتە موڵکی وەزارەتی پەروەردە و بەناویەوە تۆمار بکرێت.

١٦. هەموارکردنەوەی یاسای وەزارەتی پەروەردە، بەپێی پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە، کە بگونجێ لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم.

١٧. لە بەڕێوەبردندا پەیرەوی بنەمای قوتابخانە (School Based Management) بکرێت، کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی دارایی و کارگێڕیی بە قوتابخانە دەدات.

١٨. قوتابخانەکان پابەند بکرێن بە ڕەخساندنی کاتێکی گونجاو و مانگانە، بۆ ئەوەی توێژەر وشیاری تەندروستی بە قوتابییان بدات، کە خۆیان خولی ڕاهێنانیان بینیووە.

١٩. ڕێنماییدەرکردن بۆ دامەزراندن و کاراکردنی ئەنجومەنی دایبابان و مامۆستایان، بە پشتبەستن بە پێوەرەکانی قوتابخانەی هاوڕێ.

٢٠. بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و ئەنجومەنی دایبابان بەرپرس بکرێن لە بەکارهێنان و پاراستنی باڵەخانەی قوتابخانە و پاکڕاگرتنی ئاودەستەکان.

٢١. بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێراکردنی وەڵامدانەوەی داواکاری و مامەڵەکان و چارەسەرکردنی بێکاری داپۆشراو، پێویستە سود لە توانای بێکارەکان وەربگیرێت، دوو لیژنەی پسپۆر دروست بکرێن و دوای کۆنگرە دەستبەکاربن.

ئـا. داڕشتنی پەیکەری ڕێکخستنی پەروەردی قەزاکان لە تەوەرەکەمان تاوتوێکراو ڕاوبۆچوونی جیاوازی لەسەر دراو نەگەیشتینە دوا بڕیار، وەک خۆی ماوەتەوە.

ب.بەدواداچوونی مەیدانی بۆ ڕێکخستنەوەی میلاکی گشتیی پێویست لە کارمەند و

مامۆستایان لە پەروەردەی قەزا و قوتابخانە و پەیمانگەکاندا، دەبێت لە پەروەردەی گشتیی هەر پارێزگایەک لێژنەیەک دروستبکرێت بەپێی پێویست، بەشەوانەی پەیڕەوکراو جێبەجێبکرێت و ئەو لیژنەیە رادەسپێردرێت بۆ ڕێکخستنەوەی میلاک و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و چارەسەرکردنی لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

٢٢. مۆڵەتی دایکایەتی چاوی پێدابخشێندرێتەوە، کە کێشەیەکی گەورەی بۆ میلاکی پسپۆریی قوتابخانەکان دروستکردووە، هەروەها ڕێگەچارەیەک بۆ منداڵەکانیان بدۆزرێتەوە.

٢٣. ئەو قوتابخانە و باخچانەی باڵەخانەی سەربەخۆیان هەیە و ژمارەی قوتابیانییان گونجاوە لە پۆلەکان، دەکرێت یەک دەوامی بن و لە کاتژمێر (٨) بۆ (٢) ی پاش نیوەڕۆ، ڕۆژانی شەمە بکرێت بە ڕۆژی چالاکی.

پێنجەم:

# تەوەری قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان

## قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان

قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان: هەموو قۆناغەکانی خوێندن(باخچەی منداڵان، بنەڕەتی، ئامادەیی، پەیمانگە)کان دەگرێتەوە.

## پێناسەو فەلسەفەو ئامانجی خوێندنی ناحکومی:

١. پێناسەی خوێندنی ناحکومی: بریتییە لە خوێندنی گشتی، یان تایبەتی لە ناوەندەکانی خوێندن، کە کەرتی تایبەت بەرەزامەندی وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەی دەبات .

٢. فەلسەفەی خوێندنی ناحکومی: خوێندنی ناحکومی رۆلێکی کاراو گرنگی هەیە، لە پاڵپشتی و پشتگیرکردنی خوێندنی حکومی، لە پێشکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا لە رێگەی رەخساندنی دەرفەت بۆ وەزارەتی پەروەردە، بۆ دۆزینەوەی خاڵە لاوازو بەهێزەکان، هەروەها بوار بۆ کێبڕکێیەکی زانستی بەردەوام لە نێوان قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان دەخولقێنێت.

٣. ئامانجەکانی خوێندنی ناحکومی: بەشداریکردنی کەرتی تایبەتە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و لە ئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی، بە مەبەستی هاوکاریکردنی حکومەت لە بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو.

## گرنگترین ئامانجەکان ئەمانەی خوارەوەن:

١. پاڵپشتە بۆ خوێندنی حکومیی لە هەموو ئاستەکان.

٢. رۆڵێکی ئەرێنی دەگێڕێت لە پێشخستنی توانا مرۆییەکانی کۆمەڵگە.

٣. رۆڵێکی کارا دەبینێت لە بەهێزکردنی ژێرخانی ئابوری وڵات.

٤. بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لە زیادکردنی داهاتی تاک و کۆمەڵ.

٥. رەخساندنی دەرفەتی خوێندن بۆ وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی تاک.

٦. فەراهەمکردنی فێربوونی ئازاد بۆ تاکەکان بۆ ئەوەی سود لە هەموو پێداویستییەکانی فێرکردن و فێربوونی جیاواز وەربگرن.

٧. دەستپێشخەریکردن لە پێشکەشکردنی نوێکاری لە بواری فێرکردن و فێربوون، بەتایبەتی لە رووی بەکارهێنانی بەرنامەی تەکنیکی فێرکردنی مودێرن و پاڵپشتیکردنی چالاکی کۆمەڵایەتی، زانستی، وەرزشی و هونەری.

٨. هاوكارە بۆ كەمكردنەوەی ئەركی وەزارەتی پەروەردە.
٩. زیادكردنی توانستی زانستی بۆ نەهێشتنی كەموكوڕییەكان.
١٠. رەخساندنی بواری كێبركێ لە قوتابخانە حكومی و ناحكومییەكان، تاكو پڕۆسەی پەروەردە بگاتە دڵنیایی جۆری فێركردن.
١١. كاركردن بۆ بەستنەوەی شێوازی خوێندن بە گۆرانكارییە كۆمەڵایەتییەكان و تەكنەلۆژیای خێرا، كە كاردانەوەی گرنگی هەیە لە پەروەردە و فێركردندا.

## جۆرەكانی خوێندنی ناحكومی لە هەرێمی كوردستاندا

**١. قوتابخانە و پەیمانگە خۆماڵییەكان:**

ئەو قوتابخانە و پەیمانگە ناحكومییانەن، كە پڕۆگرام و سیستمی ئەزمونەكانی وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ هەندێك پرۆگرامی سەربار بەكار دەهێنن.

**٢. قوتابخانە و پەیمانگە بیانییەكان:**

ئەو قوتابخانەو پەیمانگەیانەن، كە سیستەم و پرۆگرامی فێركردنی باوەرپێكراوی وڵاتێكی بیانی پەیڕەو دەكەن یان سیستەمی ئەزموونی تایبەتی خۆی هەیە یا خود ئەزموونەكانی وەزارەتی پەروردەی هەرێم پەیڕەو دەكەن.

**٣. قوتابخانە نێودەوڵەتییەكان:**

ئەو قوتابخانە و پەیمانگە ناحكومییانەن، كە پڕۆگرام و سیستمی تایبەتی خۆیان هەیە و قوتابییەكانیان بۆ ئەزمونە نێودەوڵەتییە ناسراوەكانی وەك:(level A, level B, SAT ١, SAT٢, GCSC) ئامادە دەكەن. هەروەها لە چەندین وڵاتی دیكەدا هاوشێوەیان هەیە بە هەمان پڕۆگرام.

## باری ئێستای قوتابخانە و پەیمانگە ناحكومییەكان

- قوتابخانە و پەیمانگە ناحكومییەكان بە هەموو جۆرەكانییەوە، بە پسپۆری جیاجیاوە، بە زمانی خوێندنی جیاواز ساڵانە لە زیادبووندان.
- ئەم قوتابخانەو پەیمانگەیانەش ساڵانە بڕێك پارە لە قوتابی و خوێندكار وەردەگرن، جگە لە پارەی كتێبی خوێندن و جلوبەرگ و گواستنەوەیان. زیادبوونیشیان بەندە بە گەشەكردنی بواری ئابوری هەرێم و ویست بۆ خوێندنی ناحكومی و كوالێتی بەرز.
- **لە رووی كوالێتییەوە خوێندنی ناحكومی دەكرێت بە سێ بەش:**

١. ئەوانەن کە ئاستیان بەرزەو سەرکەوتوون.
٢. ئەوانەن کە ئاستیان مام ناوەندییە.
٣. ئەوانەن کە ئاستیان وەک پێویست نییە، پێویستە بەدواداچوونیان بۆ بکرێ و ئاگادار بکرێنەوە.

## بۆ بەرچاوڕونی زیاتر ئەم خالآنە دەخەینە ڕوو:

١. **ناوی قوتابخانە:** ناوی هەندێکیان لەگەڵ یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەت ناگونجێت، یاخود ناوی نێودەوڵەتییان لەخۆ ناوە ئەمەش لەگەڵ خاڵی(٣) لە یاسای قوتابخانە ناحکومییەکاندا ناگونجێت.
٢. **وەرگرتنی قوتابییان:** بەپێی سیستەمێکی روون و ڕێنماییەکانی وەزارەت نییە.
٣. زۆربەی قوتابخانەکان دیدو ئامانجی روونیان نییە بۆ وەرگرتنی قوتابییان و خوێندکاران.
٤. **کرێی خوێندن:** سالآنە بەبێ پلان نرخی خوێندن زیاد دەکات.
٥. **باڵەخانەی قوتابخانە:** هەندێک لە باڵەخانەکانی قوتابخانە ناحکومییەکان گونجاو نین و خانوی ئاساییین و هۆیەکانی فێرکردن و پێداویستییەکانی خوێندنیان تێدا نییە، وەک ( گۆڕەپانی وەرزشی ـ تاقیگە ...هتد).
٦. **پرۆگرامی خوێندن:** هەندێک لەم قوتابخانانە پرۆگرامی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن، کە سەرچاوەکانیان دیار نییە، یان باوەڕپێکراو نییە، ئەمەش کار دەکاتە سەر پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن.
٧. **بەڕێوەبردن و مامۆستایان:** هەندێک لەم قوتابخانە و خوێندنگانە لە لایەن کەسانی کەم ئەزمونەوە بەڕێوەدەبردرێن، هەروەها مامۆستاکانیشیان بەشداری خولی راهێنانیان نەکردووەو ئەزموونیان نییە.
٨. هەتا ئێستا قوتابخانە ناحکومییە خۆماڵییەکان بەشداری ئەزمونێکی نیشتیمانییان نەکردووە، هەتا بزانین ئاستی فێرکردنیان چۆنە.
٩. **سەرپەرشتیکردن:** لایەنی سەرپەرشتیکردنیان زۆر لاوازە و هەتا ئێستا سەرپەرشتیاران سەردانی زۆربەیانیان نەکردووە، ئەگەر سەردانیشکرابن بەپێی پێویست نەبووە و بەدواداچوون بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی ڕێنمایەکانی وەزارەت نەکراوە.

## ڕاسپاردەکان

١. پێداچوونەوەیەکی گشتیی بە هەموو ڕێنماییەکانی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکاندا بکرێت، کە لە وەزارەتەوە نێردراون.

٢. لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەو قوتابخانە ناحکومییانە بکرێت، کە لە یاسا و ڕێنماییەکان لایانداوە، ڕێکاری یاساییان لە بەرامبەردا بگیرێتەبەر، تا دەگاتە سزای داخستن.

٣. سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی و پەروەردەیی وەک قوتابخانە حکومییەکان، سەرپەرشتیانبکەن و ڕێنمایەکانییان جێبەجێبکەن.

٤. مامۆستایانی وانەبێژ سەرپەرشتیبکرێن و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت.

٥. چاوبخشێندرێتەوە بەنرخی خوێندن لە هەموو قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان بەپێی کوالێتی خوێندن.

٦.دەزگایەکی باڵا لە دیوانی وەزارەت دابمەزرێت، کە ساڵانە بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بۆ ئەم قوتابخانە ناحکومییانە بکات.

٧. لە وەزارەت پلانێکی ساڵانەی گونجاو دابنرێت، بۆ مۆڵەتدان بەکردنەوەی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییان.

٨. دەبی مۆڵەتدان بۆ کردنەوەی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان، بە پێی پێویستی بازاڕ و جۆری پسپۆڕییەکەی بێت .

٩. دەبێت مامۆستا وانەبێژەکانیان خولی ساڵانەی ڕاهێنان و مەشقکردنیان بۆ بکرێتەوە.

١٠. لیژنەیەکی تایبەت لە وەزارەت بە مۆلەتەکانیاندا بچێتەوە، وەک لە بڕگەی دووەمی ڕێنماییەکانی مادەی (٢٥) هاتووە.

١١ .پێداچوونەوە بە ناوی هەموو قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان بکرێت، بۆ ئەوەی بەپێی ڕێنماییەکان مۆرکێکی کوردی یان کوردستانی پێوەبێت، ئەگەر ناوەکەش بیانی بوو، دەبێت واتاکەی ڕاڤەبکرێت.

١٢. دەبێت لەهەر پارێزگایەک لیژنەیەکی پسپۆڕ لە سەرپەرشتیاران پێک بهێنرێت، بۆ سەرپەرشتیکردن و بە دواداچوونی کاری قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان، کە ئاگادارییەکی تەواویان هەبێ لەسەر گرێبەستەکان و ئامانجەکان و ئەرکەکانی ئەم جۆرە دەزگە تایبەتییانە، ئەمەش دەبێت بە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی سەرپەرشتیاری و دڵنیایی جۆری جێبەجێبکرێت.

١٣. بەپێی گرێبەستەکان، هەر قوتابخانەو پەیمانگەیەکی ناحکومی، کە پرۆگرامی

خوێندنی وەزارەتی پەروەردە پەیڕەو دەکات، پێویستە ساڵانە بەپێی ژمارەی قوتابی وخوێندکارانی، کتێبی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە بکڕێت و بەهەمان نرخ بیداتەوە قوتابییان.

١٤. دەبێ قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان دۆسییەکی تایبەت بە مامۆستایان و وانەبێژانیان لەبەردەست بێت، کە ژیاننامە و بڕوانامەکانیانی تێدابێت.

١٥. دەبێت ساڵانە هەموو قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان دوو راپۆرت لەبارەی هەموو چالاکی و کێشەکانیان بۆ وەزارەت بنێرن.

١٦. دەبێت وەزارەت یاسای ژمارە ١٤)ی ساڵی (٢٠١٢)ی پەرلەمان، کە تایبەتە بە قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان، بەڕێژەیەکی گونجاو چاپبکات و بەسەر یەکەکانی سەرپەرشتیاری قەزاکان دابەشی بکات.

١٧. پاش ڕەزامەندی کۆنگرە لەسەر پەسەندکردنی هەر سێ ناوی (خۆماڵی، بیانی، نێودەوڵەتی)، بۆ قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکانی هەرێم، دەبێ خۆیان لەگەڵ یەکێ لەو ناوانە و ناوی دەزگای خۆیان بە فەرمی بناسێنن و پەروەردەی قەزاکانیش بەرپرسن لە بەدواداچوونی ئەم بابەتە.

١٨. نابێت بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئەزمونەکان و پرۆگرامەکان مۆڵەت بەهیچ قوتابخانە و پەیمانگەیەکی ناحکومی بدەن، تا گشت بەڵگەنامە و پێداویستییەکانی بەپێی ڕێنماییەکان تەواو نەبێت.

١٩. نابێت هیچ قوتابخانە و پەیمانگەیەکی ناحکومی ڕیکلام لە دەزگەکانی راگەیاندندا بکات، تا بە فەرمیی وەزارەت مۆڵەتی پێنەدات. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت دەزگەکانی راگەیاندن ئاگاداربکرێنەوە تا هاوکارمان بن.

٢٠. دەبێت هەموو قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییە مۆڵەتپێدراوەکان، دوای هەفتەی یەکەمی وەرزی یەکەمی خوێندن، ناوی تەواوی هەموو قوتابی و خوێندکارە وەرگیراوەکان بنێرێن بۆ هۆبەی خوێندنی ناحکومی لە پەروەردەی قەزاکان.

٢١. پێویستە بەڵگەنامەکانی مۆڵەتپێدان لە( ٦ /١ ) تا( ٨/١٥ )ی هەموو ساڵێک بگاتە وەزارەت، بۆ ئەوەی فەرمانی مۆڵەتی بۆ دەربچێت.

٢٢. لە کاتی گواستنەوەی قوتابی بۆ قوتابخانەیەکی تر، پێویستە هۆبەی قوتابخانە ناحکومییەکانی لێ ئاگادار بکرێتەوە.

٢٣. پێویستە قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان تۆماری کەلوپەلی خۆیان هەبێت و

سالأنە دووجار لەلایەن کۆگای پەروەردەی قەزاکانەوە پەسەند بکرێت.

٢٤. پێویستە مامۆستا تاکو بڕوانامەی بەشداریکردنی خولی شیاندنی نەبێت، دەست بەکارنەبێت.ئەم خولانە دەرچووانی(کۆلێژی پەروەردەو بنیات، پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەت) ناگرێتەوە.

٢٥. دەبێت بەڕێوەبەری قوتابخانە، ئەزمونی لە بواری پەروەردەدا هەبێ و بڕوانامەکەی لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت.

٢٦. دەبێ بەپێی جۆری سەرپێچییەکان، بڕی سزا ماددییەکان دیاری بکرێت.

٢٧. پێویستە سالأنە بە شێوەی بۆرد لیستی ناوی قوتابییانی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان، بۆ هۆبەی خوێندنی ناحکومی پەروەردەی قەزەکان بنێردرێت.

٢٨. هەر دەزگاو لایەنێکی بیانی یان نێودەوڵەتی، کە لە هەرێمی کوردستان قوتابخانەی ڕێپێدراوی هەبێت، پێویستە لەو دەزگا نێودەوڵەتییەوە بە نووسراوێکی فەرمی، کە ئاراستەی وەزارەت کرابێت دان بەو قوتابخانەیە دابنێ و پشتگیری لێبکات و ئەرکی سەرپەرشتیکردنی لە ئەستۆ بگرێ.

## راسپاردەکان بۆ گۆڕینی ڕێنماییەکانی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٢)

١. **لە هەموو ڕێنماییەکانی وەزارەت**، وشەی (نێودەوڵەتی) بگۆڕدرێت بۆ (بیانی و نێودەوڵەتی).

٢. **ماددەی چوارەمی یاسا/ ڕێنماییەکان/ چوارەم:**

دەستەواژەی (ئەگەر پەیمانگەیەک زیاتر لە بەشێکی هەبوو، دەکرێ بگۆڕدرێت بۆ کۆمەڵگەی پەیمانگە)، چونکە ئاساییە یەک پەیمانگە چەند بەشێکی جیاوازی هەبێت.

٣. **ماددەی چوارەمی یاسا/ ڕێنماییەکان/ پێنجەم:**

نابێت ریکلام بۆ وەرگرتنی قوتابییان بکرێت، پێش وەرگرتنی مۆڵەت بەفەرمانی وەزاری.

٤. **ماددەی هەشتەم/ڕێنماییەکان/یەکەم:**

بگۆڕدرێت بۆ (لیژنەیەکی سەرپەرشتیاری لەسەر ئاستی پارێزگا )

٥. **ماددەی نۆیەم/ ڕێنماییەکان/ (٩) بگۆڕدرێت بۆ ١٥/ ٧:**

٦. **ماددەی چواردەهەم/ ڕێنماییەکان/ شەشەم:**

**بۆ یەکەم:** ئەم دەستەواژەیە زیادبکرێت(بۆ هەموو بابەتەکان)

**بۆ دووەم:** (قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومی و نێودەوڵەتییەکان و بیانییەکان سەرپەرشتیدەکرێن).

**بۆ سێیەم:** دەزگا نێودەوڵەتییەکە یان بیانییەکە لە بابەتەکانی (زانست ـ بیرکاری ـ زمانی خوێندن جێبەجێکردنی سیستەمەکە) پێشوەختەیەکەی سەرپەرشتیاری پارێزگاکە.

**٧. ڕێنمایی بەشی چوارەم/ باڵەخانەی قوتابخانە/ ١**

دەبێت بەپێی ستانداردی ڕێکخراوەکانی یونیسێف و یونسکۆ، کە پەیڕەوی دەکەن، بۆ باخچەی منداڵان و قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان بێت.

**٨. ڕێنمای ماددەی ١٧:**

ئەمە زیادبکرێت(مامۆستای کۆمپیوتەر بڕوانامەی (ICDL)ی هەبێت.

**٩. رینمایی ماددەی ٢/١٨**

دووەم بگۆڕدرێت بۆ: ئەو کەسانەی لە هۆبەی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان فەرمانبەرن، نابێت لەو جۆرە قوتابخانانە کار بکەن.

**١٠. مادەی ٢٦/دووەم/ڕێنماییەکان:**

ئەم دەستەواژەیە زیاد بکریت: (. و ئەگەر قوتابخانەکە نێودەوڵەتی، یان بیانی بوو).

**١١. مادەی ٢٩/رینماییەکان:**

لە ڕێنماییەکان ئەمە بنووسریت( بە ئارەزووی قوتابی یان بەخێوکار بێت.)

## جۆراوجۆری: لە هەنگاوەکانی وەرگرتنی مۆڵەت:

٢. دەبێ بکرێتە (وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر).

٣. بگۆڕدرێت بۆ (نابێ ڕێکلام بکات، تاکو مۆڵەتی کردنەوەی پێنەدرێت)،چونکە ئەم نووسراوەی پەروەردە واتای ڕەزامەندی کۆتایی نییە بۆ کردنەوەی قوتابخانەکە.

شەشەم:

# تەوەری تاقیکردنەوەکان و سیستەمی پەروەردە و پڕۆگرام

## یەکەم: سیستەمی پەروەردەیی

**١. قۆناغی بنەڕەتی**

ئـ. قۆناغی بنەڕەتی لە پۆلی یەک تا پۆلی نۆ دەبێت و دوو بازنە لەخۆ دەگرێت. بازنەی یەکەم (١ ـ ٦) و بازنەی دووەم (٧-٩) دەبێت.

ب. لە کۆتایی پۆلی شەشەم سالانە تاقیکردنەوەیەک ئەنجام دەدرێت کە مەبەست لێی هەڵسەنگاندنە لەلایەن وەزارەتەوە نەک هێشتنەوەی قوتابی /خوێندکار.

پ. پێشنیاری بەڕێوەبەرانی پەروەردە گشتییەکان سەبارەت بە بازنەکانی (١،٢) ی قۆناغی بنەڕەتی وەزیری پەروەردە لە بەرژەوەندی گشتیدا بۆی هەیە ڕەزامەندی لەسەر بدات.

ج. هەموو منداڵێکی کوردستان بەپێی یاسا پێویستە (٩) ساڵ خوێندن تەواو بکات و سزای پێویست دادەنرێت بۆ ئەوانەی منداڵەکانیان لە خوێندن دادەبڕن، دەبێت دەزگا پەیوەندیدارەکانی هەردوو وەزارەتی تەندروستی و ئامار هاوکاری وەزارەتی پەروەردە بکەن بۆ زانینی ژمارەی ئەو قوتابییانەی تەمەنیان بۆتە ٤ ساڵ و ٦ ساڵ.

چ. چوونە قوتابخانە و باغچەی منداڵان:

- بۆ چوونە باغچەی منداڵان پێویستە لە ١/٣١ی هەر ساڵێک چوار ساڵی تەمەنی تەواو کردبێت.
- بۆ چوونە قوتابخانە پێویستە لە ١/٣١ی هەر ساڵێک شەش ساڵی تەمەنی تەواو کردبێت.
- هەنگاوی پێویست دەنرێت لە داهاتوودا بۆیە لە تەمەنی پێنج ساڵیدا چوونە قوتابخانە دەست پێ بکات.

**٢. قۆناغی ئامادەیی** (بازنەی سێیەم) پۆلەکانی (١٠،١١،١٢) لەخۆ دەگرێت.

**٣. ساڵی خوێندن لە دوو وەرزی خوێندن پێک دێت.**

## دووەم : تاقیکردنەوەکان

١. نمرەی هەر وەرزێك هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی نوسینەکی لە خۆ دەگرێت و بەم جۆرە دابەش دەکرێت بۆ هەر وەرزێکی خوێندن :

(١٠ ) نمرە بۆ هەڵسەنگاندنی نیوەی یەکەمی وەرز

(٢٠) نمرە بۆ تاقیکردنەوەی نوسینەکی نیوەی یەکەمی وەرز

(١٠) نمرە بۆ هەڵسەنگاندنی نیوەی دووەمی وەرز
(٦٠) نمرە بۆ تاقیکردنەوەی نووسینەکی کۆتایی وەرز
کۆی نمرەکانی هەر وەرزێك (١٠٠) نمرەیە و لەگەڵ وەرزی دووەمی ساڵ کۆ دەکرێتەوە و دابەشی دوو دەکرێت . بەمەبەش ئەنجامی کۆششی ساڵانەی بابەت دەردەهێنرێت.
٢. (٥) نمرەی بڕیار لە دوای ئەنجامی کۆششی ساڵانە لە پۆلە ناکۆتاییەکاندا بۆ چارەسەری نمرەی تراز (حرج) دەدرێت بە قوتابی /خوێندکار وبەپێ ی ڕێنمایی سوودی لێ وەردەگیرێت.
٣. ڕێژەیی (٤٠٪)ی کۆششی ساڵانە لە پۆلی نۆیەم و ڕێژەیی (٦٠٪) تاقیکردنەوەی نیشتمانی ئەو ساڵە ئەنجامی دەرچوون و دەرنەچوون لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی دیار دەکات .

## سێیەم : شێوازی پرسیاری تاقیکردنەوەکان

١. (٦٠٪) ی تاقیکردنەوە وەرزیەکان بە شێوازی هەڵبژاردن دەبێت و (٤٠٪)ی بە شێوازی نوسین دەبێت بۆ سەرجەم بابەتەکان.
٢. هەموو پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی نیشتمانی و تاقیکردنەوەی بەکەلوری قۆناغی ئامادەیی بە شێوازی هەڵبژاردن دەبێت وپشکنین سۆما بە ئامێری ئەلیکترونی دەبێت.
٣. ڕێژەیی (١٠٪)ی پۆلەکانی (١٠، ١١)ی ئامادەیی بۆ دوو ساڵی تر بێجگە لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٤ – ٢٠١٥ ئارەزوومەندانە دەبێت بۆ قوتابی /خوێندکار و دوای ئەو دوو ساڵە لە کونفرانسێکی پەروەردەییدا دوا بڕیاری لێ دەدرێت .
چاوخشاندنەوە بە دابەشبوونی یەکەکانی بابەتی قۆناغی ئامادەیی دادەکرێت بەپێ ی گرنگی بابەتەکان.

## تێبینی:

. ئێمە کاردەکەین بۆ ئەوەی لە ئایندەدا خویندن لە تەمەنی (٥) ساڵی ببێتە تەوزیمی بە پشت بەستن بە ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی انشون/ کۆریای باشوور.
. هاوکاری و هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە زۆر گرنگە بۆ جێبەجێکردنی خوێندنی تەوزیمی.

# پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

## پێشنیازەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

١. وەزارەتی پەروەردە لیژنەیەکی باڵای نیشتیمانی، بە ئەندامێتی نوێنەرانی لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەکادیمیای زانستی کوردستان، لە کەسانی شارەزا و بە ئەزمون لە دانان وئامادەکردنی کتێب پێک بهێنێت و سود لە ئەزمونی ڕێکخراوەکانی یۆنسکۆ و یونیسێف و ئۆفیسی پەروەردەی جیهانی و .....هتد وەربگرێت. کە کار لە داڕشتنی سیاسەتی پەروەردە و هەڵسەنگاندنی کتێبەکانی خوێندن دەکەن، بە مەبەستی دانانی بەڵگەنامەکانی پرۆگرامی خوێندن بۆ گشت بابەتەکان، هەروەها دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ گشت قۆناغەکان.

٢. پێشنیازدەکەین کە لەکاتی هەموارکردنەوەی یاساو سیستەمی وەزارەتی پەروەردە بە دیدێکی ڕوون ئەم خاڵانەی خوارەوەی تێدا پەسندبکرێن.

- وادەی گۆڕینی کتێبی خوێندن دیاریبکرێت، چەند ساڵ جارێک ١٠٠٪ بگۆڕدرێت؟،دەکرێت بە یەکێک لەم بژاردانە بێت: ( ٥ ساڵ جارێک، ١٠ ساڵ جارێک، ١٥ ساڵ جارێک یان ٢٠ ساڵ جارێک ) یان بە پێی بەرەو پێشچوونی تەکنۆلۆژیا و پێشهاتە زانستییەکان بێت، کە هەمیشە پێویستی بە نوێکردنەوە دەبێت.
- جۆری کارکردن و گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی کتێبەکانی خوێندن ڕونبکرێتەوە. بەم شێوەی خوارەوە.

. پێداچوونەوەی زانستی

. پێداچوونەوەی زمانەوانی

. بژارکردن

. بەرەو پێشبردنی پرۆگرامەکان (کتێبەکانی خوێندن).

. نوێکردنەوەی پرۆگرامەکان (کتێبەکانی خوێندن).

. گۆڕینی پرۆگرامەکان (کتێبەکانی خوێندن).

٣. لە سیستەمی پەروەردە میکانیزمێک دیاریبکرێت،بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێداون لە بواری پرۆگرامەکانی خوێندن، بەم جۆرەی خوارەوە .

- لە ڕێگەی توانا ناوخۆییەکان، کتێبەکان دابنرێن، یان دامەزراوە پەروەردەییە

جیهانییەکان دایان بنێن. یان بە هاوبەشی، کە توانا ناوخۆییەکان گەشەی پێدەکەن، ئەمەش بۆ پڕۆگرامی بابەتە(زانستییە ئەبستراکتەکان و زمانی ئینگلیزی و عەرەبی) گونجاوە.

- بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و زمانی کوردی، تەنها شارەزایی و ئەزمونی ناوخۆیی ئەرکی دانانی پڕۆگرامەکانی پێ دەسپێردرێت، بەڵام دەکرێت لەبواری هونەری و دیزاین سود لە شارەزایی بیانی وەربگیرێت.
- بەرەوپێشبردنی شارەزایان و دیزاینەران و دانەرانی بواری کتێبی مەنهەجی لە رێگەی کردنەوەی خول و وۆرک شۆپ. بەسود وەرگرتن لە پسپۆر و شارەزایی بیانی و هێنانیان بۆ هەرێمی کوردستان بۆ وانە گوتنەوە لە خولەکان.
- گۆڕانکاری بەپێی یەکێک لەم ریزبەندییانەی خوارەوە بکرێت.

* هەر ساڵەو پۆلێک بگۆڕدرێت، واتە بە ١٢ ساڵ لە( یەک تا دوازدە) تەواو بکرێت.
* هەر ساڵەو ٢ دوو پۆل بگۆڕدرێت، واتە ٦ ساڵ (١ + ٦، ٢ + ٧، ٣ + ٩)...هتد.
* هەر ساڵەو ٣ پۆل بگۆڕدرێت، واتە ٤ ساڵ وەک(١ + ٢ + ٣) (٤ + ٧ + ١٠) (٥ + ٨ + ١١) (٦ + ٩ + ١٢)
* بۆ هەر رێگەیێک لەوانەی سەرەوە پێویستە بە پێی پلانێکی تۆکمە مامۆستایان راهێنانیان پێبکرێت.
* زۆر گرنگە هەگبەی کتێبەکان جۆراوجۆر بێت، واتە: قوتابی، مامۆستا، چالاکی، دووبارە فێرکردن بۆ ئەوانەی درەنگ فێردەبن و کتێبی بەرنگاربوونەوە بۆ ئەو منداڵانە یان قوتابی و خوێندکارانەی ئاستی فێربوونیان زۆر بەرزە + هەگبە ئەلیکترۆنییەکان، گەر هەبن.
* زۆر گرنگە لە گەڵ گۆڕینی پرۆگرامەکان و بە پێی بڕگەکانی کتێب هۆیەکانی فێرکردن دابین بکرێن.

٤. لە کاتی دانانی هەر پلانێک، پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوان، دابینکردن، کۆگای ناوەندی، کۆگای پەروەردەکان، سانسۆری کۆگاکان پێشوەختە کار بۆ بە سفرکردنی ئەو کتێبانە بکەن کە ناخوێندرێن و گۆڕانکارییان تێداکراوە.

٥. ئەو کتێبانەی کە بەهۆی نادیار چاپ دەکرێن یان چاپکراون و سودیان نییە و نایەنە خوێندن کە دەخرێنە پۆلینی (کتێبی کۆن) و بە (پوچەڵکراو) ناودەبرێن ئەرکی ب.گشتیی دیوان، دابینکردن، ب. ژمێریاری، سانسۆری کۆگاکانە بە ێنمایی بەرنامەی فرۆشتن یان

شـیکردنەوە یان بەخشـین بە هەر دەزگایەک دیاریبکرێت، بۆ ئەوەی لە دیوانی وەزارەت بە ( الكتب المستهلكه) سڕینەوەیان بۆ بکرێت.

٦. پێویسـتە بـە بڕیارێـک یـان فەرمانێکـی وەزاری تەمەنـی بەکاربردنـی کتێبـی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە بە ٢سـاڵ، ٣سـاڵ، یان ٤ سـاڵ دیاریبکرێت و سـاڵانە بەپێی ئەم تەمەنەی بەکارهێنانی بڕی پێویست چاپبکرێت بۆ نمونە:

- ئەگەر تەمەنی بەکاربردنی کتێب تەنها یەک ساڵ بێت،دەبێت ساڵانە بە ڕێژەی ١٠٠٪ واتە بە پێی ژمارەی قوتابییان چاپبکرێت.
- ئەگـەر تەمەنـی بەکاربردنـی کتێب ٢ سـاڵ بێت بە ڕێـژەی ٥٠٪ چاپبکرێت، بەڵام ٥٠٪ کتێبی چاپی ساڵی پێشووتر دابەشبکرێت.
- ئەگـەر تەمەنـی بەکاربردنـی کتێب ٣ سـاڵ بێت واتە بە ڕێـژەی ٧٥٪ چاپبکرێت، بەڵام ٢٥٪ کتێبی ساڵی پێشووتر دابەشدەکرێت.
- بۆ ساڵی چوارەم دووبارە بە ڕێژەی ١٠٠٪ واتە بە پێی ژمارەی قوتابییان کتێب چاپ دەکرێت.
- چاوچخشاندنەوە بە چاپکردنی کتێب بۆ هەر سێ قۆناغی (یەکەم و دووەم و سێیەم)ی بنەڕەتی بکرێتەوە، کە ساڵانە بە ڕێژەی ١٠٠٪ چاپدەکرێت، ئایا لە سەر چ بنەمایەک و لێکۆڵینەوەیەک ئەنجام دەدرێت.
- لـە هـەر پلانێکـی سـاڵانەی چاپکردنی کتێب، بە نووسـراوی فەرمیـی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان ئاگادار بکرێنەوە، لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لە گەڵ کتێبی تازە چاپکراو و کتێبی ساڵی پێشوو.

٧. بەڕێوەبەرایەتی (زمانی کوردی) لە بەڕیوەبەرایەتی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، کـە وەزیـری پـەروەردە لـە وتـاری کۆنگـرە ئامـاژەی پیداوە و لـە ئەنجومەنـی وەزارەت بڕیاری لێدراوە بکرێتەوە،هەروەها پێناسـە بکرێت و ئەرک و دەسـەڵاتەکانی دیارییکرێن و بـە کەسـانی شـارەزاو پسـپۆر لـە بـواری زمانەوانـی و ڕێنـووس و ڕێزمـان و هونەرو ژانرەکانی ئەدەبی کوردی دەوڵەمەند بکرێت.

٨. لە کتێبەکانی زمان و کۆمەڵایەتیدا بایەخی زیاتر بە مێژووی گەلی کوردستان بدرێت و خەبات و کارەساتەکانی تێدا ڕەنگبداتەوە.

٩. لە دوای ئەوەی بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران قوتابخانە ئیسلامییەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف خرانە سـەر وەزارەتی پەروەردە. پێویسـتەبایەخی زیاتر بە ئاییناسی

بدرێت و بۆردێکی نیشتیمانی پسپۆر، کە لە چەند وەزارەتێکی پەیوەندار پێکهاتبێت دابنرێت، بۆ سەرپەرشتیکردن و نەهێشتنی کێشەکان،

١٠. نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مەلزەمەی خوێندن و دۆزینەوەی میکانیزمێکی یاسایی و زانستی بۆ وانەی تایبەت، کە بووەتە هۆکارێکی سەرەکیی لە دابەزینی ئاستی زانستی، هەروەها زیان بە بەرژەوەندی خێزان و قوتابییان دەگەیێنێت.

١١. بایەخدان بە تەلەفزیۆنی پەروەردە و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی وێستگەیەکی تەلەفزیۆنی پێشکەوتوو بۆ وەزارەتی پەروەردە، کە پێویستییەکی گرنگی ئەمڕۆی کوردستانە.

١٢. گرنگیدان بە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و گەنجان، بۆ خۆپارستن لەم گرفت و دیاردەو نەخۆشییانەی خوارەوە:

- نەخۆشی ئایدز
- مادە هۆشبەرەکان
- جگەرە و نەرگیلەکێشان
- پابەند بووون بە یاساو رێساکانی هاتوچۆ
- ئاو و کارەبا بە فیرۆنەدان

# پڕۆژەی بە ئینگلیزیکردنی بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لە قۆناغەکانی خوێندن

لە پڕۆژە ستراتیژییەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبواری باشترکردنی پرۆسەی فێرکردنەوە، پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی (بیرکاری) و (زانستە گشتییەکان)ـە. بۆ ئەم مەبەستە هەر لە سەرەتای ساڵی خوێندنی (٢٠١٤ ـ ٢٠١٥)وە، ئامادەباشی بۆ کرا:

لە پێکهێنانی لێژنەکانی پێوەندیدار بەو پرۆسەیەوە (لێژنەی باڵا) لە دیوانی وەزارەت و (لێژنەی تەکنیکی) لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان و (لێژنەی سەرپەرشتیکردن) لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان و (لێژنەی جێبەجێکار) لە هەر قوتابخانەیەك. دواتر پرۆسەکە وەك ئەزموونێکی تازە بابەتیانە بەم شێوەیەی خوارەوە بەرنامەڕێژی بۆ کرا:

ـ لەبواری ڕاهێنانی مامۆستایانەوە، وەك ئامادەکاریەك بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە، ژمارەی (٩٠) مامۆستاو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی خولی تایبەتیان بینیوە لە زانکۆی (سابیس) بە ڕێژەی (٣٠) مامۆستا و سەرپەرشتیار لە هەر یەك لە پارێزگەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی. هەروەها لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکانیش بەرنامەی مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایان جێبەجێ کرا و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی مەشق و ڕاهێنان و پەیمانگەی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەییەوە خول بۆ مامۆستایان کراوەتەوە کە نزیکەی (١٠٠٠) مامۆستا خولیان بینیوە و بەردەوامن لە پلانی کردنەوەی خول بۆ مامۆستایان.

- ئامادەکاری بۆ دابینکردنی کتێبی پرۆگرامەکانی هەردوو بابەتی ( بیرکاری و زانستە گشتییەکان) بۆ پۆلی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتی کراو بە پێی بەرنامەی وەزارەتەوە بۆ هەر بابەتێك (٢٠٠٠٠) دانە کتێب چاپ کراوە و لە سەرەتای ساڵی خوێندنی (٢٠١٥ ـ ٢٠١٦) دابەش کراوەتە سەر ئەو قوتابخانانەی کە ئەم پرۆسەیەی تێدا جێبەجێ

دەکرێت، هەروەها ئامادەکاری ئەوەش کراوە کە بۆ ساڵی خوێندنی داهاتوو (٢٠١٦ ـ ٢٠١٧)، (٨٠٠٠٠) کتێب لە هەر بابەتێك چاپ دەکرێت.

- زانکۆی جیهان وەك دەستپێشخەرییەك کردنەوەی خولی بۆ مامۆستایان لەم پرۆسەیەدا گرتە ئەستۆ کە لە دوو خولدا ( ١٤١) مامۆستا لە هەولێر لە زانکۆی ناوبراو خولیان بینیوە، بە هەمان شێوە بریارە لە هەردوو پارێزگەی (سلێمانی و دهۆك) خول بۆ مامۆستایان بکرێتەوە.

- لێژنەی باڵای وەزارەت تا ئێستا (١٠) کۆبوونەوەی فراوانی ئەنجام داوە بە سەرپەرشتی راستەوخۆی بەرێز وەزیری پەروەردە بۆ دانانی رێنماییەکان و بەدواداچوون بۆ سەرجەم نووسراوەکانی لێژنەی باڵا بە مەبەستی یەکخستن و زیاتر رێکخستنی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پرۆسەکە وپلانەکانی وەزارەت لە ئێستا و داهاتوودا، لەوانە:

١. جەختکردنەوە لەسەر خولەکانی راهێنانی مامۆستایانی هەردوو بابەتی (بیرکاری و زانستەکان گشتییەکان) لە قۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و بەردەوامیدان بە کردنەوەی خولەکان بە پێی پلان و رێکخستنیان.

٢. جەختکردنەوە لەسەر ئەرك و کاری سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە بەدواداچوون و جێبەجێکردنی رێنماییەکان وسەرخستنی ئەم پرۆسەیە بە وردی.

٣. رێکخستنی ئاماری قوتابخانەکان کە ئەم پرۆسەیەی تێدا جێبەجێ دەکرێت.

٤. جەختکردنەوە لەسەر نووسراوی گشتاندنی وەزارەتی پەروەردە(لێژنەی باڵا) دەربارەی پێکهێنانی لێژنەی جێبەجێکاری قوتابخانەکان کە رۆڵ و ئەرك وکارەکانیان دیاریکراوە و هەوڵ بدرێت گرنگی زیاتری پێ بدرێت لە کارابوونی رۆڵ و ئەرکەکانیان ودیراسەتکردنی راپۆرت و پێشنیار و کێشەکانیان.

٥. جەختکردنەوە لەسەر راسپاردەکانی لێژنەی باڵا کە داواکراوە سەرژمێری و ئاماری گشتی مامۆستایانی پسپۆری بابەتەکانی (بیرکاری، زانستە گشتییەکان، ئینگلیزی) ئامادە بکرێت و بنێردرێت بۆ وەزارەت بۆ دیراسەتکردن و وەك ئامادەکارییەك بۆساڵی خوێندنی (٢٠١٦ ـ ٢٠١٧) هەوڵ بدرێت ئەم پرۆسەیە گشتگیر بکرێت و لەسەرتاسەری هەرێم سەدا سەد جێبەجێ بکرێت. ئامادەکارییەکان بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی پۆلی دووەم دەست پێ بکات و دواتر بەم شێوەیە بازنەی یەکەم تەواو ئامانجەکانی خۆی بپێکێت و کار بۆ جێبەجێکردنی بازنەی دووەم بکرێت.

٦. جەختکردنەوە لەسەر هەردوو نووسراوی وەزارەتی پەروەردە لیژنەی باڵا ژمارە(١٦٣٠٧) لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٩/٢٢)ی زایینی دەربارەی کردنەوەی بەشەکانی بیرکاری و زانستەگشتییەکان لە گشت پەیمانگەکانی ڕاهێنان وگەشەپێدانی پەروەردەیی لە پارێزگاکان.

٧. دابینکردنی هۆیەکانی فێرکردن و دانانی (داتاشۆ) لە هەر هۆبەیەکی ئەم پرۆسەیە تێدا جێبەجێ دەکرێت لە قوتابخانە و باخچەکانی منداڵاندا.

پرۆسەکە بەسەرکەوتوویی جێبەجێ دەکرێت و مامۆستایانی قوتابخانەکان ئارەزوویان بۆ دروست بووە کە لەم پرۆسەیەدا کار بکەن. پلانیش وا دارێژراوە بۆ داهاتوو ژمارەی قوتابخانەکان زیاتر بکرێت و زۆرترین مامۆستاش بخرێنە نێو خولەکانەوە.

# پڕۆژە و پلان و باری ئێستای
# کۆلێجەکانی بەهرەداران

## یەکەم/ پرۆژە:

**سێ قوتابخانەی دواناوەندی هەیە لە کوردستان کە گرنگی بە قوتابی و خوێندکاری بەهرەدار دەدات لە پۆلەکانی ( ٧ -١٢ ) بە ناوەکانی:**

١. کۆلێجی قەڵا بۆ بەهرەداران/ هەولێر
٢. کۆلێجی ئەزمەڕ بۆ بەهرەداران/ سلێمانی
٣. کۆلێجی دهۆک بۆ بەهرەداران/ دهۆک

## دووەم/ پلان:

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەو کۆلێجانە کە لە ئەنجومەنی وەزیران پەسەند کراوە، ئەم خاڵانەی خوارەوە جێبەجێ دەکرێت لەو کولێجانە:

١. ساڵانە (١٠ – ١٤) قوتابی وەردەگیرێن بە پێی ژمارەیەک لە تاقیکردنەوەو چاوپێکەوتنی زانستی لە لایەن لێژنەیەکی زانستی و تایبەتمەندی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی .
٢. گرنگی دان بە هەر قوتابییەک لەو بوارەی کە تێیدا بەهرەدارە بۆ ئەوەی بتوانێت لە دواڕۆژ داهێنان بکات لەو بوارە.
٣. لێژنەیەکی باڵا بەسەرۆکایەتی جەنابی وەزیری پەروەردە چاودێری ئەو کۆلێجانە دەکات بە ناوی (دەستەی چاودێری بەهرەداران ) .

## سێیەم/ باری ئێستای ئەو کۆلێجانە:

١. نەتوانراوە پەیڕەوی ناوخۆی ئەو کۆلێجانە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت
٢. وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کۆلێجی تایبەتی بۆ ئەو قوتابیانە نەکردۆتەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بن لەسەر پەرە دان بە بەهرەکانیان

## چوارەم/ چارەسەرەکان بۆساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٧:

١. میکانیزمی دەستنیشانکردنی قوتابی بەهرەدارمان گۆڕیوە.

٢. ئەندامی پسپۆر و بە ئەزموون دانراون لە لێژنە هاوبەشەکان.

٣. پرسیاری تاقیکردنەوەکان دەگۆڕدرێن و ڕەچاوی تایبەتمەندێتی تێدا دەکرێت.

٤. لە کۆبوونەوەکانی دەستەی چاودێری بەهرەداران هەوڵ دراوە کە کۆلێجێکی تایبەت یان پۆلێکی تایبەت لە ناو کۆلێجەکانی زانکۆکانی کوردستان بکرێتەوە کە تایبەت بن بە گرنگی دان بەو قوتابیانە.

# پڕۆسەی
# پەرەپێدانی منداڵیی پێشوەختە

بە پێی فەرمانی وەزاری (٢٠٤٤ لە ٢٠١٦/٢/١٠)ی زایینی، لێژنەیەکی پسپۆڕ لە دیوانی وەزارەت پێکهات بۆ دانانی پلانێکی گشتگیر لەبارەی قۆناغی منداڵیی پێشوەختە، کە قۆناغێکی گرنگە بۆ منداڵ و پێویستی بە چاودێرییەکی تەواو هەیە، لەبەر ئەوەی لەم قۆناغەدا کەسایەتییەکەی لە ڕووی درککردن و کۆمەڵایەتیی و سۆزدارییەوە گەشە دەکات و دواڕۆژیشی لەسەر بنیات دەنرێ. هەرچەندە دەستنیشانکردنی قۆناغی منداڵیی پێشوەختە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە و هەر یەکێکیان بە پێی یاسا و سیستەمی پەروەردەی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و لە هەرێمی کوردستانیش ئەم قۆناغە لە سێ ئەڵقە پێك دێت، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١. لە تەمەنی (لەدایکبوونەوە بۆ ١ ساڵ) منداڵ لە ماڵەوە دەبێت و لە لایەن دایکیەوە چاودێری دەکرێت.

٢. لە تەمەنی (٢ تا ٣ ساڵ)، ئەگەر دایکی فەرمانبەر بوو، ئەوە دەچێتە داینگە کە سەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتییە. ئەم قۆناغەش خزمەتگوزارییە نەك فێرکاری.

٣. لە تەمەنی (٤ تا ٥ ساڵ)، دەچێتە باخچەی منداڵان کە سەر بە وەزارەتی پەروەردەیە و قۆناغێکی پەروەردەیی ـ فێرکارییە، کە ڕاستەوخۆ ئەرك و کارەکانی لێژنەکە دەگرێتەوە ئەو پلانەی بۆی دادەڕێژرێت، دەبێت لەگەڵ ستراتیژییەتی وەزارەتی پەروەردە بگونجێت و سەرچاوەیەکی سەرەکی بێت بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو لایەنانەی پێوەندی بەو قۆناغەوە هەبێت، کە دەبێت لەدوو لایەنەوە ڕێك بخرێت:

یەکەم: دیراسەکردنی لایەنی گەشەکردنی منداڵ لەو قۆناغەدا، ئەویش بەڕێگەی:

ـ بەهەماهەنگی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی تەندروستی و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی زانیاری تەواو لەبارەی گەشەی منداڵ لە میانی ساڵی (٢-٣)ی تەمەنیدا. لە هەردو و ساڵی (٤ و ٥) تەمەنیدا ڕاستەوخۆ لە وەزارەت ئەنجام بدرێت.

ـ وەرگرتنی زانیاری لە ڕێگەی دابەشکردنی فۆرم و شیکردنەوەی ناوەڕۆکەکانیان و پیادەکردنی ئەنجامەکانیان.

. بە پێی دیراساتی دەروونزانی گەشەی منداڵ (٧) لایەنی سەرەکی دەگرێتەوە، کە دەبێت زانیاری تەواو لە بارەی هەر حەوت لایەن وەربگیرێت و هەر یەکێکیان بەپێی ژینگەی هەرێم لێك بدرێتەوە، کە ئەمانەن:

١. گەشەی جەستەیی
٢. گەشەی زمانەوانی
٣. گەشەی ژیری
٤. گەشەی کۆمەڵایەتی
٥. گەشەی خودی
٦. گەشەی هەڵچوونی
٧. گەشەی کەسایەتی

دووەم: کاتێك قوتابی (منداڵ) تەوەری پرۆسەی پەروەردە بێت، گرنگی قۆناغی منداڵێتی پێشوەختە زیاتر دەبێت، بەڵکو هەموو پرۆژەکانی دیکەی تایبەت بە فێرکردن و فێربوونەوە لەسەر بنەماکانی ئەم قۆناغە بینا دەکرێت.

١. لە قۆناغی منداڵێتی پێشوەختەدا، دەتوانرێت منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت دەست نیشان بکرێت و بەپێی ئاست و توانا و پێویستیەکان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لە بارەی ئەم منداڵانەیش کە ئاستی ژیری و کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانیان لە ماماناوەندی کەمترە پێویستیمان بە چاودێری و فێرکردنێکی تایبەت هەیە بۆ ئەوەی بگاتە دوا ڕادەی بەکارهێنانی تواناکانیەوە.

٢. بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی منداڵیی پێشوەختە، وەزارەت چەند پرۆژەیەکی ئامادەکردووە بەپێی ئەولەوییەت دەخاتە باری جێبەجێ کردنەوە، کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ ئەنجام دەدات و هەندێکیان بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی پێوەندیدار، وەکو ڕێکخراوی یونسێف و بانکی نێودەولەتی، کە ئەمە پرۆژەیەکی گشتگیر و تەواوە پێشکەش بە لایەنی ناوبراو کراوە.

# هەڵمەتی نیشتمانی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان

(هەڵمەتـی نیشـتیمانی نۆژەنکردنـەوە قوتابخانە) لە لایەن جەنابـی وەزیری پەروەردەوە ڕاگەیێنـدرا تـا لەلایەن خەڵکی خێرخواز و نیشـتمانپەوەرەوە دەسـت بە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانـی هەرێـم بکرێـت و ئەرکێکی گەورەی دارایی لەم قەیرانەدا نەکەوێتە سـەر هەرێمـی کوردسـتان و حکومەتـی هەرێـم، بۆیـە وەزارەتـی پـەروەردە بـۆ ئەم مەبەسـتە ڕێنمایی تایبەتی دەرکرد و گشـتاندنێکی بۆ گشـت بەڕێوەبەرایەتییە گشـتییەکانی خۆی دەرکرد کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

"قوتابخانەکان، سـەنتەری فێربوون و هۆکاری پێشـکەوتنی کەرتی پەروەردەن لە هەموو دونیا، چونکە ژینگەی گونجاوی قوتابی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر خوێندن و حەزی فێربـوون هەیـە. لـە عێـراق و هەرێمی کوردسـتان، لە لایەنـە باوانی قوتابیانـەوە زۆر بە کەمی قوتابخانەکان وەک موڵکی قوتابی و ماڵی دووەمیان سەیر کراون و هەر ئەمەیش بـووە کـە زۆرتریـن تێچـوو و زەرەر بـەر بیناکانیان کەوتـووە. بۆیە وەزارەتـی پەروەردە هـاوڕا لەگـەڵ دایـک و بـاوک و سەرپەرشـتیارانی قوتابییـەکان خوازیارە کـە لەمـەولا (قوتابخانـە ماڵـی هەمووان)ـە بکاتە درووشـم و نەریتێک بۆ پاراسـتنی قوتابخانەکان و نۆژەنکردنەوەیان. نەخاسـمە کە ئێسـتا لە هەرێمی کوردسـتاندا قەیرانی دارایی هەیە و لە شـەڕێکی گەورە و فراواندان لەگەڵ تیرۆریسـتانی تاریکخوازی داعش، بۆیە گشـت تاکی کۆمەڵگەی کوردی ئەو بەرپرسیاریەتییەی لەسەر شانە کە بە هەموانەوە نەهێڵین چرای زانست کز بێت و (تاریکی بەسەر ڕووناکی)یدا سەر کەوێت.

منداڵە چاوگەشـەکانمان و قوتابیان و خوێندکارانی خۆشەویسـت، سـەرمایەی دواڕۆژن و نالەبـاری ژینگـەی خوێنـدن کاریگەریـی دەبێـت لەسـەر دواڕۆژیـان. لـەم دوو سـاڵەی ڕابردوودا بە هۆی زۆر بەکارهێنانیان و نۆژەننەکردنەوەیان و حەواندنەوەی زۆرینەی ئەو ئاوارە دوو ملیۆنییەی کە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، خەریکە ئەم ژینگەیەی فێربوون و خوێندن دەڕزاکێنێت و تێک دەچێت، بۆیە بەدەر لە هەوڵ و تێکۆشانی وەزارەتی

پـەروەردە، ئـەوا بەرپرسـیاریەتییەکی نیشـتمانی و ئەخلاقیشـە کـە ئـەو دایـك و باوك و خواپێداوانـەی توانـای داراییان لەبارە، بەشـداری (هەڵمەتی نیشـتمانی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان) بکەن. بۆ ئەم مەبەستە، بەم شێوەیەی خوارەوە کارەکان ئەنجام دەدرێت:

یەکـەم: بەڕێوەبـەر و کارگێـڕی قوتابخانـە و مامۆسـتایان وەک یـەک تیـم و بەرپرسـانە و دڵسـۆزانە، هـاوکاری ئەنجومەنـی دایوبابـان دەبـن بـۆ ئەنجامدانـی پرۆسـەکە لـە دەستنیشـانکردنی خواپێداو و ئـەو خەڵکـەی توانـای داراییان باشـە لەگەڵ باسـکردنی شـێواز و چۆنیەتـی ئەنجامدانـی ئـەم هەڵمەتە بە جۆرێـک هاندەرێک بن بۆ بەردەوامی و سەرخستنی هەڵمەتەکە.

دووەم: دەستنیشـانکردنی خۆخواسـتانەی دایوبابـی قوتابیانی پۆلێـک کە باری داراییان باشـە و دواتـر کۆبوونـەوەی بەڕێوەبـەر و کارگێـڕی قوتابخانـە و ئەنجومەنـی دایوبابان لەگەڵ هەموو دەستنیشانکراوەکان.

سـێیەم: ئەگـەر قوتابخانەیـەک دوو دەوامی بوو، دەکرێت خۆبەخشـانی هەردوو دەوامی پۆلەکە دیاری بکرێن کە توانای داراییان باشـە و بڕی تێچووی نۆژەنکردنەوە و کڕینی کەرەستەکانیان بەسەردا دابەش بکرێت تا پاڵەپەستۆیەکی زۆر نەکەوێتە سەر کەس.

چوارەم: ئەم هەڵمەتە جگە لە پۆلەکان، پێویسـتە شـوێنی ئاوخواردنەوە و دەستشـۆر و ئاودەست و هۆڵ و بەشـەکانی دیکەی باڵەخانەی قوتابخانەکان بگرێتەوە.

پێنجەم: بە هیچ شێوەیەک پارە نادرێتە کارگێڕی قوتابخانە، بەڵکو لە ئاستی قوتابخانەکە و ئەنجومەنی دایوبابان، لیژنەیەك بۆ چۆنیەتی خەرجکردن و سەرپەرشتیکردنی کارەکان دیـاری دەکرێـت و ئاسـاییە لیژنەکـە ئـەو کەسـانەش بگرێتە خـۆی کـە نۆژەنکردنەوەکە ئەنجام دەدەن.

شەشـەم: هەمـوو ئـەو بەڕێزانـەی لـەم هەڵمەتـەدا هـاوکار دەبـن، سوپاسـی وەزارەتـی پەروەردە یا بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا وەردەگرن."

# موڵکی گشتی وەزارەتی پەروەردە

هەر وەك لە کابینەکانی پێشووتری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، لەم کابینەیەیش هەوڵی جدی و کرداری دراوە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو موڵکانەی کە هی وەزارەتی پەروەردەن یاخود لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی داراییەوە بۆ پەروەردە تەرخان کراون، بەڵام لە لایەن دەزگا و لایەن و کەسانی ترەوە داگیر کراون و بە کار دەهێنرێن و بە ماوەیەکی کورت توانرا لەم کابینەیەدا (کابینەی هەشت) وەزارەتی پەروەردە بەدواداچوونێکی ورد بکات هەم بۆ دەستنیشانکردنی ئەو موڵکانە بە نووسراوی ژمارە (٦٩٠١) لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٤/٢٨) و نووسراوی ژمارە (٥٨٠٣) لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٤/٨)ی زایینی و هەم کارکردن بۆ گەڕانەوەیان بە پێی نووسراوی ژمارە (١٩٥١٣) لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/١١/٥) ی زایینی لە ڕێگای ئاگادارکردنەوەی دەستەی وەبەرهێنان کە بە نووسراوە فەرمی ئاگادارکراونەتەوە لە پێویستی جێبەجێکردنی یاسای وەبەرهێنان بۆ تەرخانکردنی زەوی لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان بۆ قوتابخانە و باخچەی منداڵان بگەڕێنرێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە و وەك موڵکی گشتی ڕەفتاری لەگەڵ بکرێت. لەگەڵ کارکردن بۆ ئەوانەی ماون و جەختکردنەوەشی لەسەر بەدواداچوونی ورد لە کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوون. هەروەها لەم هەڵمەتەی وەزارەتی پەروەردە هەوڵێکی تر لە دابینکردنی قوتابخانە بۆ خوێندنی قوتابیان لەگەڵ دەزگای (ئیشق) سەر بە کۆمپانیای (فەزالەر) بە ئەنجام گەیشت و ڕێککەوتین لەگەڵ کۆمپانیای ناوبراو، دوای ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە ئەوان (٤) قوتابخانە لە هەولێر و (٢)قوتابخانە لە سلێمانی و (١) قوتابخانە لە دهۆك بەکاردەهێنن بەرامبەر بە دروستکردنی (٧) قوتابخانە لە لایەن کۆمپانیای ناوبراو لەسەر ئەستۆ و بودجەی خۆیان لەبری بەکارهێنانی قوتابخانەکانی ئێستادا بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بە دابینکردنی سەرجەم پێداویستی ئەو قوتابخانانەی کە دروستیان دەکەن بە مەبەستی وەگەڕخستن و خوێندن سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی گشت بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکان بە نووسراوی فەرمی کە ڕێکاری یاسایی بگرێتە بەر بۆ گەڕاندنەوەی ئەو موڵکانە بۆ وەزارەت لە ڕێگەی دادگاکانی تایبەتمەندەوە.

# دابینکردن و دامەزراندنی
# چاپخانە بۆ وەزارەتی پەروەردە

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کاتی قەیرانی دارایی کە دونیا و ناوچەکە و هەرێمی کوردستانیشی گرتەوە، ئاستی چاپی کتێبی لە (٥٠) ملیۆن دۆلارەوە بۆ (٩ تا ١١) ملیۆن دۆلار کەم کردەوە. ئەمەیش پرۆسەیەکی یاساییە و هەر بۆ ئەم مەبەستە بوو کە جەنابی وەزیری پەروەردە بڕیاری دەرکرد بە هاوکاری کەرتی تایبەت چاپخانەیەکی پێشکەوتوو بهێنرێتە کوردستان، ئەمەیش لە پێناو ئامانجی دروستکردنی هەلی کاری زۆرتر لە هەرێم و کەمکردنەوەی خەرجی و بردنەدەرەوەی داهاتی کوردستان دێت، بۆیە وەزارەت لە نووسراوێکی تایبەت بە ناوی "داواکردنی دەربڕینی ئارەزوو بۆ دابینکردن و دامەزراندنی چاپخانە بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان" باسی پرۆژەکەی کرد کە بەم شێوەیە بوو:

ناوی پرۆژە: دابینکردنی و دامەزراندنی چاپخانە بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ دروستکردنی باڵەخانەی چاپخانە لە هەولێر.

دواتر وەزارەتی پەروەردە، ئاگاداری سەرجەم ئەو کۆمپانیایانەی کردەوە کە شارەزایی و پسپۆڕییان لە بواری چاپخانەدا هەیە و ئارەزوو دەکەن بەشداری پرۆژەکە بکەن کە لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت کە داتا و زانیاری و پرۆفایلی خۆیان پێشکەش بکەن بە مەرجێک توانای جێبەجێکردنی پرۆژەی لەم جۆرەیان هەبێت.

# پڕۆژە و پلانی وەزارەت بۆ ڕاگەیاندن

بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی وزارەتی پەروەردە بە مەبەستی دامەزراندنی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی و هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیاکانی (بابلیۆن) و (کۆڕەک) کاری جددی کردووە کە بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

## تەلەفزیۆنی پەروەردەیی:

لەسەر بڕیار و ڕاسپاردەی جەنابی وەزیری پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دامەزراندنی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی . لە هەولێر دروست کرد و پاش بڕیاردانی دروستکردنی لیژنەکە، لەسەر خواستی جەنابی وەزیری پەروەردە، چوار کۆبوونەوەی لەگەڵ کۆمپانیای (مێکاست) ئەنجام درا و لە ماوەی ئەم چوار کۆبوونەوەیەدا بە وردی کار لەسەر تێچوونەکانی دامەزراندنی تەلەفزیۆنەکە کرا بۆ ئەوەی بە گونجاوترین نەرخ و باشترین کوالێتی ڕێگە و پڕۆپۆزەڵێک دەستەبەر بکرێت لەگەڵ ئالیەت و چۆنیەتی جێبەجێکردنەکەی.

بۆیە بەهای تێچووەکەی لەگەڵ کۆمپانیای (مێکاست) دیاری کرا لەگەڵ تێچووی دەستکاری بینای (چالاکی قوتابخانەکان)، کە بەم شێوەیە بوو:

**. کۆی تێچووی گشتی دامەزراندنی ستۆدیۆ و تەلەفزیۆنەکە بریتییە لە: ( ١٤٢,٦٠٨ دۆلاری ئەمەریکی) کە بەم شێوەیە دابەش کراوە:**

یەکەم: کەلوپەلەکانی پەخش بریتییە لە (٧٠,٣٢٧ دۆلاری ئەمەریکی)

دووەم: کەلوپەلەکانی ستۆدیۆ برتییە لە (٤٣,٠٨١ دۆلاری ئەمەریکی)

سێیەم: ڕووپۆشی ستۆدیۆ بریتییە لە ( ٢٩,٢٠٠ دۆلاری ئەمەریکی )

. تێچووی دەستکاریکردنی بیناکە برتییە لە (١٤,٦٢٥,٠٠٠ دیناری عێراقی)

بوونی دوو سەعاتی بەرنامە لە کەناڵ چوار:

لەسەر بڕیاری جەنابی وەزیری پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن کاری لەگەڵ کۆمپانیاکانی (بابلیۆن) و (کۆڕەک) دەست پێ کرد بۆ بوونی (٢) سەعاتی پەخشی ڕۆژانەی بەرنامەی پەروەردەیی کە پاش سێ کۆبوونەوە، ئەنجامەکەی بەم شێوەیە لە پڕۆپۆزەڵێکدا گلێر کرایەوە:

## شوێن و ماوە و کاتی پەخش:

ـ شوینی پەخش بەرنامە پەروەردەییەکە:

تەلەفزیۆنی (کەناڵ چوار) دەبێت.

ـ ماوەی پەخشی بەرنامە پەروەدەییەکە:

ڕۆژانە دوو سەعات پەخش دەکرێت کە دەکاتە لە حەفتەیەکدا چواردە سەعات

## تێبینی:

بە پێی ڕێککەوتنی هەردوو لا و لە درێژماوەدا، هەوڵی درێژکردنەوەی بەرنامەکان بدرێت.

## ـ کاتی پەخش:

کاتی پەخشی دوو سەعاتەکەی بەرنامە پەروەردەییەکان بە دووە شێوە دەبێت:

یەکەم: یا ئەوەتا نێوان سەعاتەکان هەبێت.

دووەم: یا نێوان سەعاتەکان نەبێت.

ئەگەر نێوان سەعاتەکان جیاواز نەبێت، باشتر وایە هەردوو سەعاتە پەروەردەییەکە لە سەعات (٦) تا (٨)ی ئێوارە بێت، بەڵام ئەگەر سەعاتەکان جیاواز بێت، گرنگە کە سەعاتی یەکەمیان سەعات (٦ تا ٧) بێت و ماوەی دووهەمیان سەعات (١٠)ی شەو بێت.

وەک وەزارەتی پەروەدە، پێمان باشە هەردوو سەعاتی بەرنامەکانمان لە دووی یەکتری بن نەوک جیا بکرێنەوە، بەو مەرجەی کە تەلەفزیۆنەکەیش لەگەڵ ئەمەدا کۆک بێت.

## تایبەتمەندییەکانی بەرنامە پەروەردەییەکە:

ـ پرۆگرامەکانی پەخش، تەنیا تایبەت بە پەروەردە دەبن.

ـ پرۆگرامەکان لە ژێر چاودێری و بە فیلتەری وەزارتی پەروەردەدا تێدەپەڕێت.

## تێبینی:

لێژنەیەک وەک وەزارەت کارەکان ڕادەپەڕێنێت کە دواتر لە برگەی لایەنی وەزارەت قسەی لەسەر دەکەین.

ـ کاتی هەر بەرنامەیەك لە نێوان (٣٠ تا ٣٥) خوولەکە و نابێت زیاتر بێت.

. بەرنامەکان گرنگی بە بواری گەشـەی پەروەردە و فێربوون و زانین و لایەنی فێرکاری و هونەری دەدات بۆ تەمەنەکانی نێوان (٤ تا ١٨ساڵ).

تێبینی:

لـە نێـو بەرنامەکانـدا دەکرێـت بەرنامـەی تایبـەت بـە بـاوان و بەخێوکەرانـی قوتابـی و خوێندکاران هەبێت وەک بەرنامەی ئامۆژگاری و ڕوونکردنەوە.

## جۆریەتی پرۆگرامەکان:

. هەواڵ و ڕیپۆرتاژی پەروەردەیی و تایبەت بە وەزارەت

. وانەبێژی تایبەت بۆ قوتابیانی پۆلە نیشتمانییەکان و بەکەلۆری

. وانەبێژی تایبەت بۆ ڕاهێنانی مامۆستایانی باخچەکانی ساوایان و ..

. وانەبێژی تایبەت بە تاقیگەکان

. ناساندنی قۆتابخانەکان لە هەرێمی کوردستان

. باسکردنی مێژووی پەروەردە و خوێندن و نووسین لە کوردستان

. ناساندنی قۆتابی داهێنەر و بەهرەدار و خاوەن تایبەتمەند

. ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و وەزارەتی پەروەردە

. چالاکی زانستی لە نێوان قۆتابخانەکان وەك کێبەرکێ و پرسیار و وەڵام و یاری

. چالاکە وەرزشی و هونەری و هەمەڕەنگ لە نێوان قۆتابخانەکان

. چالاکی فیکری و ڕۆشنبیری و داهینان (پیشەیی)

. بەرنامەی تایبەت بە ئەزموونەکان

. ئاموزگاری و فاسڵی تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی فێرخواز و بەخێوکەرانی فێرخوازەکان

. گفتوگۆ و چاوپێکەوتنی تایبەت و مەیدانی.

## لایەنەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامەکان:

## لایەنی یەکەم:

* وەزارەتـی پـەروەردە، هەنـدێ بەرنامـە تایبەتـی وەک وانەبێژی و ڕیپۆرت و فاسـڵی ئامۆژگاری و هۆشیارکردنەوە بە هاوکاری (تەلەفزیۆنی پەروەردەیی) ئامادە دەکات.

* ئامادەکردنی هێزی لۆجیستی بۆ بەرنامە قەرەباڵغەکان و بەرنامە تایبەتەکان

* بە پێی ئەو لیژنەیەی کە لە لایەن وەزارەتی پەرورەدەوە دیاری دەکرێت بۆ بەڕێوەبردنی

کارەکانی بەرنامەکە، دەبێت ڕۆژانە و بە چوار سەعات پێش پەخش، خشتەی بەرنامەکان و کاتبەندی بەرنامەکان دیاری بکات.

## لایەنی دووەم:

* ستۆدیۆکانی کەناڵی چوار بۆ بەرنامەی تایبەت و چالاکییە هونەری و زانستی قەرەباڵغ بەکار بهێنێت.
* بەرنامەی پەخشی ڕاستەوخۆ هەبێت بۆ گفتوگۆی تایبەت.
* دابینکردنی کامێرامان و مۆنتێر و دەرهێنەر و ستافی تایبەت بە بەرنامەی نێو ستۆدیۆ و بەرنامە و چالاکی گەورە و ڕیپۆرتاژەکانی دەرەوە.
* بەکارخستنی کەلوپەلی پێویست بۆ دروستکردنی بەرنامە و ڕیپۆرت و چالاکییەکان هەر لە کامێراوە تا کاتی مۆنتاژ و پەخشی بەرهەمەکە.

# پەروەردەی تایبەت لە وەزارەتی پەروەردە

وەزارەتـی پـەروەردەی حكومەتـی هەرێمی كوردسـتان لەسـاڵی (٢٠٠٦) ەوە دەسـتی كردووە بە جێبەجێكردنی بەرنامەی پەروەردەی تایبەت كە پێكهاتووە لە كۆمەڵێك بەرنامە و پرۆگرامی پەروەردەیی و پیشكەش بەو كەسانە دەكرێت كە كەمتوانا و خاوەن پێداویستی تایبەتن. بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی تایبەت كە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێركردنی بنەڕەتیە كراوەتەوەو چەندین ڕێنمایی تایبەتی دەركردووە وەك بنەمای ئەرك وكارەكانی سەنتەرو هۆبە و مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و ئەزموونەكانی قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەڕێگەی دوو بەنامەی سـەرەكی كـە یەكێكیان(بەرنامـەی پـەروەردەی پێشـوەختە) جێبەجێكردنـی بەرنامـەی پۆرتاج(PORTAGE) لە بنكەو سـەنتەرەكاندا، دووەمیشـیان(پەروەردەی بەرفراوانە) لە قوتابخانەو باخچەكانی مندالان. سەرەتا بە هاوكاری چەند ڕێكخراوێك وەك ڕێكخراوی (ئەكۆرنـی هۆڵەنـدی) و (INTERSOS) و (مامۆسـتایەكی نیوزلەنـدی CAREN) و (ئۆپەرەیشـن مێرسـی) و(ڕێكخراوی میدس) هاوكار بوون بۆ بەرنامەو كردنەوەی خول بۆ مامۆستایان.

دواتـر، بـە ڕاوێژكـردن لەگەڵ سـەرجەم وەزارەتـە پەیوەندیـدارەكان و بەڕێوەبەرایەتییە گشـتییەكانی وەزارەتی پەروەردە ڕەشنووسـی كارنامەی كار و سیسـتەمی پەروەردەی تایبـەت ئامـادە كـرا بۆ دیراسـەتكردن و وەرگرتنی راو سـەرنج و رەزامەندییان لەسـەر رەشنووسـەكەو ئەنجامدانـی یەكـەم كۆبوونەوەی فراوانی پەروەردەی تایبەت مەبەسـتی كۆبوونەوەكـە گفتوگۆكـردن بـوو لەسـەر رەشنووسـی ئامادەكـراوی كارنامـەی كاری پـەروەردەی تایبـەت كە بۆئەم مەبەسـتە بڕیاری پێكهێنانـی لێژنەیەكی باڵای هەماهەنگی بۆ پەروەردەی تایبەت درا.بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە(١٦٢٨) لەڕێكەوتی ٢٠١٥/٢/١ فەرمانی وەزاری وەزارەتی پەروەردە بۆ پێكهێنانی لێژنەی باڵای هەماهەنگی بۆپەروەردەی تایبەت دەرچوو كە پێك هاتبوون لە لایەنە پەیوەندیدارەكانی (لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بـاڵا و كاروبـاری كۆمەڵایەتـی لـە پەرلەمانی كوردسـتان و وەزارەتەكانی (تەندروسـتی، كاروكاروبـاری كۆمەڵایەتـی، خوێندنـی باڵاوتوێژینـەوەی زانسـتی، ڕۆشـنبیری و لاوان)

سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی وەزارەتی پەروەردە، ڕەشنووسی کارنامەی کار و سیستەمی پەروەردەی تایبەتیان پەسەندکردووە. دوای پەسەندکردن وپێداچوونەوەی لەلایەن لێژنەی باڵاوە بەنووسراوێکی فەرمی نێردرایە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان بۆ وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی، دواتر بەنووسراوێکی فەرمی نێردرایە ئەکادیمیای کوردی بۆ یەکخستنی زاراوەکان و پەسەندکردنی، ڕەزامەندیان داوە و پەسەندیان کردووە.

دوای پێکهێنانی لێژنەی باڵای هەماهەنگی پەروەردەی تایبەت چوار کۆبوونەوە ئەنجامدراوە لە (٢٠١٥/٤/٢ تا ٢٠١٥/٤/٢٧). لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٢/١) ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەگەڵ دەرچووانی (کۆلێژی پەروەردە/بەشی زانستە پەروەردەیی و دەروونییەکان/ لقی پەروەردەی تایبەت) بە ئامادەبوونی ئەندامانی لێژنەی باڵای دامەزراندنی مامۆستایان بە گرێبەست و ئامادەبوونی ئەو(٤١) کەسەی دەرچووانی کۆلێژی ناوبراو بە مەبەستی دامەزراندیان بەمامۆستا. دواتر بەفەرمانی وەزاری ژمارە(٥٢٩٣) لە (٢٠١٥/٤/١) فەرمانی دامەزراندیان بۆ دەرچوو.

هەروەها ڕێکخستنی کارنامەیەك لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ کردنەوەی بەشی پەروەردەی تایبەت لەزانکۆکانی هەرێم.

ئامادەکاری دەکرێت ڕەشنووسەکە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە بۆ پەسەندکردن و بڕیاردان لەسەر بەرزکردنەوەی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ڕەزامەندی و پەسەندکردن و کارپێکردنی. لە دانانی سیستەمی باخچەی منداڵان بە جۆرێك لەو سیستەمەدا دەبێت ماف و پێویستیەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە بەرچاو بگیرێت، ئەو بڕگانە چەسپێندران. ئەنجامدانی چەندین چالاکی جۆراو جۆر لە ڕۆژی جیهانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت (١٢/٣) لە قوتابخانەو سەنتەرەکان. هەروەها ئەنجامدانی ماراسۆن بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە شاری هەولێر لە بەرواری (٢٠١٥/١٢/١٠) بە هەماهەنگی لەگەڵ قوتابخانەی کەنەدی. تیایدا نزیکەی (٢٠٠) کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت بەشداربوون.

# ئاماری گشتی پەروەردەی تایبەت بۆ ساڵی 2016/2015

| ژمارە | پارێزگا | ژ.قوتابخانە | ژ.مامۆستا | | | ژ.قوتابی | | | ژ.سەنتەر | ژ.مامۆستا | | | ژ.قوتابی | | | گرفتەکان | | | | | | | | | | | | | | | | | | ژ.سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | گەشە | ADHD | ڕەفتاری | نابیست | کەم بیست | نابینا | فیزیایی | سندرۆم | فێربوون | هەڵچوون | کەم ئەندام | نوتق | نوسین | ئۆتیزم | نیفلیج | ماسوولکە | کەم ژیری | هتد | |
| 1 | هەولێر | 100 | 8 | 21 | 29 | 577 | 314 | 891 | 1 | 1 | 3 | 4 | 15 | 9 | 24 | 41 | 19 | 13 | 12 | 42 | 54 | 35 | 9 | 179 | 20 | 33 | 48 | 21 | 23 | 5 | 36 | 14 | 276 | 1 |
| 2 | سلێمانی | 230 | 27 | 52 | 79 | 825 | 424 | 1249 | 5 | 9 | 16 | 25 | 146 | 66 | 212 | 63 | 88 | 33 | 29 | 38 | 30 | 45 | 73 | 286 | 15 | 53 | 90 | 15 | 73 | 8 | 122 | 130 | 270 | 26 |
| 3 | دهۆك | 128 | 85 | 52 | 137 | 832 | [illegible] | 1340 | 1 | 1 | 6 | 7 | 9 | 6 | 15 | 38 | 24 | 49 | 23 | 112 | 150 | 96 | 10 | 305 | 31 | 12 | 102 | 21 | 25 | 15 | 58 | 69 | 200 | 28 |
| 4 | هەڵەبجە | 39 | 15 | 7 | 22 | 170 | 102 | 272 | 1 | 3 | 5 | 8 | 14 | 17 | 31 | 15 | 7 | 9 | 8 | 16 | 18 | 11 | 2 | 31 | 1 | 8 | 32 | 1 | 11 | 3 | 17 | 7 | 75 | 8 |
| 5 | گەرمیان | 78 | 0 | 0 | 0 | 442 | 264 | 706 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 31 | 40 | 43 | 7 | 14 | 104 | 40 | 1 | 104 | 14 | 19 | 83 | 2 | 4 | 4 | 16 | 12 | 168 | 0 |
| 6 | کەرکوك | 45 | 0 | 0 | 0 | 303 | 108 | 411 | 1 | 0 | 2 | 2 | 16 | 4 | 20 | 27 | 22 | 10 | 7 | 27 | 9 | 14 | 1 | 164 | 10 | 4 | 38 | 21 | 11 | 5 | 21 | 35 | 1 | 0 |
| کۆی گشتی | | 620 | 245 | | | 4869 | | | 9 | 39 | | | 302 | | | 215 | 200 | 157 | 86 | 249 | ## | ## | 96 | 1069 | 91 | 129 | 393 | 81 | 147 | 40 | 270 | 267 | 990 | 63 |

| ژ.سەرپەرشتیار | ژ.چاودێر |
|---|---|
| 10 | 157 |

کۆی گشتی قوتابیان : ٥١٧١

کۆی گشتی مامۆستایان :284

Page 1

# پلانی وەزارەتی پەروەردە
# بۆ خوێندنی ئایینی

## پێشەکی:

دوا بە دوای بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە بارەی گواستنەوەی قوتابخانە ئایینیەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، بۆ سەر وەزارەتی پەروەردە، دەست بەجێ وەزارەتی پەروەردە لە سونگەی هەست کردن بە بەرپرسیارەتی و گرنگی پێدانیان لە سەرەتای ساڵی خوێندنی (٢٠١٥ ـ ٢٠١٦) تەواوی قوتابخانەکان لە ژێر بریارو فەرمانەکانی وەزارەتی پەروەردە درێژەیان بە خوێندن دا. بەرێز(د.پشتیوان سادق) وەزیری پەروەردە سەرەرای ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوە لەگەل ئەنجومەنی وەزارەت و بەرێوەبەرەکانی گشتیی و تەواوی بەرێوەبەرە قوتابخانەکانی ئایینی کە کۆبوونەوەکان تایبەت بۆن بە پێشنیارو پێشخستن و چارەسەری گیروگرفتەکانیان لە هەمان کات لە نزیکەوەش لە ڕێیی بەرێوەبەری خوێندنی ئیسلامی سەر بە وەزارەتی پەروەردە بەدواداچونی بەردەوام دەکات بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی خوێندنی ئایینی لە هەرێمی کوردستان و هەروەها ئاگادار بوون لە کێشە و گیروگرفتەکانیان.

## پلانی وەزارت بۆ خوێندنی ئیسلامی:

١. ئەنجامدانی کۆنفرانسێك لە شاری هەولێر بۆ ساڵی (٢٠١٦ ـ ٢٠١٧) کە تێدا تەواوی پرۆگرامی قوتابخانە ئایینەکان دەگۆردرێت کە دانانی پرۆگرامەکە لەلایەن دەستەیەکی مامۆستا و زانا و دکتۆر و پرۆفیسۆری سەردەمیانە دەنوسرێتەوە و ئامادە دەکرێت، بریارە لەم کۆنفرانسە بخرێتە روو ڕاو سەرنج و تێبنیەکانی ئامادەبوان.

٢. دەرهێنانی قوتابیان لەو کەشەداخراوە فیقهبەی و لەبەرامبەردا زۆرترین چالاکی تەرفیهی و هەروەها شوێنە گەشتیارەکانی کوردستان. لە هەمان کات گفتوگۆ لە نێوان ئەوان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دروست دەکرێن..

٣. لە پلانی وەزارەت هاتووە کە گرنگیەکی زۆر بە وانە زانستیەکان و پیکەوە ژیان و ڕۆشنبیری ئایینەکان و مافەکانی مرۆڤ و مافی ئافرەت دەدرێت لەم قوتابخانە.

٤. هاوتاکردنی بروانامەی دەرچووانی (١٢) ئامادەیی خوێندنی ئیسلامی بەرامبەر بە دەرچووانی (١٢) ویژەیی سەر بە وەزارەتی پەروەردە،دوای پەسەند کردنی پروگرامی نوێ.

٥. دوای پەسەندکردنی خالی یەکەم، هەوڵی ئەوە دەدرێت لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی، کە دەرچووانی (١٢) ئامادەیی تەنها لە کۆلیژی زانستە ئیسلامیەکان وەرنەگیرێن بەڵکو سەرەرای ئەم کۆلیژە لە کۆلیژەکانی (یاسا و بەشی پەروەردەی عەرەبی لە کۆلیژەکانی پەروەردە و ئاداب و بەشی فەلسەفە و چەند پەیمانگەیەك وەربگیرێن.

٦. ڕێکخستنی میلاك و ماموستایان و وانەبێژان هەروەها دامەزراندنیان بە پێی پێویستی قوتابخانەکان.

٧. نۆژەن کردنەوە و بەرفراوان کردنی ئەو قوتابخانانەی کە بەهۆی کۆنی و یان زۆری قوتابیەکان کێشەیان هەیە.

٨. دابین کردنی تەواوی پێداویستیەکانی خوێندن بەبێ جیاوازی لە سەرەتای ساڵی نوێی خوێندنەوە.

٩. بەهۆی تایبەتمەندی قوتابخانەکانەوە لە ڕووی جلوبەرگەوە لە ساڵی داهاتوی خوێندن هەوڵی یەکپوشی دەدرێت لە تەواوی قوتابخانەکان، کەلەلایەن لیژنەیەکەوە بریاری لەسەر دەدرێت.پێویستە جلوبەرگەگان گونجاو بن لە گەڵ ئەتەکێتی خوێندنی ئیسلامی

١٠. سالانە بە مەبەستی بە هێز کردنی توانای زانستی ماموستایان خولی تایبەتیان بۆ دەکرێتەوە، لە هەمان کات بە پێی پێویستی وۆرك شوپ و سمینار لە مەڕ پێشخستن و گرنگی دان بە ئیسلامی میانرەو ئەنجام دەدرێن.

# الفلسفة و استراتيجية التربية في إقليم كوردستان

يبدأ التغيير في الحياة عن طريق التربية حيث أنها المستقبل، وزارة التربية والتي تعتبر من أكبر الوزارات في حكومة إقليم كوردستان والمتصلة مع كل فرد تمتلك رؤية وفلسفة واستراتيجية خاصة بها للتربية والتعليم. علاوة على ذلك فإن كل خطواتنا مكملة لما بدأنا به في السابق ومع ذلك فإن برنامج وفلسفة وزارة التربية للمستقبل مثمثلة بـ:-

. التعليم في جميع المراحل، التعلم والتطوير المعرفي والقيم والمدرسة ونمو الطلبة هي من أهدافنا لتلبية وتطوير رغبات الطلبة.

. الهدف من النظام التعليمي وفلسفتها عبارة عن مساعدة الاطفال والطلبة للحصول على العلم واساسيات حقوق الانسان مثل تعميم الديمقراطية، السلام، قدسية الحياة، المساواة بين الجنسين، حرية الشخص، مساعدة الاخرين، التعايش مع الاخرين، الحفاظ على البيئة و الابتعاد عن الافكار المتطرفة.

. على المدرسة أن تعمل لدعم وتطوير الطلبة لتقوية شخصياتهم وخلق مواطن مبدع و ذو قابلية وفعال وصاحب قرار.

. وزارة التربية تعمل على ربط التعليم مع سوق العمل عن طريق تربية أشخاص ذوي قابلية ليشاركوا في العمل والسوق والتي تساعد على تطوير إقليم كوردستان. ولاجلها تم استحصال موافقة مجلس الوزراء لبناء (٣) ثلاثة مجمعات مهنية متطورة ومعاصرة سعة كل منها نحو (٥٠٠٠)خمسة الاف طالب وطالبة سنويا حيث أن يتم بلورة مناهجها التعليمية بالتعاون مع منظمة اليونسيف مع أشراك عدد من الوزارات الاخرى في حكومة الاقليم.

. عملية تعليم الطلبة هي من المحاور الرئيسية بشكل يتوافق مع قانون وزارة التربية الجديد.

. الاهتمام بتدريب المعلمين هي من اولوياتنا، إضافة الى أن تنظيم الموارد البشرية و تحقيق العدالة في الحصص الدراسية لكل معلم هي من ضمن خطتنا وسوف نستمر في

هذا الاتجاه الى أن تتحقق المساواة والعدالة فيها.

- في نظام وزارة التربية هناك مساواة بين الجنسين في جميع الحقوق والمهام ولاوجود لاي نوع من العقوبات الجسدية والنفسية للطلبة وفي حالة حدوثها تكون المدرسة هي المسؤولة عنها. من الواجب العمل على أنشاء مجتمع متساو،مدني، صحي، متعدد قابل للاستجابة مع تغييرات العالم الحديث. شعب كوردستان يمتلك تاريخ عريض مع الحرية وتعرض الى ظلم واضطهاد كبيرين علاوة على الكوارث والمتمثلة بالقصف الكيماوي على حلبجة والانفال والجينوسايد ومع هذا لم يصل الى الاستقلال وحق تقرير المصير رغم أنها حق قانوني ودولي وبند من بنود المعاهدات الدولية ومما لاشك فيه هناك العديد من المبادى القانونية والتأريخية والسياسية والتي تعطي الحق الكامل لاقليم كوردستان لاعلان الاستقلال، هذه العلمية تحتاج الى زرع الروحية الوطنية والاخلاص لكوردستان لذلك فأن نظام وزارتنا تحاول تربية جيل مستقل مؤمن بالديمقراطية ومخلص للشعب والوطن.

التعليم للجميع بدون تفرقة. وزارة تربية حكومة إقليم كوردستان العراق توفر التعليم لجميع سكان الاقليم ومسؤولة عنها. كل طفل بعمر (٦)ست سنوات بدون النظر الى الحالة الاجتماعية، السياسية، الجنس، الدين، القابلية حيث يتم توفير جميع التسهيلات والمستلزمات مجانا في المدارس والمعاهد الحكومية ومن هذا المنطلق فأن وزارة التربية تساعد اللاجئين والنازحين القادمين الى الاقليم وبالتعاون مع المنظمات الدولية والمحلية لكي لاينقطعوا عن العملية التربوية. في الحقيقة أن حكومة الاقليم تتبع هذه الفلسفة لكسر الفروقات الشخصية والقومية في الاقليم. التعليم وطرق التدريس والتعليم يجب أن تكون على قدر كافي من التنظيم وفي الناحيتين النظرية والعملية بحيث تحقق رغبة الطلبة وتزودهم بالفائدة العلمية. حيث أن من مهام المدرسة وبالتحديد المدير والهيئة التعليمية توفير التنظيم الاداري والفني الجيد والمسؤول لمساعدة الطلبة في الحصول على مفاتيح العلم والمعرفة وخلق شخص يحس بالمسؤولية وفعال في المجتمع. كل هذا المهام على المدرسة أن تقوم بها لانها تعتبر من الوحدات المهمة إن لم تكن أهمها حيث تلعب دورا مهما في أبداع الطلبة.

ولأن معظم الطلبة في إقليم كوردستان من الاطفال واقل من عمر ١٨ سنة لذلك فان السماح بالفكر الحر والفعال والحس بالمسؤولية في هذا العمر هي من العوامل المهمة

للانسان والمجتمع. لذلك فإن المدرسة والمجتمع وعلى الخصوص الاباء والامهات يجب أن تكون بينهم علاقة وطيدة و مستمرة من الناحية التربوية والعلمية حيث لا يمكنهما التطوير بالعملية التربوية بدون بعضهم البعض. مدير المدرسة والمعلم هما الممثلان الفعالان لانجاح هذه المهمة، علاوة على دور الباحث الاجتماعي و الكوادر الصحية للحد ومعالجة المشاكل. كل هذا يجعلنا أن نقوي النظام التربوي الموجود وان نجري التغييرات اللازمة والمطلوبة عليها.

- تحضير مشروع قانون ( حسب قانون وزارة التربية الجديد ) بالاستفادة من مشاريع القوانين السابقة وذلك لطرحها في برلمان كوردستان سنة ٢٠١٥ و بالتعاون مع لجنة التربية والتعليم العالي في البرلمان لاتمام هذه العملية.
- ترشيق المديريات والاقسام والشعب الموجودة في أطار وزارة التربية وتنظيم الموارد البشرية واوقات الدوام، تفعيل الاشرف التربوي وجعلها وحدة مستقلة، الاهتمام بالنظام الامتحاني بشكل عام ( طرق الامتحانات وتوزيع الدرجات ) وتنظيمها بحيث تعطي الصورة الواضحة للمستوى العلمي للطلبة وتزيل التردد والارتباك والشكوك لدى الطلبة.
- من الواضح أن المناهج التربوية هي محل نقاش دائم من قبل جميع الجهات لانها تعتبر المراة التي تعكس الرؤية والفلسفة والثقافة والرغبات والاحتاجات في المجتمع. لذلك من الضروري وضع أطار وطني حيث أن الوزارة تمتلك خارطة طريق واضحة لطبع الكتب المدرسية والمنهجية في داخل الاقليم ووضع جميع المناهج الدراسية على الموقع الالكتروني للوزارة بحيث يتسنى للطلبة استحصالها بسهولة.
- سوف تقوم وزارة التربية في المستقبل القريب وبالتعاون مع القطاع الخاص بانشاء مطبعة متطورة قادرة على طبع الكتب داخل الاقليم وبكلفة أقل مما هي عليها الان حيث كما كانت كلفة طبع الكتب و المناهج الدراسية سابقا بنحو خمسون مليون دولار لكنها الان تكلف ما بين ٩ الى ١١ مليون دولار.
- الاهتمام بالقطاع الخاص ولكن مع اختلاف في اصدار تعليمات وشروط جديدة من ناحية الابنية، الجودة، وكفاءة المعلمين وليس النظر فقط الى الربح في هذا القطاع.
- الاهتمام بالبحث العلمي وانشاء ثقافة الابداع وربطهما معا، الاهتمام بالمكتبات كمصدر موثوق للمعلومات وانشاء قناة تلفزيونية تربوية ليتسنى لنا بث رسالة التربية الى المجتمع بشكل عام والى الادارات المدرسية والهيئة التعليمية بشكل خاص. يجب أن تكون اللغة الكوردية الهوية القومية لكوردستان والاهتمام بها بشكل علمي في المناهج الدراسية.

ولذا سوف نقوم بأنشاء لجنة خاصة مع الاكاديمية الكوردية من أشخاص ذوي خبرة لمراجعة وتنقيح الكتابة باللغة الكوردية حيث تعتبر هذه الخطوة مسؤولية تاريخية على أعتاقنا أمام شعبنا وفي مدة قصيرة سوف نقوم بمراجعة وتنقيح مناهج الاجتماعيات وعلى وجة الخصوص التاريخ ليتسنى لطلبة التعرف على التاريخ الكوردي القديم والمعاصر.

. علاوة على اهتمامنا الغير المنقطع بجميع اللغات والمكونات الاخرى في أقليم كوردستان والتي تعتبر موطن الجميع،حيث أن هذا التعايش السلمي في الاقليم أصبحت كملجا أمن للجميع والتي أصبحت محطة أنظار جميع دول العالم والتي بدورها تعد من أهم الاسباب في دعم كوردستان من قبل المجتمع الدولي في الحرب ضد الارهاب. لذلك نحن نهتم بالدراسة السريانية والتركمانية والعربية والانكليزية حيث أن منهاجنها الدراسية تطبع بكل هذه اللغات أضافة الى وجود العديد من المدارس الدولية.

. لان اللغة الانكليزية هي لغة دولية وعلمية وتكنلوجية لذلك وزارة التربية وللسنة الدراسية الجارية قامت بتدريب (٩٠) معلم ولمدة (٦) أشهر عن طريق جامعة سابيس وعدد أخر من المعلمين عن طريق جامعات أخرى ومعاهد الاعداد والتدريب لنستطيع وللسنة الدراسية ٢٠١٥-٢٠١٦ وذلك لكي تستطيع الوزارة بتغيير ٢٥الى ٣٠ ٪ من مناهج الدراسية لمادتي العلوم والرياضيات وفي السنة الدراسية المقبلة سنحاول أن نزيد هذه النسبة لتصل ٥٠ الى ٧٥ ٪ وبهذه الخطة فأن هذا المشروع الاستراتيجي يصل الى أعلى مستوياته علاوة على أننا سوف نحاول بتغيير المناهج الدراسية لهاتين المادتين في جميع رياض الاطفال في الاقليم.

. قرار حكومة الاقليم بنقل المدارس الدينية والتي كانت تابعة لوزارة الاوقاف والشؤون الدينية الى وزارة التربية. كذلك تهدف الوزارة الى مراجعة وتنقيح المناهج الدراسية للمدارس الدينية وذلك بتشكيل لجنة مؤلفة من(كلية الشريعة في وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، مجمع الفكر الاسلامي، وزارة الاوقاف والشؤون الدينية) علاوة على الاهتمام بالمناهج لتكونة مستوحاة من علم الشريعة والفقه والاهتمام بالعلوم الاخرى لتسليح طلبة المدارس الدينية بعلوم الدين الاسلامي ومعرفتهم باصول وافكار الاديان السماوية الاخرى.

. المحاولة باصدار قانون خاص بحملة الشهادات العليا(الدكتوراة) العاملين في وزارة التربية لضمان استحصالهم على جميع الامتيازات العلمية والمالية كنظائرهم في وزارة

التعليم العالي والبحث العلمي.

- بالتعاون والتنسيق مع منظمات اليونسيف واليونسكو سوف يتم إنشاء مركز التطوير التربوي للدراسات التربوية وذلك لتطوير التربوي في مختلف المجالات وسوف يتم تثبيتها في قانون الوزارة الجديد.

- من اولويات الوزارة الاهتمام باطفال الشهداء الابرار والذين استشهدوا في الحرب ضد التظيم الارهابي والمسمى الدولة الاسلامية.

كل هذه البرامج والمشاريع تتطلب وقتا لتنفيذها، لكن الاهم هو البدء بها رغم وجود معوقات ومشاكل ونقص في البنية التحتية للتعليم من الفصول الدراسية، المختبرات، القاعات، الملاعب الرياضية، المراسم مع أن حكومة الاقليم لم تتردد في بناء المدارس ولكننا مازلنا وفي العشر سنوات المقبلة بحاجة الى بناء اكثر من ٢٠٠٠ مدرسة جديدة.

- بدء الحملة الوطنية لبناء المدارس من قبل الجهات المانحة رغم وجود ضعف فيها ولكن مسودة القرارات لتنظيمها وتفعيلها وتشريع القوانين اللازمة والتي ذكرت في اجتماع الهيئة العليا للتربية والتعليم العالي في شهر نيسان لعام ٢٠١٥ قد تمت قبولها من قبل رئيس حكومة اقليم كوردستان المحترم . إضافة الى قبول ومصادقة مجموعة من القرارات الاخرى لمجموعة من الوزارات والتي تتعلق بفتح معاهد التطوير والتدريب، علاوة اننا سوف نبدأ بالقريب العاجل بحملة وطنية لاعمار مدارس الاقليم ونحن متأكدون أن الكثير من الجهات والشخصيات والتي هي مستعدة لدعم قطاع التربية والتعليم سوف تقوم بدعمنا في هذا المجال.

د. پشتيوان صادق عبدالله

وزير التربية في حكومة إقليم كوردستان

despite having lots of artificial barriers, as we know that the infrastructure is of paramount in education, in our education system we have always reaffirmed our position that the school environment should be safe and schools should be provided with labs, sports field and art classes, notwithstanding that the government has done everything to guarantee the school construction, but it is necessary for the Kurdistan regional government to construct *2000* new school buildings for the next *10* years.

- We have started a national campaign for the construction of new school building with which we hope to receive funds by good-willing people but the campaign is going at a snail's pace though, and we are attempting to organize this responsibility and implement it, particularly as the board of education and of the higher education have convened in *2015*, the recommendations of the ministry of education in this regard were proposed and then they were approved by his excellency the prime ministry and the board members, and also at the same meeting a lot of other recommendations which were made by the ministry of education were approved such as opening new training and development institutes, and besides in the near future we will start a national campaign to renovate schools across Kurdistan region and I am positive that a lot of people are going forward to help and contribute to the education sector, hence new instructions will be issued in the regard.

Dr. PishtiwanSadiq
Minister of education of Kurdistan region

region.

- Since English language is the global and information technology language, this year the ministry of education has training (90) teachers for (6) months at the Sabis university and many more teachers at the other universities and institutes so that this year they can be prepared to teach math and science to some 26% to 30% of the first graders in English Language as for the next year ( 20162017-) we intend to increase this rate to ( 50% or 70%), and this plan will expand in the future, although for this academic year we will try to include all the kindergarten in Kurdistan region.

- The government's decision to devolve the responsibility of religious schools to the ministry of education was the right decision. It has been proposed that a counseling board (comprised of Islamic scholar's union, college of Sharia, Islamic concentration forum, and the ministry of religious affairs) should be formed to review the curriculum so that great importance should not only be laid on religion but it also be laid on other sciences, so the students not only be informed about Islam but they should also be informed about other sciences and religions.

- We will endeavor to pass new laws by the parliament for those holding certificates (particularly Ph.D.) at the ministry of education so they can have the same privileges of those at the ministry of higher education who are holding the same certificate.

- In cooperation with UNICEF and UNESCO we will create educational development centers for research and developing various areas of education and then we will cement this in the new ministerial law.

- The ministry of education assumes responsibility for providing those children whose family have been martyred on the war against terrorwith space, and psychosocial support.

Almost every programmes and projects need time, the implementation is vital

website so that students can easily access it.

- Through some legal processes and in close collaboration with private companies we intend to bring in a state of the art printing into the Kurdistan region, this decision has been taken due to the very fact that we were able reduce the amount of money given to the printing, as previously the total expenditure of printing textbooks was (50) million Dollars but now it somewhere between (9) to (11) million dollars.

- The importance of the private sector should be emphasized, new requirements and instructions should be issued so that quality and teacher qualifications be taken into account, and the intention of the private sector should not merely be making profits.

- To link scientific research, propose laws and educational invention, putting emphasis on library as an archaic way of attaining information, and finally establishing education channel so we can convey our scientific and administrative messages to every part of our community particularly teachers and students.

- Sweet Kurdish language should be a national identity of Kurdistan, education should attach great importance to it, in this regard in coordination with Kurdish Academia we will form a committee from various expertise to review the Kurdish writing and its components and we will form a directoratethat carries a huge burden to review and redesign the social subjects of the curriculum particularly history so that students can be familiarized with the old and new history of the Kurds and other countries.

- Despite the fact that we cared for all of the other existing languages in Kurdistan region a region which is homeland for all of them, the significant and peaceful coexistence has become the source of interest in countries around the world, one of the supporting factors which led to the unity in Kurdistan region against the war of terror was the sense tolerance, hence we have given importance to the Assyrian (Christian) Turkmen and Arabic education, our curriculum is being printed in Kurdish, Arabic, English, Turkmen and Assyrian languages, despite of having many international schools as (PPP) in Kurdistan

in coordination with local and international organizations to receive education. It is through this philosophy which the Government can eradicate inequality. Teaching and learning should be organized both practically and theoretically to benefit students and school duties especially the responsibility of principles and administrative staff should take on responsibilities to help students achievement and prepare them until they are old enough so they can feel their duties and responsibilities have effective role in the society, because schools are institutions where students can think, innovate and take initiatives.

Almost all the students in the education system are considered to be child, and they are under 18, to permit students to think freely and feel their responsibility is very critical at this age for the human being at communities. Schools and communities (especially parents) should have a very robust and continuousrelationship with each other, because educational and scientific aspects of schools and homes are unable to contribute to the process without each other. Principals and teachers are going to be a very vibrant and active characters in achieving these objectives, despite having the role of social workers and health staffs to address the issues.All these reasons persuade us to do changes and reforms.

- Preparation of a law ( according to the new law of the ministry of education) by taking advantage of the previous laws in 2015 in cooperation with the education and higher education committee at the Kurdistan parliament, to accomplish the followings:
- Reducing the number of Directorates, departments in all the DoEs and organizing personnel and teacher training attendance hours systematically, departments of supervision will be more effective and independent, examination system in terms of evaluation (The way of how examination takes place and the papers are scored) will be ameliorated as this is the only way to reveal the students achievement and leave no doubts in their hearts.
- Curriculum in principle is a vital element in education and it is controversial, and this is due to the reason that curriculum is a reflection of philosophy, culture and community demand, therefore a national framework should be designed and the ministry has already built a roadmap on the textbook printing, and convert all the textbooks into an electronic file and publish them on MoE's

of ministers to construct (3) modern compound for TVET, each compound can take in approximately (5000) students annually, in terms of its curriculum which it has been developed and overseen by UNICEF in cooperation with many line ministries, this attempt was also submitted to the council of ministers for approval.

- The intention of the education process is to educate and prepare student which this is essential to the ministry of education and this principle has been reflected in the new ministerial law.

We look at the training, organizing personnel and equal distribution of teaching hours amongst teachers with great importance, we have continual plan for this purpose and for this year we have attempted to implement it and we will continue to do this until equality and justice is attained.

- In the education system, boys and girls are equal and free of any physical and psychological punishment, the ministry would not allow such a thing from ever happening, in case of occurrences of such phenomenon this schools will be held accountable. We need to work towards creating an equal, civil, healthy and multi-dimensional sociality so it can adapt itself to globalization and this era. The people of Kurdistan has a history riddled with sovereignty and faced many oppressions, despite the humongous catastrophes struck this nation such as gassed with chemical weapons,Anfal and Genocide, Kurds has not yet gained their independence and unable to decide on their Destiney, which this in itself is a natural and lawful right enshrined in to the international human rights declaration, there is no doubt that there are many principles, laws , history and policies exist which enables Kurdistan region to declare its independence , and this process needs a passionate and spiritual patriotic believe in Kurdistan and its land, therefore our system strives to educate a generation of self-believe and loyal to its homeland.

Education is for all without any discrimination, ministry of education is responsible for the provision of education for all the population in Kurdistan region. Every child at the age of (6) regardless of his or her social, economic, political, sex, religious backgroundwill be enabled to go to school, and schooling in Kurdistan region is free of charge, in this regard the ministry of education has assisted refuges and those who have willingly come to Kurdistan

# Education philosophy and strategy in Kurdistan region of Iraq

## Transformation will be made through Education, therefore education is the future

Ministry of education as one of the biggest ministry which has impacts on every single individual in Kurdistan region, has its own vision, philosophy and strategy to educate, despite the very fact that our current steps are fulfilling our past attempts, the ministry has designed its philosophy and programmes for the future, which are the following:

- The intention of all levels of education is to educate, promote science and values and evolve schools and students and also to strengthen the devotion and talents of learners.
- The objective of the education system and its philosophical root is to help children and students to achieve science and human values such as a democratic and peaceful country, sacred life, equality between genders and types of individual freedom, helping those in need, coexistence, human rights and opposing the idea of extremism.
- Schools should be working on increasing students achievements and strengthening their characteristics so they could be a creative, capable and active human being who has its own voice in the community.
- The ministry of education will make great strides to link education with the job market, which this will in fact be done through preparing talented people so they can participate in the job market and be a part of development in Kurdistan region, for this reason the ministry has the consent from the council